# له كییه هاردییه‌وه بۆ گۆردن براون

نووسەر:
سلێمان عەبدوڵڵا یونس



زنجیرەی بیری سۆسیال دیموكراتی

٥

١٥٠٠ دینار

# LE KÎYE HARDEYWE BO GORDIN BIRAWN

بیری سۆسیال دیموكرات، ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهاندا، زۆرترین جەماوەرو لایەنگری هەیەو بەباشترین ڕێگە دادەنرێت بۆ پرۆسەی نوێبوونەوەو ئاشتیانەی كۆمەڵو دادپەروەری كۆمەڵایەتی. مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك) بەم زنجیرە لێكۆڵینەوەیە، دەیەوێت، كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان بەم بیروباوەڕە ئاشنا بكات.

ئێمە ئێستا بەرەو كۆنگرەی سێیەم دەچینو دەمانەوێت پێش بەستنی كۆنگرە دەرگای لێدوانو دیالۆگ لەسەر بیری یەكێتی بخرێنە سەر پشت.


لە بڵاوكراوەكانی مەكتەبی بیرو هۆشیاری (ی.ن.ك)

٢٠٠٨

سلێمان عەبدوڵڵا یونس

# لە کییە هاردییەوە
# بۆ گۆردن براون

**کورتەیەک لەدیرۆک و ئەزمونی**
**پارتی کرێکارانی بریتانیا (لەیبەر)**

**٢٠٠٨**

---

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک)

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١

کۆڵانی ـ ٤٤

ژ.خانوو ـ ١

www.hoshyari.org
govarynovin@yahoo.com

ناوی کتێب: لە کییە هاردیەوە بۆ گۆردن براون

نووسینی: سلێمان عەبدوڵڵا یونس

نەخشەسازیوبەرگ: فەهمی جەلال

تایپ: نووسەر

چاپی یەکەم/ ٢٠٠٨ سلێمانی

تیراژ: (٢٥٠٠) دانە

چاپ: دەزگای چاپو پەخشی حەمدی

ژمارەی سپاردن (٦٢١) ساڵی ٢٠٠٨

ژمارەی زنجیرە: (٢٥٤)

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ک) ساڵی ٢٠٠٨

**پێشکەشە بە(ڕانیە)ی کچم کە دەیان جار بەدیار تاپیکردنی ئەم کتێبەمەوە خەوی لێکەوتووە و دەیان جاریش لەکرتە کرتی تاپیکردنیدا، لەخەوی قوڵی خۆی خەبەرم کردۆتەوە.**

# پێڕست


ئەم زنجیرەیە بۆچی؟ .................................................. ٧

پێشەکی .................................................................. ٩

چۆنیەتی دەستپێکردنی پارتی لەیبەر ............................ ١٥

یەکەمین حکومەتی لەیبەر ........................................... ٢١

دووەمین حکومەتی لەیبەر ........................................... ٢٦

هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٤٥ و سەرکەوتنە بەرچاوەکەی لەیبەر ....... ٣٢

لەیبەر لەسەردەمی (هارۆڵد ویڵسن)دا ............................ ٣٩

لەیبەر لەسەرەتای حەفتاکاندا ....................................... ٤٣

کێشەی نێوان باڵی چەپو باڵی راست ............................. ٤٨

سەردەمی نێیل کینۆك سەردەمی پێداچونەوە بە سیاسەتی لەیبەر . ٥٩

تۆنی بلێرو لەیبەری نوێ ............................................ ٧٤

دەست لەکارکێشانەوەی بلێرو هاتنی گۆردن براون ................ ٨٧

لەیبەرو خەڵك ........................................................ ٩٨

سیاسەتی هەماهەنگی نێودەوڵەتیی لەیبەر ....................... ١٠٠

دیدی جیهانیی لەیبەر ............................................... ١٠١

لەیبەرو گروپی پارتە سۆسیالستەکان لەپەڕلەمانی ئەوروپی ....... ١١٣

یەکییەتی کرێکاران .................................................. ١١٩





سیاسەتی لەیبەر سەبارەت بەمەسەلەی کۆچو پەنابەریو پەنابەران . ١٢٧

سیاسەتی لەیبەر سەبارەت کەمکردنەوەی تاوانو چەسپاندنی دادپەروەری ........................................ ١٣٢

پەروەردەو خوێندن لەسیاسەتی لەیبەردا ........................ ١٣٩

سیاسەتی لەیبە سەبارەت بەخێزانوخانەنشینی .................. ١٤٥

خزمەتگوزاری تەندروستی .......................................... ١٥٠

نوێکردنەوەی دیموکراسی ........................................... ١٥٦

بەشێك لە مێژووی لەیبەر لەزمانی وێنەوە ....................... ١٦٣

سەرچاوەکان ........................................................... ١٨١

## ئەم زنجیرەیە بۆچی؟

بیری سۆسیال دیموکرات، ئەمڕۆ لەسەرانسەری جیهاندا، زۆرترین جەماوەرو لایەنگری هەیەو بەباشترین ڕێگە بۆ پرۆسەی نوێبوونەوەو ئاشتیانەی کۆمەڵو دادپەروەری کۆمەڵایەتی دادەنرێت.

مەکتەبی بیرو هۆشیاری (ی. ن. ك) بەم زنجیرە لێکۆڵینەوەیە، دەیەوێت، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەم بیروباوەڕە ئاشنا بکات.

ئێمە ئێستا بەرەو کۆنگرەی سێیەم دەچینو دەمانەوێت پێش بەستنی کۆنگرە دەرگای لێدوانو دیالۆگ لەسەر بیری یەکێتی بخرێتە سەر پشت. سەرەتا بەبڵاوکردنەوەی زنجیرەیەك کتێبو نامیلکە دەست پێدەکەینو پاشان کۆنفرانسێك لەسەر بیری (ی. ن. ك)، کە بتوانێت هەرچی پەیوەندی بەبیری یەکێتییەوە هەیە بۆ کۆنگرە گەڵاڵەی بکاتو لەوێ دوا بڕیاری لەسەر بدرێت.

ڕاستیەکی گشتی زانراوە، بیروباوەڕ لەناو کۆمەڵدا، بەبەردەوامی لەململانێو زۆرانبازیدایە. هێزێکی سیاسی دەبێ لەبواری بیردا زۆرایەتی بەدەست بهێنێتو توانای سەلماندنو بڕواپێبوون، مسۆگەر بکات، ئینجا دەتوانێت سەرکەوتنی سیاسی دەستەبەر بکات.



بیری سیاسی بۆ ئێمە، ئەمڕۆ لەهەموو ڕۆژێکی تر، گرنگترە. سستیو کەمتەرخەمیو پشتگوێ خستنی بیر زیانی گەورە لەخەباتی ئێمە دەدات.

**مەکتەبی بیرو هۆشیاری**

**(ی. ن. ك)**

**٢٠٠٧/١٠/١**

# پێشەکی

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە نێو کۆمەڵگای بریتانیدا گۆڕانکارییەکی گەورەو گرنگ لەڕووی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و خەباتی دیموکراتی و پەرلەمانیدا هاتە ئاراوە، ئەویش لە دایکبوونی پارتێکی چەپی میانڕەو بوو، کەدواتر بە پارتی کرێکارانی بریتانیا (لەیبەر پارتی) خۆی ناساند.

دروستبوونی پارتی کرێکارانی بریتانیا دەتوانرێت بە ئاسانی لەدروستبوونی تەواوی پارتە سیاسییەکانی دیکەی ئەو وڵاتە جیابکرێتەوە، چونکە لەڕاستیدا دروستبوونی ئەو پارتە بەشێوەیەکی قۆناغ بەقۆناغ و لەسەرخۆ بووە، بەپێی هەلومەرجە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و پیشەسازییەکەی ئەو قۆناغەی کۆمەڵگای بریتانی، ا دروستبوون و گەشەکردنی ئەو پارتە وەکو زەرورەتێکی مێژوویی لەنێو کۆمەڵگای بریتانیدا دەرکەوتووە.

ئەگەرچی لەیبەر لەسەدەی بیستەمدا تەنها لەچەند ماوەیەکی کورت و بۆ چوار جار فەرمانڕەوایی وڵاتی گرتۆتە دەست، بەڵام لەڕاستیدا دەسکەوتەکانی ئەو پارتە و ئەزمونی مۆدێرنی فەرمانڕەوایی ئەو پارتە لەو سەدەیەدا بوون بەشۆڕشێکی گەورە



لەژیانی یەک بەیەکی بریتانیەکاندا. سیاسەتی مۆدێرنیزەکردن و ڕیفۆرمی ئەو پارتە لەم سەدەیەدا زیاتر گرنگییان دەرکەوت، بەتایبەت کەئەو پارتە بەشێوەیەکی لێبڕاوانە توانی ئەو سیاسەتانەی خۆی لەمەڕ مۆدینیزەکردن و ڕیفۆرم و دیموکراسی جیهانی و دادپەروەری بۆ نێو یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپا و لەوێشەوە بۆ کیشوەرەکانی ئەفریقیا و ئاسیا و ناوچەی پڕ لەقەیرانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرانسەری ئەم جیهانەش بگوازێتەوە.

لەیبەر پارتێکی دیموکراتی سۆسیالستە، سیاسەتەکانی ئەو پارتە لەڕێگەی دەزگایەکەوە دادەڕێژرێن کەپێی دەگوترێت (هاوبەشێتی لە دەسەڵاتدا.پی.ئای.پی). ئەم دەزگایە بەشێوەیەکی وا داڕێژراوە تا هەموو گروپە هاوبەشەکانی نێو دەسەڵاتی لەیبەر، لەوانە (ئەندامانیلەیبەر، پارتە نێوخۆییە ئەندامەکانی نێو لەیبەر، یەکییەتییەکانی کرێکاران، کۆمەڵگا سۆسیالستیەکان و نوێنەرایەتیەکانی لەیبەر) بتوانن بەشداری ئەو پرۆسیسە بکەن و لەداڕشتنی سیاسەتەکانی ئەو پارتەدا بەشداربن. هەر لەڕێگەی ئەو دەزگایەشەوە کەلەیبەر لەکۆنفرانسی ساڵی ١٩٩٧ بەناوی (پی.ئای.پی)یەوە واتە (هاوبەشێتی لە نێو دەسەڵاتدا) ڕایگەیاندووە، ئەو پارتە توانیویەتی بەرفراوانترین کۆمەڵگا بەشدار بکات لەوێناکردنی سیاسەتەکانی خۆیداو پشتیوانیکردن لە

بنیاتنانی باشترین پەیوەندی لەنێو هەموو بەشەکانی لەیبەر لە هەموو وڵاتدا کە ڕێکخستن و پەیکەری ڕێکخراوەیی ئەو پارتەی تێدا دامەزرێنراوە، کەئەوانیش سێ هەرێمن لەکۆی چوار هەرێمەکەی بریتانیای گەورە، کەبریتین لە هەرێمەکانی ( ئینگلاند، سکۆتلاند و هەرێمی وێڵز) .

لەساڵی (١٩٩٧)وە ئەرکی دەزگای (پی.ئای.پی)ە کە پرۆگرامێکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی سیاسەتی لەیبەر، مانیفێستۆی ئایندەی ئەو پارتە، دابڕێژێت و لەنێوان حزب و حکومەتیشدا بەدرێژایی ساڵ دیالۆگێکی بنیاتنەرانە بەرپا بکات. لەڕاستیدا لەیبەر لەدوای ڕاگەیاندنی (پی.ئای.پی)ەوە توانیویەتی بەشێوەیەکی کاراتر ڕەنگرێژی سیاسەتەکانی خۆی بکات و لەدوو خولی لەسەریەکی دوای دامەزراندنی (پی.ئای.پی)ش هەڵبژاردنە گشتیەکانی وڵات بباتەوە و وەکو تاکە پارتی فەرمانڕەوا، حکومەتی وڵات بەڕێوەبەرێت. دەزگای (پی.ئای.پی) کاراترین دەزگای لەیبەر پارتییە کە زیاتر لە (٤٠٠٠) چوار هەزار گروپ و ڕێکخراوو گردبوونەوەی جۆربەجۆری ژێر چەتری لەیبەر پشتیوانیی لێ دەکەن. ئەو دەزگایە سەرپەرشتی ( کۆنفرانسی ساڵانە)ی لەیبەر دەکات و دەستنیشانی (کۆمیتەی سیاسەتی هاوبەش) دەکات کە کۆمیتەیەکی گرنگە و ستراتیژی کۆمیتەکەش بریتییە



لەچاوخشاندنەوە بەچۆنیەتی گەشەکردنی سیاسەتی حزب، کەلەلایەن کۆمیتەکەوە داڕێژراوە و لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە سەرپەرشتی دەکرێت. هەر لەکۆبوونەوەکانی (کۆمیتەی سیاسەتی هاوبەش) چڕوپڕترین دیالۆگ لەسەر کۆی گشتی سیاسەتەکانی لەیبەر لەلایەن ئەندامەکانیەو کەپێکهاتوون لەئەندامانی حکومەت و ئەندامانی کۆمیتەی ڕاپەڕاندنی نیشتیمانی (ئێن.ئی.سی) و یانەی سیاسەتی نیشتیمانی (ئێن.پی.ئێف ) سازدەکرێن.

یانەی سیاسەتی نیشتیمانی یەکێک لەکلیلە هەرە بەهێزەکانی پرۆسیسی سیاسیی دەزگای (پی.ئای.پی)یە کەتیایدا نوێنەرایەتی (١٨٣) گروپ، لەگروپە هەرە کاریگەرەکانی ژێر چەتری لەیبەر پارتی، لەخۆگرتووە. بەرپرسیارێتی ئەم یانەیە بریتییە لەسەرپەرشتیکردنی پرۆسەی گەشەکردنی سیاسەت لەنێو لەیبەردا. هەربەشێک لەبەشەکانی ئەم یانەیە میتۆدی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامەکانی و پێویستە یانەکەش لەهەر کۆنفرانسێکی لەیبەردا ڕاپۆرتی ڕاوێژکاری و دوا پوختەی ڕاپۆرتی سیاسیی و ڕاپۆرتی ساڵانە لەسەر کاری لیژنە سیاسییەکان ئامادەبکات.

لەیبەر بۆخۆی شۆڕشێکی گەورەیە بۆ بەردەوام نمایشکردنی ڕوخسارێکی دیکەی تازەی ئەو گردبوونەوە سیاسیی و ئایدیۆلۆجیەی کەپێی دەڵێن (حزب). حزبێکە، هەمیشە بەدوای

ژیانێکی سیاسیی بزۆک و مۆدێرنیزەکردنی چەمک و واتاو خەسڵەتە سیاسیی و مرۆیی و ئابوری و مۆراڵیەکانی گوتارە سیاسییەکەی خۆیدا دەگەڕێ. حزبێکە، ئەگەرچی تەمەنی لە (١٠٧) ساڵ تێپەڕیوە، بەڵام دیسان ئەم مێژووە لەنێو مێژووی سیاسەت و دەوڵەتداری وڵاتێکی گەورەی خاوەن دەسەڵاتی بەردەوامی وەکو بریتانیای گەورە (گرەیتەر بریتن)، مێژوویەکی زۆری نییە، ئەگەر ئەم مێژووە بەباڵای دەسکەوت و ئەفراندنە سیاسیی و کۆمەڵایەتیە زەوەندەکانی ئەو پارتە لە بریتانیا و ئەوروپا و جیهانیشدا بەراورد بکرێت.

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، قسەکردن و نوسین لەسەر پارتێکی زیندووی وەکو (لەیبەر پارتی)، کەئیمڕۆ یەکێک لەپارتە گەورە و بەدەسەڵاتەکانە لەسەر ئاستی هەموو جیهان، کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەت قسەکردن لەسەر (مێژوو و ئەزمون)ی ئەو پارتە کە لەوانەیە زیادەڕۆیی نەبێت کەبڵێین، لەهەر چرکەیەکدا ئەو پارتە توانیویەتی مێژوویەک لەسیاسەت و ئەزمونی نوێ بۆ خۆی تۆمار بکات.

بێگومان ئەو کارە کارێکی ئەستەمە، چونکە تیکۆشانی لەیبەر و مێژووی دوورو درێژیان، لەدووسەدەی گرنگی جیهانی نوێدا، تەنها لەسنوری نیشتیمانێکدا قەتیس نەبووە، کە ناوی (شانشینی یەکگرتووی بریتانیای گەورە)یە، بەڵکو هەڵپەکانی ئەو پارتە



لەسیاسەت و فەرمانڕەوایێتیکردندا بەرەو کیشوەرێکی زیندووی وەکو خۆرئاواو لەوێشەوە بۆ هەموو قوژبنێکی فەرمانڕەوایی لە گێتیدا ملی ناوە، بەتایبەت کەڕێبەرانی ئەو پارتە باوەڕیان بەپەرپینەوەی بیروباوەڕی سۆسیالستی مودێرن و پرنسیپەکانی دیموکراسی و دادپەروەری وەکو دیاردەیەکی جیهانی هەبووە، هەربۆیەشە لەم پێناوەدا لەسەردەستی ئەوان بریتانیا بوو بەپێشەنگی ئەو وڵاتانەی کەخەباتی جیهانی دەکەن دژی هەژاری و بێکاری و ملهوڕیی دەوڵەتە میلتاری و دیکتاتۆریەکان و تێکچوونی ئاسایشی جیهان لەبەردەم هەڕەشەکانی تیرۆریزمدا، کە ئێستا وەکو دیاردەیەکی جیهانی دەرکەوتووە.

ئەگەرچی لەماوەی (٨) ساڵی ڕابردووی نیشتەجێبوونم لەبریتانیا بەخولیاوە بەشوێن ناسین و تێگەیشتنی سیاسەتەکانی و مێژوو و ئەزمونی (لەیبەر)ەوە بووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نیازم نەبوو لەئایندەیەکی وانزیکدا قسەکردن لەسەر ئەو پارتە، بکەم بەیەکێک لەپرۆژەکانی کارکردنم، بێگومان ئەمە وێڕای سەرقاڵیی زۆرم بە دابینکردنی ژیانێکی خوار(هاکەزایی) بۆ خیزانەکەم و بێ ئومێدی منیش وەکو دەیان نوسەری دیکە لە باری خراپی چاپەمەنی کوردی، کەبەداخەوە دۆخێکی وای سەپاندووە کە هیچ نوسەرێک ناتوانێت گرەوی خۆژیاندن لەسەر بەرهەمەکانی بکات. بۆیە نوسەری کورد، بەتایبەت ئەوانەی لە تاراوگە ژیان

بەسەردەبەن لەنێوان درزە کەمەکانی پشودان، کە لەدیوارە زەبەلاحەکانی سەرقاڵیی ژیان لێرەدا دروست دەبن، ناچارە خۆی بخزێنێتە نیو دنیای پڕ لەپەرجوی نوسینەوە، بۆ ئەوەی بەهەر شێوەو نرخێکە جەنجاڵیی ژیانی تاراوگە خواستەکانی بەردەوام بوونی نەکات بەهەڵم.

لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کەهاندەری سەرەکیی زووتر لەدایکبوونی ئەم بەرهەمە، ئەو بەڵێنەم بوو کە لەسەرەنجامی چەند گفتوگۆیەکی بەکەڵکدا، بەبراو هاوڕێی ئازیزم (مامۆستا جەعەر ) ی لێپرسراوی مەکتەبی (بیروهۆشیاری)ی یەکێتیی نیشتیمانیمدا، چونکە لەراستیدا ئەگەر ئەو بەڵێنە نەبوایە، کەبەندە لەڕێزو خۆشەویستی زۆرمەوە بۆی، وەکو براو هاوڕێیەک و وەکو مرۆڤێکی ڕووناکبیر و خەباتگێڕێکی دێرینی خاوێن، چوومە ژێر باری، ئەوا ئەم بەرهەمە لەئێستادا لەدایک نەدەبوو.

## چۆنیەتی دەستپێکردنی پارتی لەیبەر

سەرەتای دەستپێکردنی خەباتی لەیبەر بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە هەندێک لە پەرلەمانتارە چەپە ناڕازییەکان لە سیاسەتی لێبراڵەکان و کۆنسێرڤەتیڤەکان ( پارتی پارێزگاران) لە نێو (هاوس ئۆف کۆمۆن) خانەی خوارەوەی پەرلەمانی بریتانیا



گروپێکی فشاریان ڕاگەیاند، کەئامانج لە ڕاگەیاندنی ئەو گروپە گۆڕینی مانای نوێنەرایەتیکردنی پەرلەمان بوو. گۆڕینێک کە دەیخواست پەرلەمان بکاتە دەزگایەکی کارای یاسادانانی نوێنەرایەتیی هەمووان، نەک تەنها هی خاوەن کارو ئەرستۆکراتەکان. ئەم گروپە سەرەتا لە شێوەی ڕێکخراوێکدا نەک پارتێکی سیاسیی دەرکەوتن، ریکخراوێکی بچوک کە تیایدا ئەندامێتی بەشێوە کۆمەڵیەکەی پەیڕەو دەکرا و سوننەتە تەقلیدیەکەی لەوەرگرتنی ئەندامەکانی خۆیدا وەلاوەنا.



پارلەمانی بریتانیا

لە ٢٦ و ٢٧ ی شوباتی ١٩٠٠ دا ئەم گروپە یەکەمین کۆنفرانسی دامەزراندنی لەیبەری لە هۆڵی یادەوەریەکانی لەندەندا (لەندەنس میمۆرپیەڵ هۆڵ ) بەبەشداری ١٠٢ ئەندام بەست. ئەم کۆنفرانسی دامەزراندنە لەسەر ئەرکی (ترەیدس یونیەن گۆنگرێس) واتە گۆنگرێسی سەندیکاکانی کرێکاران بەڕێوەچوو، بەمەبەسەستی لە نزیکەوە تاوتوێکردنی بابەتی نوێنەرایەتیکردن و چۆنیەتی پشتیوانیکردنی گەشەکردنی لەیبەر . ئەم گروپە لەو کۆنفرانسەدا پەیکەرێکی تازەیان بۆ ڕێکخراوەکەیان دروستکرد بەناوی (لەیبەر ڕیپریزێنتەتیڤ کۆمیتی) کۆمیتەی نوێنەرایەتیکردنی لەیبەر، کە لەنوێنەرایەتیی هەموو گروپە سۆسیالستەکانی بریتانیا (پارتی کرێکارانی سەربەخۆ، فیدراسیۆنی سۆسیال دیموکراتەکان، کۆمەڵگای فەبیەن) پێکهاتبوو. ئەمانە هەموویان چووبونە پاڵ سەرکردەکانی سەندیکای کرێکاران بەمەبەستی دروستکردنی ئەم پەیکەرە تازەیەی لەیبەر و سێ کەسیان وەکو ئەندامی پەرلەمان بۆ نوێنەرایەتیکردنی خۆیان لە پەرلەمان هەڵبژارد، کە لەنێویاندا (کییە هاردی ١٨٥٦-١٩١٥ ) سەرۆکی کۆمیتەکە بوو، (کییە هاردی) سۆسیالستێکی بەڕەگەز سکۆتی بوو، هەر لەم کۆنفرانسی دامەزراندنەدا زیاتر لە ٧٠ حەفتا ڕێکخراوی جۆربەجۆر بەمەبەستی دروستکردن و گەشەپێدانی لەیبەر یەکیانگرت، لەوانە



(فیدراسیۆنی سۆسیال دیموکرات، پارتی کرێکارانی سەربەخۆ بەسەرۆکایەتی کییە هاردی، کەیەکەمین چالاکی خۆی لە شاری مانچستەر لەساڵی ١٨٩٢ دەست پێکردبوو، دوای یەک ساڵ لەو مێژووە لەساڵی ١٨٩٣دا بەڕەسمی پێکهاتنی خۆی ڕاگەیاندبوو. ئەو پارتەی هاردی توانیبوی ببێتە خاوەنی ٣٥٠٠٠ سی و پێنج هەزار ئەندام و لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٨٩٥دا ٢٨ کاندیدی هەبێت و ٤٤٣٢٥ چل و چوار هەزار و سێ سەدو بیست و پێنج دەنگ بەدەست بهێنێ و لە هەڵبژاردنی شارەوانیەکانیشدا ٦٠٠ کورسی بۆ خۆی مسۆگەر بکات ) و بەتوندی لەلایەن یەکێتیەکانی لە چەشنی ( سەندیکای کۆمەڵەی خزمەتگوزاری ڕێگا ئاسنینەکان) ەوە پشتیوانیی لێ دەکرا .

ئەم گروپە بانگەشەکردنیان بۆ پارتەکەیان بە دروشمی (پارتێکی تازە لە سەدەیەکی تازە)، کە سەدەی بیست بوو، دەست پێکرد و شێوازی ئەندامێتی بەکۆمەڵیان بۆ هاتنەڕیزی لەیبەر پەیڕەو کردو دواتر توانیان لە سەرەتاکانی هەمان سەدەدا بانگەوازی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و سیاسیی لە نێو کۆمەڵگای بریتانی بەرپابکەن و بۆ ئەم مەبەستەش ئامانجی خۆیان لە چۆنیەتی نوێنەرایەتیکردنی خەڵک لەلایەن پەرلەمانەوە چڕ کردەوە، بە ئومێدی ئەوەی پەرلەمانی بریتانی لە نوێنەرایەتی نوخبەیەکی خاوەن کار و ئەرستۆکراتەوە بۆ نوێنەرایەتی زۆربە

بگۆڕێت، ئەو سیاسەتەی کە لە لایەن (تۆریس) واتە کۆنسێرڤەتیڤەکانەوە فەرامۆش کرابوو، لیبراڵەکانیش بەهۆی سیاسەتە ناواقعیەکانیانەوە لە هێنانەدیی بێ ئومێد ببوون. بەمەش لەیبەرییەکان توانیان هەر لەسەرەتاوە پشتیوانیی خەڵک و یەکێتیەکانی کرێکاران و سۆسیالستەکان بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.



James Keir Hardie

لە هەڵبژاردنی هەمان ساڵدا (١٩٠٠)، کەلە هۆڵی یادەوەرییەکانی لەندەن بەڕێوەچوو، ئەم گروپە توانیان بناغەیەکی



سەرەتایی بۆ لەیبەر دابمەزرێنن، لەمپێناوەشدا سەرکردەکانی لەیبەر پەنایان بۆ سیاسەتی لەیەکدی نزیک بوونەوە برد لە گەڵ پارتی لیبراڵ و بەشێوەیەکی کارا بەشداریان کرد لە چواردەهەمین حکومەتی لیبرالەکان لەساڵی ١٩٠٦ دا. بێگومان لیبراڵەکانیش، کە سەرەڕای ئەوەی زۆرایەتی پەرلەمانیان لە دەستدابوو، مرونەتی زۆریان کێشا بۆ نزیکبوونەوەیان لەگەڵ لەیبەرییەکان و دەیانزانی بەهۆی کارایی و هەڵسوڕاویی سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە تازەیەوە دەتوانن حکومەتەکەیان زیاتر بە هێز بکەن. بەهۆی ئەم نزیکبوونەوەیە لەیبەر توانی حکومەتی لیبڕاڵەکان ڕازی بکات بۆ تاوتوێکردن و چاوخشاندنەوە بەیاسای کرێکاران لەساڵی ١٩٠٦ و موچەی ئەندامانی پەرلەمان لەساڵی ١٩١١. بێگومان ئەمانەش دوو دەسکەوتی گرنگ بوون بۆ لەیبەر لەو سەردەمەدا، چونکە لە لایەک زیاتر متمانەی سەندیکا کرێکاریەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو، لەلایەکی دیکەشەوە قورسایی نوێنەرەکانی لەیبەری لەپەرلەمانی بریتانید ازیاتر کرد.

خۆهەڵواسینی لەیبەر بەلیبراڵەکانەوە لە نێو حکومەت و پەرلەمان دەرفەتی زێڕینی بۆ گەشەکردنی لەیبەر ڕەخساند، بەجۆرێک ناوچەکانی نفوزی لەیبەر لەسەرانسەری وڵاتدا ڕوویان لەزیادی کرد . ناوچەکانی نفوزی لەیبەر لە ٧٣ حەفتاوسێ ناوچەوە گەیشتنە ١٧٩ ناوچە لەساڵی ١٩١٤دا و تەنها پێش

وەستانی شەڕی یەکەمی جیهانی، کەڕێی لە هەڵبژاردنی چاوەڕێکراو گرتبوو، لەیبەر توانیبووی تەواوی کاندیدەکانی خۆی ئامادە بکات و کێشەی ناونوسکردنی کاندیدەکانی یەکلایی کردبۆوە، هەربۆیەش کاتێک لەساڵی ١٩١٦ پارتی لیبراڵ توشی لەبەریەک هەڵوەشان و پارچە پارچە بوون بووبوو، لەیبەر توانی بەزوویی قۆرخی ئەو بۆشاییانەی پارتی لێبراڵ بکات و بێتە مەیدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵات و توانیشی بەشێوەیەکی باش شوێنەکانی پارتی لیبراڵ پڕ بکاتەوە.

## یەکەمین حکومەتی لەیبەر

لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٤ واتە ساڵێک بەر لە یۆبێلی



زیوینی خۆی، لەیبەر توانی سەرکەوتن لەگەمە سیاسییەکەدا بەسەر کۆنسێرڤەتیڤدا، سەبارەت بەپێکهێنانی حکومەت، ڕابگەیەنێت. ئەگەرچی لەو هەڵبژاردنەدا پارتی پارێزگاران توانیبووی (٢٥٨) دوو سەد و پەنجاو



هەشت کورسی بەدەست بهێنێ و لەبەرامبەردا پارتی کریکاران توانیبووی سەدو نەوەدو یەک ( ١٩١) کورسی بەدەست بهێنی، بەڵام بەبەراورد بەهەڵبژاردنی پێشو (پارێزگاران) هەشتاو حەوت (٨٧) کورسییان لەدەستدابوو. بەڵام دیسان بەگوێرەی دەستوری بریتانیا (شا جۆرجی پێنجەم) داوای لە (ستانڵی باڵدوینس) ی سەرۆکی پارتی پارێزگاران کرد کە کابینەی نوێی حکومەت پێکبهێنێ، باڵدوینس ئەگەرچی هەوڵیدا قەرەبووی هەشتاوحەوت ( ٨٧) کورسییە لەدەست چووەکە، بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت، بکاتەوە، بەڵام بەهۆی بەهێزیی پروپاگەندەی لەیبەریەکانەوەو بەهۆی تاک ڕەهەندی سیاسەتی کۆنسێرڤەتیڤەکان کە گرەوکردن بوو لەسەر سیاسەتی (پاراستن)و بەهۆی بەدەستنەهێنانی پشتیوانی لەلایەن پارتەکانی دیکەی نێو پەرلەمانەوە، ستانڵی باڵدوینس نەیتوانی لەوادەی دیاریکراوی یاساییدا حکومەتەکەی ڕابگەیەنێت، هەربۆیە سەرەڕای بەدەستهێنانی کەمتر لە شەست و حەوت کورسی لەچاو پارتی پارێزگاران، ئەمجارەیان (شا جۆرجی پێنجەم)، سەرۆکی پارتی لەیبەر (ڕامسەی ماکدۆناڵد)ی راسپارد بۆ پێکهێنانی کابینەی حکومەت، کەئەمەش بوو بەیەکەمین حکومەتی پارتی لەیبەر و یەکەمین ئەزمونی فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی وڵات لەلایەن

ئەوانەوە و ڕامسەیش بوو بەیەکەمین سەرۆک وەزیران لە مێژووی سیاسییی لەیبەردا.

ئەگەرچی حکومەتەکەی لەیبەر بەسەرۆکایەتی (ڕامسەی ماکدۆناڵد) حکومەتێکی تەمەن کورتی چەند مانگی بوو، بەڵام توانی نوێترین مۆدێلی حکومەت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دابمەزرێنێ. حکومەتێک ئەگەرچی زۆر تەمەن کورتیش بوو، بەڵام توانی ئامانجی ڕۆشنی هەبێت و دەسکەوت و خزمەتگوزاری باش، لەڕێگەی دەرکردنی چەند یاسایەکی تازەوە پێشکەش بکات. سەرەڕای ئاستەنگەکانی بەردەمی لەتێپەڕاندنی یاساکان و فلتەرەکانی پارێزگارەکانەوە کە فراکسیۆنی زۆرایەتی بوون لە پەرلەمان، بەڵام هەمدیسان یاساکانی (نیشتەجێبوون و نەهێشتنی بێکاری و بیمەی کۆمەڵایەتی و خوێندن)دەرچوون کە بۆ ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای بریتانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم، یاسای پڕ دەسکەوت و خزمەتگوزاریی بەرچاو بوون.

لە ساڵی ١٩١٤ ڕامسی ماکدۆناڵد دەستی لەسەرۆکایەتیکردنی پارتەکەی کێشایەوە وەکو بەرهەڵستییەک لەدژی بەشداریکردنی وڵاتەکەی لە جەنگی جیهانی یەکەم، بەڵام لە ساڵی ١٩٢٢ جارێکی دیکە بەشێوەیەکی فەرمی بووەوە بەسەرۆکی پارتەکەی. هەر لەو سەروبەندەشدا بوو کە پارتی کرێکاران توانی بەشێوەیەکی کارا جێگەی پارتی لیبڕال بگرێتەوە لە ڕکابەریکردنی پارتی



کۆنسێرڤەتیڤ و ببێتە یەکەمین رکابەری سەرسەختی ئەو پارتە لەکێبەرکێ و ململانێی سیاسیی بریتانیا هەتا ڕۆژگاری ئەمڕۆ. لەساڵی ١٩٢٤، ئەو ساڵەی کە ساڵی هەنگوینیی بەدەستهێنانی فەرمانڕەوایی وڵات بوو بۆ پارتی لەیبەر، لەیبەر توشی کێشەیەکی لابەلای چاوەڕێ نەکراو هات، کێشەیەک کە دواجار سەری یەکەمین حکومەتی لەیبەری خوارد و لەنێو پەرلەمانیش لەیبەر چل ٤٠ کورسیی لەدەستدا.

کێشەکەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کاتێک کە ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل) نامەیەکی ساختەی( گریگۆری زینۆڤیڤی) سەرۆکی کۆمیتەی نێودەوڵەتیی پارتی کۆمۆنیستی ڕووسیایان بڵاوکردەوەو ناوەڕۆکی نامەکە باسی دروستبوونی پارتی لەیبەری دەکرد لە ژێر چەتر و ڕێنمایی ئایدیۆلۆجیەتی کۆمەنیستیی پارتی کۆمەنیستی ڕووسیادا . ئەم نامە ساختەیە بوو بەباسی یەکەمی ڕۆژنامەکانی بریتانیاو پارتە رکابەرەکانی لەیبەریش ئەم دەرفەتەیان بەهەلزانی بۆ لێدانی ناوبانگی پارتی کرێکاران. ئەمە لە کاتێکدا بوو کە دژە بیروباوەڕی کۆمەنیستی لە نێو گۆمەڵگای بریتانی لە بەرزترین ئاستی دژایەتیکردن بوو، گۆبەندێکی لەو چەشنە دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ پارتی پارێزگاران کە تیایدا رووخاندنی حکومەتەکەی لەیبەر بەئاکام بگەیەنن و، جارێکی دیکە جڵەوی فەرمانڕەوایی وڵات بگرنەوە دەست. ئەوەبوو یەکەمین حکومەتی لەیبەر

بەسەرۆکایەتی ڕامسەی ماکدۆناڵد لە ژێر گوشاری خەڵک و ڕۆژنامەکان و پەرلەمان و پارتەسیاسییەکانی بریتانیا، هەر لەو ساڵەدا، دەستی لەکار کێشایەوە. بەمەش جارێکی دیکە پارتی کۆنسێرڤەتیڤ جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەوە دەست. ئەگەرچی حکومەتەکەی ماکدۆناڵد تەمەن کورت بوو، بەڵام ماکدۆناڵد توانی ئامانجی سەرەکی خۆی بەدیبهێنێت، کە ئەویش نیشاندانی توانای پارتەکەی بوو لە پێکهێنانی حکومەت و چوونە ژێر بەرپرسیارێتیی فەرمانڕەوایێتیکردنی وڵات.

ڕامسەی ماکدۆناڵد یەکێک لەسەرکردە دامەزرێنەرەکانی پارتی کرێکاران و یەکەمین سەرۆک وەزیرانی ئەو پارتە لە ١٢ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٦٦ لە لەشاری (لەزلی ماوس)ی ناوچەی (مۆریشە) ی هەرێمی (سکۆتلەند) لە دایک بووە، پاش تەواوکردنی خوێندن وەکو مامۆستا لەو ناوچەیە کاری وانەبێژی دەکات و دواتر کارێکی فەرمانبەری لە لەندەن بۆ خۆی دەدۆزێتەوە و لەلەندەن نیشتەجێ دەبێت و لەوێش تێکەڵاوی کاری ڕۆژنامەنوسی دەبێت. لەساڵی ١٨٩٣ پەیوەندی دەکات بە ڕیزەکانی (پارتی کرێکارانی سەربەخۆ) کە (کییە هاردی ) دایمەزراندبوو. لەساڵی ١٩١١ بوو بەسەرۆکی فراکسیۆنی پەرلەمانتارانی لەیبەر. هەر لەو ساڵانەدا ڕامسەی ماکدۆناڵد هەڵمەتێکی نوسینی چڕ و پڕی دەستپێکرد لەسەر ( پەیوەندی نێوان سۆسیالیزم و دیموکراسی پەرلەمانی و پەیوەندی



لە نێوان لیبرالیزم و نەریتی لیبراڵی). ماکدۆناڵد لەتەمەنی سیاسیی خۆیدا دوو جار پۆستی سەرۆک وەزیرانی وەرگرتووە. یەکەمیان هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا لەساڵی ١٩٢٤ بوو، جاری دووەمیش لەساڵی ١٩٢٩. لەڕۆژی ٩ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٣٧ لە ناو کەشتیەکدا کۆچی دوایی کرد کە بەرەو ئەمریکا بەمەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشی و گەڕاندنەوەی تەندروستییەکی ساغلەم بەڕێکەوت.

## دووەمین حکومەتی لەیبەر

لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٢٩ پارتی لەیبەر جارێکی دیکە توانی جڵەوی وڵات بگرێتەوە دەست و دووەمین حکومەت لەمێژووی خۆیدا ڕابگەیەنێت. بێگومان دیسان پارتی کرێکاران ڕامسی ماکدۆناڵدیان کردەوە بەسەرۆک وەزیرانی خۆیان بۆ جاری دووەم .لەدووەمین کابینەی ماکدۆناڵدا دامەزرێنەری سەندیکاکانی کرێکاران (ئارسەر هێندریسۆن) پۆستی وەزارەتی دەرەوەی وەرگرت.هەر لەوحکومەتەی لەیبەردا بۆ یەکەمین جار بوو لە مێژووی سیاسیی بریتانیادا ژنێک پۆستی وەزارەتێک وەربگرێت کە ئەویش (مارگرێت بۆندفیلد) بوو. مارگرێت یەکەمین ژن بوو لە بریتانیادا کە توانی بۆ یەکەمین جار بچێتە (هاوس ئۆف کۆمۆن) پەرلەمانی بریتانیا وەکو ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی پارتی

کرێکاران. مارگرێت توانی مێژوویەک بۆ خۆی و پارتەکەی تۆمار بکات بەوەرگرتنی پۆستی وەزارەتی کاروباری کرێکاران لە دووەمین حکومەتی ڕامسی ماکدۆناڵددا.



مارگرێت بۆندفیلد

مارگرێت بۆندفیلد ( ١٨٧٣- ١٩٥٣ ) ژنێکی هەڵسوڕاوی نێو خەباتی کرێکارانی بریتانیا بووە. مارگرێت دوای ئەوەی کاری یاریدەدەریی لە دوکانێکدا دەکات، بەزوویی لەلایەن دوکاندارەکانەوە دەناسرێت و دواتر دەبێتە یاریدەدەری سەرۆکی سەندیکای دوکانداران. هەرلەوماوەیەدا مارگرێت دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی چەند وتارێکی گرنگ لە بڵاوکراوەی زمانحاڵی



سەندیکای ڕۆژنامەنوسان و توانی مشتومڕێکی جدی بخوڵقێنێ، بەتایبەت کاتێک، بیرۆکەی دابەشکردنی (تەکس) باجی کرد لەنێوان ژن و مێرددا. مارگرێت داوای کرد ئەو باجەی خراوەتە سەر ژن و مێرد بە هۆی کارکردنی هەردووکیانەوە کەم بکرێتەوە بۆ یەک باج و ئەو باجەش، بە شێوەیەکی یەکسان، لەمووچەی ژن و مێرد وەربگیرێت، بەمەش مارگرێت توانی یارمەتیەکی بەرچاوی خێزانەکان بدات بەداهێنانی بیرۆکەی (تەکسی خێزانی) کە لەڕاستیدا ئەم بیرۆکەیە توانی دەسگیرۆیی باشی خێزانەکان، بەتایبەت خێزانە کەم دەرامەتەکان، بکات. مارگرێت دۆستێکی بەوەفای ماکدۆناڵد بوو لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی نیشتیمانی، بەتوندی پشتیوانی لە سیاسەتەکانی ماکدۆناڵد کرد کە ئەوسا بەدڵی پارتی کرێکاران نەبوون، هەربۆیە نەیتوانی جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو پەرلەمانی بریتانیا وەکو ئەندامی هاوس ئۆف کۆمۆن و ئیدی خۆی تەرخان کرد بۆ خەباتی کۆمەڵایەتی و خزمەتکردنی کێشەی ژنان و، لەم پێناوەشدا چالاکانە وەکو سەرۆکی گروپی ژنان بۆ بەدیهێنانی خزمەتگوزاری و دادپەرەری درێژەی بە تێکۆشانی خۆیدا.

دووەمین حکومەتی لەیەبەر لە سەروبەندی تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورەی ئابووری جیهانی بوو، هەموو دنیا بەتایبەت دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بەدەست پاشماوە نێگەتیڤە زەوەندەکانی جەنگی جیهانی

یەکەمەوە دەیانناڵاند. بیکاری ڕۆژ بەڕۆژ ڕووی لە زیادبوون و هەڵاوسانی مەترسیدار دابوو. ماکدۆناڵد هەوڵی بێوچانیدا بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و زاڵ بوون بەسەر گرفتە زەوەندەکانی ئابووری وڵاتەکەی، کە کاراکتەرێکی کارای نێو ئەو جەنگە ویرانکەرە جیهانییە بوو. لەوانەیە دامەزراندنی پیشەسازی (خەڵوز و ئاسن) لە هەوڵە دیارەکانی ماکدۆناڵد و حکومەتەکەی بووبێت لە ڕووبەڕوو بوونەوەی بێکاری و قەیرانی ئابوری وڵاتدا. لەگەڵ ئەم هەوڵانەشدا حکومەت ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕووبەڕووی نارەزایەتی خەڵک لەدەست هەژاری و بێکاری دەبووەوە، .حکومەت هەوڵیدا بە دوو شێواز نارەزاییەکانی خەڵکی کەم بکاتەوە و قەیرانی ئابووری وڵات چارەسەر بکات، بەڵام دیسان هیچ کام لەم ڕێگایانە نەیانتوانی وەکو چارەیەکی سیاسییانەی کارا بگیرێنەبەر، کە ئەو دوو ڕێگایانەش بریتی بوون لە برینی (بەنەفێت) یان زیادکردنی (تەکس) باج و خەراج. بێگومان سەرنەکەوتنی ئەو ڕێگەچارانەش پەیوەندییان بەو ژمارە زۆرەی بێکارانەوە هەبوو کە تا دەهاتیش ژمارەیان بەرەو ژوور دەچوو.

لەساڵی ١٩٣١ لە ژێر باری گرانی قەیرانە ئابوریەکانی وڵاتدا، حکومەتەکەی ماکدۆناڵد لەبەر یەکتری هەڵوەشایەوە. بەڵام بەپێچەوانەی چاوەڕوانیەکانەوە ماکدۆناڵد نەک دەستی لەکارنەکێشایەوەو دەستبەرداری دەسەڵات نەبوو، بەڵکو لە پێناوی



مانەوەی خۆیدا پەنای بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ نەیارە سەرسەختەکانی لەیبەر(پارتی پارێزگاران) برد. ئەوەبوو ماکدۆناڵد توانی حکومەتێکی نیشتیمانی بەهاوکاری پارتی پارێزگاران و لیبراڵەکان پێکبهێنێ. ڕایەک هەیە لەنێو لەیبەر کە پێی وایە ئەگەرچی ڕامسی ماکدۆناڵد یەک لەباوکە دامەزرێنەرەکانی پارتی کرێکاران بووە، بەڵام ئەو هەر لەسەرەتاوە پشتی لە پارتەکەی خۆی کردووە و هەمیشە بەشوێن پلەو پایەو ناوبانگ و گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە بووە، هەندێک لەوەش زیاتر تۆمەتباری دەکەن و پێیان وایە دەستی خیانەت و ناپاکی نێو لەیبەر بووە.

پێکهێنانی حکومەتی نیشتیمانی لەلایەن ڕامسی ماکدۆناڵدەوە و پەنابردنی بۆ هاوپەیمانی و حکومەتی هاوبەش لەگەڵ پارتی پارێزگاراندا ناکۆکی و دووبەرەکیی کوشندەی خستە نێو لەیبەریەکانەوە و تادواجار ڕامسی و لایەنگرانی لە ساڵی ١٩٣١ریزەکانی پارتی کرێکارانیان جێهێشت، بەمەش لەیبەر لە هەڵبژاردنی داهاتوودا گورزێکی کەمەرشکێنی بەرکەوت، بەتایبەت دوای ئەوەی کە هەوادارانی ڕامسی ماکدۆناڵد توانیان زۆرینەیەکی زۆر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو زۆربەی کورسییەکانی لەیبەریش لەگەڵ خۆیان بەرن. بەم شێوەیە لەیبەر بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو باڵەکەی ڕامسی ماکدۆناڵد کە لەیبەریان بە جێهێشت و باڵی ئۆپۆزسیۆنی مەکدۆناڵد کەدرێژەیان بە سیاسەتەکانی لەیبەردا

بەسەرۆکایەتی (جۆرج لانسبری ). ئەوەی بۆ لەیبەر مایەوە تەنها ٥٢ کورسی بوو، بەمەش لەیبەر کەوتە لاوازترین خاڵی ڕۆژەکانی تەمەنی سیاسیی خۆیەوە.



جۆرج لانسبری



## هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٤٥ و سەرکەوتنە بەرچاوەکەی لەیبەر



ئێرنێ بێڤین

بەهۆی ئەو چارەنوسە تاڵەی کە لە یبەر توشی بوو لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٣١ و جیابوونەوەی ڕامسی مەکدۆناڵد و هەوادارانی، لەیبەر توشی پاشەکشەیەکی ترسناک هات لە ڕەوتی خەباتی سیاسیی خۆیدا. بێگومان پارسەنگ دانەوەی ئەو بارە لارە و قەرەبووکردنەوەی ئەو شکستە بەرچاوە کارێکی ئاسان نەبوو، هەربۆیە لەیبەرییەکان خەباتێکی ئەستەم و کۆششێکی بێوچانیان کرد بۆ هەستاندنەوەی پارتەکەیان، ئەمەش زیاتر لە دەساڵی

خایاند تا ئەو بۆشاییانە پڕ بکەنەوە کە بەهۆی جیابوونەوەی ڕامسی ماکدۆناڵد و باڵەکەی لە ساڵی ١٩٣١ توشیان هات.

لەو سەروبەندەدا نەوەیەکی نوێ لە نێو پارتی کرێکارانی بریتانیادا سەریهەڵدا، لەنێو ئەو نەوە تازەیەدا سیاسەتمەدارانی لە چەشنی: (ئێرنێ بێڤین سەرۆکی گشتی سەندیکای کرێکاران و گواستنەوە) و (ئەکادیمستی ناسراو هوف داڵتن) هەبوون. ئەو دوو سەرکردەیە لە کاتی ڕاگەیاندنی حکومەتی نیشتیمانی وەکو دوو ئەندامی پەرلەمانی پارتی لەیبەر بەتوندی دژی ئەو حکومەتەو سیاسەتەکانی رامسی ماکدۆناڵد وەستانەوە و دواتریش سەرکردایەتی کامپەینێکیان کرد بۆ نوێکردنەوەی سیاسەت و ئامانجەکانی لەیبەر و دروستکرنی ئایندەیەکی ڕووناکتر بۆی. ئەم کامپەینە قۆناغێکی دیکەی تازەی هاتنەوە مەیدانی پارتە تازەکەی سەدە تازەکە بوو، قۆناغێک کە لەگەڵ خۆیدا ئامانج و دروشم و داخوازی تازەی هێناو نەوەیەکی تازەی ڕادیکاڵی لەنێو پارتەکەدا پێگەیاند.





کلێمێنت ئەتلیی

لە ساڵی ١٩٣٥ ( کلێمێنت ئەتلیی ١٨٨٣- ١٩٦٧ ) بوو بە سەرۆکی پارتی لەیبەر. کلێمێنت، لە جەنگی جیهانی یەکەمدا خزمەتی سەربازی کردووە، دەرچووی زانکۆی ئۆکسفۆرد بەشی یاسا بووە، بۆ ماوەیەک کاری (بارستەری) یاریدەدەری پارێزەری و کاری (سۆسیال وێرکەر)ی لەڕۆژهەڵاتی لەندەن کردووە. دواتر پەیوەندی دەکات بە پارتی کرێکارانی بریتانیاوە، بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ سەرۆکی پارتی لەیبەر بووە و لەساڵی ١٩٢٢ بووەتە ئەندامی پەرلەمان وەکو نوێنەری ناوچەی (ستێپنێی) . لەساڵی ١٩٢٤ بۆ ساڵی ١٩٢٩ و لەساڵی١٩٣١ بووە بەوەزیری کاروباری مێرمندالان. سەرۆکایەتی حکومەتەکەی لەیبەری لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥ بۆساڵی ١٩٥١ کردووە . یەکێک لەناسراوترین سەرکردە

ریفۆرمستەکانی بەڕێوەبردن و ئیدارەی سەدەی بیستەمی وڵاتی بریتانیا بووە. لەسەر دەستی ئەو سەرکردە ڕیفۆرمخوازە بۆ یەکەم جار (خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی بریتانی) وەکو کارێکی خزمەتگوزاری نیشتیمانی بۆ هەموو بریتانییەکان و وەکو دەزگایەکی تەندروستی کارای خزمەتگوزار هاتە کایەوە. جاڕی بەنیشتیمانیکردنی یەک لەسەر پێنجی ئابووری بریتانی دا، هەروەکو چۆن گرنتی سەربەخۆیی هندستانیشی دا. لەساڵی ١٩٥٥ دوای ئەوەی کاریگەرییەکانی بەسەر پارتەکەیەوە لەڕووی سیاسیی و فکرییەوە ڕوویان لەکاڵ بوونەوە کرد و هەندێک لە ئەندامە چالاکەکانی لەیبەر کەوتنە دژایەتی و ناکۆکی لەگەڵیدا وازهێنانی خۆی لە سەرکردایەتیکردنی پارتەکەی ڕاگەیاند.

هەر لەگەڵ داگیرکردنی پۆڵەندا لەلایەن ئەڵمانیاوە لە سێپتەمبەری ١٩٣٧ گۆڕینی (چامبەرلاین) بە (چێرچڵ) ی سیاسەتمەداری ناسراوی بریتانیاو سەرۆکی پارتی پارێزگاران و سەرۆک وەزیرانی حکومەتی بریتانیا، لەساڵی ١٩٤٠ پارتی کۆنسێرڤەتیڤ بانگەوازی پارتی لەیبەری کرد بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەش. لەو حکومەتەدا کە بەسەرۆکایەتی چێرچڵ ڕاگەیاندرا، ( کلێمێنت ئەتلیی) بوو بە جێگری سەرۆک وەزیران. لەم پۆستەدا کلێمێنت توانی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت و ناوبانگێکی چاکتری بۆ خۆی و



پارتەکەی پەیدا کرد، بەتایبەت کە پێکهێنانی ئەم حکومەتە هاوبەشە لە کاتێکدا بوو کە حکومەتی بریتانیا لە گەرمەی جەنگی جیهانی دووەمدا بوو. لەم حکومەتە هاوبەشەدا لەیبەر سێ پۆستی گرنگی وەزاری وەرگرت. بێگومان بۆ ئەم سێ پۆستەش لەیبەر سی ناسراوترین سەرکردەکانی خۆی تەرخان کرد کە بریتی بوون لە (کلێمێنت ئەتلیی )سەرۆکی حزب بۆ پۆستی جێگری سەرۆک وەزیران و، (ئارسەر گرینوود) وەزیری پێشووی تەندروستی و، (ئێرنیست بڤین) بۆ وەزیری کاروباری کرێکاران.

هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕ لە خۆرئاوادا لە ساڵی ١٩٤٥ چێرچڵ بانگەوازی هەڵبژاردنی گشتی لە مانگی جولای (تەمووز) هەمانساڵدا لە سەرتاسەری وڵاتدا ڕاگەیاند. بۆ ئەم هەڵبژاردنە لەیبەر بە مانیفێستێکی تازەوە هاتە مەیدانەوە، مانیفێستەکەی لەیبەر بەمە دەستی پێکرد: ( لێمان گەڕێن با ڕووبەڕووی ئایندەمان ببینەوە، بەدیهێنانی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە داخوازی خەڵکن و گۆڕانکاری دەخوڵقێنن). مانیفێستەکەی لەیبەر بەتوندی جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێویستە ڕێگە نەدەین کۆمەڵگای بریتانیا بۆ کڵۆڵی و هەژاری و بێکاری ساڵی ١٩٣٠ بگەڕێتەوە. هەروەکو چۆن لەیبەر لەو مانیفێستەدا بەڵێنی دابوو کە ڕووبەڕووی هەر پێنج سەرچاوە سەرەکییەکەی نەهامەتی و ماڵوێرانییەکانی کۆمەڵگای بریتانی (هەژاری، بێکاری،

نەخوێندەواری، كڵۆڵی، نەخۆشی) ببێتەوە و ئەو دەردانەی نێو كۆمەڵ ڕیشەكێش بكات. سەرەنجام بەهۆی ئەو مانیفێستە كاریگەرەوە پارتی كریكاران توانی گەورەترین سەركەوتن لە مێژووی سیاسیی خۆیدا، تا ئەوكاتە، تۆمار بكات، كاتێك كە توانی سەركەوتنێكی گەورە بەسەر ڕكابەرەكەیدا، كە پارتی پارێزگاران بوو، بەئەنجام بگەیەنێت، چونكە یەكەمین جار بوو پارتی لەیبەر بتوانێت زۆرینەی كورسیەكانی پارلەمان بۆ خۆی مسۆگەر بكات. بەم شێوەیە نەوەی نوێی ئەو پارتە توانیان ڕووبەڕووی ئیرادەی گۆڕان و گۆڕانكاری بەردەوام ببنەوەو دواجار پارتەكەشیان بكەن بەخاوەنی ٣٩٣ كورسی لەنێو پەرلەمانی وڵاتەكەیانداو دەرگاشیان بەڕوودا ئاوەڵابوو بۆ پیادەكردنی سیاسەتی ڕیفۆرمخوازانەی پارتەكەیان.

لەماوەی فەرمانڕەوایی خۆیدا و هەتا ساڵی ١٩٥٠ لەیبەر توانی زۆربەی زۆری بەڵێنەكانی خۆی، كە پێشتر بە خەڵكی دابوون، بباتە سەر و بەكردار دروشمی (لێمان گەڕێن باڕووبەڕووی ئایندەمان ببینەوە) پیادە بكات، چونكە بەڕاستی لەیبەر توانی ڕووبەڕووی گۆڕان و بەئاكام گەیاندنی سیاسەتە ڕیفۆرمخوازەكانی خۆی ببێتەوە. لەڕاستیدا لەماوەی ئەو ساڵانەدا لەیبەر بەشێوەیەكی كارا توانی سیاسەتەكانی خۆی پیادە بكات و بەشێوەیەكی خێرا بەناوتەمەكەدا بەرەو دەربازبوون و گۆڕان



ڕابكات. لەهەڵبژاردنی هەمان ساڵدا ئەگەرچی لەیبەر سەركەوت و زۆربەی دەنگەكانی بەدەست هێنا، بەڵام سەركەوتنەكە تەنها بەزۆرایەتی پێنج كورسی بوو، هەربۆیەش ئەو حكومەتە نوێیەی كە ئەمجارە لەیبەر ڕایگەیاند نەیتوانی بۆ ماوەیەكی زۆر بمێنێتەوە. هەربۆیە و بۆ دەرباز بوون لەو دۆخە (كلێمێنت ئەتلی) بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی داو لە ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩٥١ دا بەپێی سیستمی هەڵبژاردنی پارلەمانی لە بریتانیا بۆیەكەم جاربوو لەیبەر بتوانێت زۆرینەی دەنگی ڕێژەی بەشداربوان بەدەست بهێنێت كە بریتی بوو لە (لەسەدا چل و هەشت و پۆینت هەشت) ی كۆی گشتی ڕێژەی دەنگدەران، ئەگەرچی لە بەدەستهێنانی ژمارەی كورسیەكاندا پارتی پارێزگاران توانی چەند كورسیەك زیاتر لەلەیبەر بباتەوە.

# لەیبەر لەسەردەمی
# (هارۆڵد ویڵسن)دا



لۆرد هارۆڵد ویڵسن

ویڵسن (١٩١٦/٣/١١ – ١٩٩٥/٥/٢٤) یەکێک لە ناسراوترین سەرکردە سیاسییە ناسراوەکانی سەدەی بیستەم و یەکێک لە هەڵکەوتوترین سەرکردە سیاسییە ناسراوەکانی پارتی کرێکارانی بریتانیا، ئەو پیاوەی مێژووییەکی دوورودرێژ بڕیاری سیاسیی ئەو وڵاتەی لە مشت بووە. ویڵسن لەساڵی ١٩٦٣ و دوای مردنی



لەناکاوی (هوف گێیتیسکێڵ)ی سەرۆکی پارتەکەی بوو بەسەرۆکی لەیبەر. ویڵسن وەکو سەرکردەیەکی لایەنگری باڵی چەپی پارتی کرێکاران ناوی دەرکردووەو، بەتەمەنی ٣١ ساڵی توانیویەتی وەکو گەنجترین وەزیر لە نێو حکومەتەکانی سەدەی بیستەمدا خۆی بناسێنێت.

لە ١٥ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٤ کە هەڵبژاردنی گشتی وڵات ئەنجامدرا ئەگەرچی ئەو هەڵبژاردنە پێنج ساڵ لەوادەی دیاریکراوی خۆی تێپەڕی بوو. لەو هەڵبژاردنەدا لەیبەر بەسەرۆکایەتی ویڵسن توانی بە چوار کورسی لە کورسیەکانی پەرلەمان بەپارتی پارێزگاران بباتەوە، بەمەش ویڵسن توانی جارێکی دیکە لەیبەر بخاتەوە سەر سەکۆی فەرمانڕەوایی و خۆشی سەرۆکایەتی حکومەتی لەیبەر بکات، دوای ئەوەی کە توانی ڕەزامەندی (ئەلیزابێسی دووەم) شاژنی بریتانیا بەدەست بهێنێت. بەبوونی ویڵسن بەسەرۆک وەزیران لەیبەر توانی جارێکی دیکەش بگەڕێتەوە بۆ پیادەکردنی سیاسەتە ڕیفۆرمخوازەکانی خۆی لەنێو حکومەتدا، بەڵام ئەمجارەیان لەژێر چەتری پلاتفۆرمێکی مودێرنتر لەجارانی پێشوو. چونکە ئەمجارەیان لەیبەر لەسەر دەستی ویڵسن توانی بە مانیفێستێکی دیکەی تازەوە بێتە مەیدان. مانیفێستی ئەمجارەی لەیبەر بەدروشمی (بریتانیای نوێ) دەستی پێکرد و زیاتر جەختی لەسەر ئەو ڕێوشوێنانە دەکردەوە کە بۆ گەشەکردنی ئابوری وڵات

ببوون بەپێداویستیەکی هەرەگرنگی قۆناغەکە و دواجاریش دەبنە هۆی دروستکردنی بنەمایەکی بەهێز بۆ ئابووری وڵات، هەروەکو چۆن جەختیشی لەسەر گواستنەوەی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای بریتانی، بەئاقارە نوێخوازو پێشکەوتنخوازیەکەوە، دەکردەوە، لەم پێناوەشدا حکومەتەکەی وێڵسن توانی چەند یاسایەکی نوێ بەقازانجی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و ئازادیەکانی خەڵک و سەربەستییەکانی تاک دەربکات و لەهەمان کاتیشدا ئەو یاسا تازانە بخاتە واری پراکتیزەکردنەوە.

گرنگی ئەو یاسا تازانەی حکومەتەکەی وێڵسن لەوەدا بوو کە ڕاستەوخۆ ئەو یاسایانە بەقازانجی چینە چەوساوە و ژێردەستەکان بوون، لەوانە ژنان. بەشێکی ئەو یاسا تازانەش بریتی بوون لەیاساکانی: (جیابوونەوە، یەکسانی ژن و پیاو لەمافی هاوسەرگیریدا، لەبارچوون و هەروها یاسای سزادانی سەرمایە) و کردنەوەی بەشێکی نوێ بۆ ئابووری دەرەکی.

بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵ و تەقەلایەی وێڵسن، حکومەتەکەی ئەو نەیتوانی دووبارە بەها بداتەوە بە پاوەند (پارەی بریتانی) هەتا ساڵی ١٩٦٧، چونکە حکومەت لەوباوەڕەدابوو کەئەو بەربەستە ئابوریانەی کە لەبەردەم ئابووری وڵاتدان ڕادەی گەشەکردنی ئابووری وڵاتیان سنوردار کردووە، ئەمەش وای کرد بەشە تازەکەی حکومەت کە بۆ چاودێریکردنی



ئابوریيە دەرەکییەکان دایمەزراندبوو هەرگیز سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت لەخستنەگەڕ و جێبەجێکردنی پلانە نیشتیمانییەکەی خۆی.

لەساڵی ١٩٦٦ وێڵسن لەسەر تێکۆشانی خۆی بۆ سەرخستنی پارتەکەی بەردەوام بوو، بۆ ئەم مەبەستەش دەستی بەهەڵمەتێکی گەڕان بەنێو شار و ناوچەکانی وڵاتدا کردو بانگەشەی دیاریکردنی وادەیەکی دەکرد بۆ تەواکردنی کارەکان و گەشەپێدانی ئابووری وڵات و بنیاتنانی (بریتانیای نوێ). هەوڵەکانی وێڵسن بێ ئاکام نەبوو، چونکە هەر لەو ساڵەدا زۆرایەتی پارتەکەی زێدەتر بەرەو ژوور چوو تا ئەو ڕادەیەی کە لەیبەر توانی لەهەڵبژاردنی ئەوساڵەدا زۆرایەتی خۆی لەنێو پارلەماندا بۆ ٩٧ کورسی تێپەڕێنێت. بێگومان لەئەنجامی بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە بەرچاوەشدا لەیبەر بەڕێبەرایەتی وێڵسن توانی سیاسەتی ڕیفۆرم لە زۆر بواردا لەسەرانسەری بریتانیادا بەئەنجام بگەیەنێت و گەلێک دەسکەوتی نیشتیمانی بەدەست بهێنێت، لەوانەش خۆماڵیکردنی ئەلەمنیۆم (ستیل) و گەشەپێدانی هەمەلایەنەی خوێندن و پەروەردە. لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین حەڤدەهەمین حکومەتی بریتانی کە لەساڵی ١٩٦٤ وە لەلایەن وێڵسنەوە دامەزرابوو توانی هەموو ئەو ئامانجانە بپێکێت کە لەسەروبەندی هەڵبژاردنە گشتیەکەی هەمان ساڵدا لەیبەرییەکان بەڵێنیان بە دەنگدەرانی

بريتانى و ئەندام و لايەنگرانيان دابوو و هەر لەگەڵ دامەزراندنى حكومەتيشدا خرابوونە بەرنامەى كارى حكومەتەوە، بەمەش لەنيوەى دووەمى شەستەكاندا لەيبەر لاى خەڵك و لاى ئەندامەكانى متمانەى خۆى زياتر كرد و ناوبانگى سياسييشى زياتر درەوشايەوە.

## لەيبەر لەسەرەتاى حەفتاكاندا

بەپێچەوانەى پێشبينى چاودێرانەوە و سەرەڕاى ئەو هەموو دەسكەوتە بەرچاوانەى كە بەدەستيان هێنابوو، وێڕاى كارايى سياسەتى ڕيفۆرمخوازانەشيان، كەچى لە هەڵبژاردنە گشتييەكانى ساڵى ١٩٧٠ پارتى لەيبەر بەسەرۆكايەتى وێڵسن توشى شكست هاتن لەبەرامبەر پارتى پارێزگاران بەسەرۆكايەتى (تێد هيس).

تێد هيس لە ساڵى ١٩٧١ توانى بەهۆى بەڵێنە گەورەو دڵخۆشكەرەكانيەوە جارێكى ديكە سەرنجى بريتانيەكان بەلاى پارتى پارێزگاراندا ڕابكێشێتەوە. هەر لەو ساڵەدا بەڵێنيدا (بريتانيا بباتە بازاڕى هاوبەشەوە، بەڵام لەڕاستيدا بەپێچەوانەى بەڵێنە خۆشەكانيەوە كەبريتى بوون لە: ( بردنى وڵات بۆ نێو بازاڕى هاوبەش و كەمكردنەوەى نرخ و چاوخشاندنەوە بەبازاڕدا) سەردەمى حكومەتەكەى تێد هيس سەردەمى سەرهەڵدانى قەيرانى ئابوورى بوو، چونكە لەسەر دەستى ئەو، حكومەتەكەى پارتى



پارێزگارانى بريتانيا توشى هەڵاوسانى ئابوورى و زيادبوونى بێكارى و سەرهەڵدانى گيروگرفتى سوتەمەنى و ووزە بوو، بەڕادەيەك كاركردنى گارگە پيشەسازييەكانى وڵات كەمكرايەوە بۆ تەنها ٣ سێ ڕۆژ كاركردن لەهەفتەيەكدا.

لەساڵى ١٩٧٤ جارێكى ديكە وێڵسن توانى بگەڕێتەوە بۆ دەسەڵات و حكومەتى تازەى لەيبەر پێكبهێنێتەوە. هەرچەندە حكومەتەكەى ئەمجارەى حكومەتى كەمايەتى بوو، بەمەش بەرنامە ڕيفۆرمييەكەى لەيبەر و ئەو ياسا و پرۆگرامە تازانەى كە حكومەتەكەى لەيبەر نەخشەى بۆ كێشا بوون، بەناچارى كەوتبووە ژێر ڕەحمەت و ميهرى ليبراڵەكانەوە، چونكە بۆ تێپەڕاندنى هەر ياسايەك چ لەنێو حكومەتدا يان پەرلەماندا حكومەتى وێڵسن ناچارى ڕازى كردن و ڕێكەوتنى پێشوەخت دەبوو لەگەڵ ليبرالەكان و پارتى ئەڵستەرى يەكييەتى ( كە پارتێكى سياسيى ميانڕەوى ئێرلەنداى باكورە هەتا ئێستا لەخەباتى سياسييانەى خۆى بەردەوامەو ڕۆڵى بەرچاوى لە فەرمانڕەواييكردنى وڵاتدا هەيەو هەميشەى قورسايى خۆشى لەپارلەمانى ئەو هەرێمەدا هەبووە).

ئەم دۆخە وێڵسنى سەرۆكى حكومەتى لەيبەرى نيگەران كردبوو، هەر بۆيە بۆ دەربازبوون لەو دۆخە دژوارەى كە حكومەت تێيكەوتبوو، وێڵسن لە ئۆكتۆبەرى هەمان ساڵدا بانگەوازى دووبارە

هەڵبژاردنەوەی پارلەمانی کرد لەپێناوی بەهێزکرنەوەی پێگەی خۆی و پارتەکەیدا، ئەوەبوو سەرەنجام وێڵسن توانی بەزۆرایەتی چوار کورسی ئەمجارە هەڵبژاردنەکە بباتەوە و ئەو دۆخە نالەبارەی کەحکومەتی کەمایەتی دروستی کردبوو تێپپەڕێنێت . بەکردار وێڵسن توانی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی گەورە دەستەبەر بکات و تەنها لەماوەی دوو ساڵی حکومەتدا دۆخی حکومەت و پارتەکەی و وڵاتیش بەرەو ئارامی و گەشەکردن و بوژانەوەو جێگیرکردن و سەقامگیری تەواو ببات، بەڵام وێڵسن لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٧٦ هەموو بریتانیەکانی توشی شۆک کرد، کاتێک لەپڕ دەست لەکارکێشانەوەی خۆی لەپۆستی سەرۆک وەزیران راگەیاند. وێڵسن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو شۆکەی توشی بریتانیەکان ببوو بەشێوەیەکی زۆر سادە ڕایگەیاند کەئەو دەمێکە نەخشەی ئەوەی داڕشتووە کە لەتەمەنی ٦٠ ساڵیدا، خۆی خانەنشین بکات.دوای دەست لەکارکێشانەوە و خۆ خانەنشینکردنی، زۆری نەبرد نەخۆشییەکانی دەماخ تەنگیان بەو سیاسەتمەدار و سەرکردە ناودارەی لەبیەر هەڵچنی و شپرەزەیان کرد. هەر بۆیە لەداوی ساڵی ١٩٨٥ وە هارۆڵد وێڵسنی پیاوی سیاسەت و بەڕێوەبردن بەدەگمەن لەبۆنە نیشتمانییەکاندا نەبێت دەرنەدەکەوت. هارۆڵد وێڵسن بەو نەخۆشیە لە ٢٤ ی مانگی مەی (ئایار) ساڵی ١٩٩٥ یەکجاری ماڵئاوایی نەک لەسیاسەت، بەڵکو لەژیانیش کرد. بەڵام هەمیشە وەکو



ئەستێرەیەکی پرشنگدار بەئاسمانی خەباتی لەبیەر و بریتانییەکاندا دەدرەوشێتەوە.




تێد هیس لەکاتی چوون بۆ دەنگدان لە قوتابخانەی ساینت پیتەر لە سۆوهۆو ١٩٧٠/٦/١٨

دوای دەست لەکارکێشانەوەی هارۆلد وێڵسن لەساڵی ١٩٧٦ (لیۆنارد جەیمس کالآفن) کەوەزیری دەرەوە بوو لەحکومەتەکەی وێڵسندا جێگای هارۆڵد وێڵسنی گرتەوە و لەساڵی ١٩٧٦ هەتا



ساڵی ١٩٧٩ وەکو سەرۆک وەزیران مایەوە تا ئەو کاتەی کە (مارگرێت تاتشەر) ی ژنە سەرۆکی پارتی پارێزگاران توانی پاڵ بەحکومەتی لەیبەرەوە بنێت و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩ دا پۆستی سەرۆکی حکومەت بگرێتە دەست. لیۆنارد جەیمس کالآفن جگە لەپۆستی وەزیری دەرەوە پێشتر پۆستەکانی وەزارەتی ناوخۆ (هەوم سیکیوریتی) و دارایی و شارەوانیەکانی بەڕێوە بردووە.

## کێشەی نێوان باڵی چەپ و باڵی ڕاست

دوای دۆڕانە بەرچاوەکەیان لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩ لەبەرامبەر کۆنسێرڤەتیڤەکان بەسەرۆکایەتی ژنە سیاسەتمەداری ناوداری بریتانیا (مارگرێت تاتشەر)، لەیبەر توشی ناکۆکی نێوخۆیی و دیدو تێڕوانینی لەیەکدی جیاواز بووەوە. ئەو ناکۆکییانە پەرچەکرداری دوای شکستێکی سیاسیی بوون، چونکە هەر لایەن و گروپێکی نێو ئەو پارتە ئەوی دیکەیان بەو شکستە تۆمەتبار دەکرد، ئەگەرچی هەموو مشتومڕەکان بەئاقاری جارێکی دیکەی هەستاندنەوەی لەیبەر و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی هەڵبژاردن بوون، بەڵام لەدواجاردا درێژەکێشانی مشتومڕەکان گەیشتە سەر ناکۆکی و ململانێیەکی ئایدیۆلۆجی دژوار و پارتەکەی بەسەر دوو باڵی تەواو لەیەکدی جیاوازدا دابەش کرد، بەباڵەکانی (چەپ و ڕاست ) ناویان دەرکرد. جیاوازی نێوان ئەو دوو باڵە لەهەموو

بوارەکانی ژیانی سیاسیی و ڕێکخراوەییدا دەرکەوت و هەریەکەشیان دەیویست لەیبەر بەئاقاری ئایدیۆلۆجی و دنیابینی خۆیدا ببات. هەرچی باڵی چەپ بوو زیاتر بەلای بیروباوەڕی سۆسیالستی و فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت لە نێو کایە ئابووریەکانی وڵات و زیادکردنی باج لەسەر پرۆژەکانی کەرتی تایبەت و نزیکبوونەوە لەڕەوتی سۆسیالستی نێودەوڵەتی دەیشکاندەوە، بەڵام باڵی ڕاست و، ڕێبەر و سەرکردەکانی ئەو باڵە بوون، بەپێچەوانەی باڵی چەپەکانەوە، زیاتر جەختیان لەسەر پەیوەندیەکانی نێوان دیموکراسی و سۆسیالیزم دەکردەوەو باوەڕیان بەفراوانکردنی دەروازەکانی کەرتی تایبەت و بازاڕی ئازادو دوورکەوتنەوە لەئەزمونی سۆسیالزمی نێودەوڵەتی هەبوو، بەتایبەت ئەزمونی پارتی کۆمەنیستی سۆڤیەت و هەرجۆرە پەیوەندیەکی لەوجۆرەیان بە لێدانی شکۆمەندی وڵات و بەرژەوەندییە زەوەندەکانی کۆمەڵگای بریتانی و ئاسایشی نیشتیمانی لێکدەدایەوە، ئەمەش وای کرد دواجار ڕیزەکانی ئەو پارتە توشی لەیەکترازان و جیابوونەوە ببێت و پارتەکە بکات بەدووبەشەوە.





**Michael Foot** میشێل فووت

باڵی چەپ بەسەرۆکایەتی (میشێل فووت) بوو. میشێل لەدوای (لیۆنارد جەیمس کالآفن) کەلەسەر دەستی ئەو لەیبەر هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ١٩٧٩ ی بە پارتی پارێزگاران دۆڕاند، بووبە سەرۆکی لەیبەر. میشێل فووت سەرکردەیەکی بەبیروباوەڕ سۆسیالست بوو، خاوەنی ئەزمونێکی سیاسیی دەوڵەمەند بوو سەبارەت مەسەلەی چەپ. مێژوونوسانی بریتانی و خۆرئاوایی وەکو ڕێبەرێکی پڕ ئەزمونی ڕەوت و بزاوتی سۆسیالستی تەماشای دەکەن و هەموویان لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کەکات و هەلومەرجی ڕەوتی چەپ و خەباتی سۆسیالستەکان لەوسەردەمەدا بەچانس و قازانجی مێشێل نەبوون و نەیانهێشت بیروباوەڕە سۆسیالستییەکانی خۆی و ئەزمونە دەوڵەمەندەکەی خۆی پراکتیزە

بکات لەخەباتی سیاسیی ئەوسای لەیبەردا، ئەمە سەرەڕای ڕێگریەکانی نێوخۆی پارتەکەی بەتایبەت هەوادارانی باڵی ڕاست بەسەرۆکایەتی (دێینس هێیلی).

میشێل فووت لە ١٩١٣/٧/٢٣ لەدایک بووە کوڕی باوکێکی سیاسیی ناودار(ئیساک فووت)ە. باوکی میشێل بەپیشە پارێزەر بووە. ئەندامێکی هەڵسوڕاوی پارتی لیبراڵ بووە، لەساڵانی ١٩٢٠ — ١٩٢١وەکو نوێنەری پارتی لیبراڵ هەڵبژێردراوە بە (مایۆر) شارەداری ئەنجومەنی شارەوانی شاری (پلیموس)، لەساڵی ١٩١٩ — ١٩٢٢ و ١٩٢٩ — ١٩٣٥ ئەندامی پەرلەمان (هاوس ئۆف کۆمۆن بووە).





میشێل فوت و تۆنی بلێر و دێیڤد نیکۆڵاس
لەبەردەم تەلاری پارلەمان ١٩٨٢/٥/١٣

میشێل فووت لەزانکۆی بەناوبانگی ئۆکسفۆرد خوێندنی تەواو کردووە، دوای ئەوەی پەیوەندی بەپارتی لەیبەرەوە دەکات لەساڵی ١٩٣٥ وەکو کاندیدی لەیبەر خۆی دەپاڵێوێت بۆ ئەندامی پارلەمان بەنوێنەرایەتی شاری (مۆنماوس). بەڵام سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. دوای ئەوە ڕوودەکاتە کاری ڕۆژنامەنوسی لەگەڵ هەندێک

هاوڕێی سۆسیالستی دیکەیدا کەزۆربەیان ئەندامی پەرلەمان بوون وەکو نوێنەری لەیبەر. لەوانە (جۆرج ئۆرویل، کۆنی زیلیاکوس، باربرە کاستڵ، ستافۆر کریسپس، جۆرج ستراوسس). کاری بۆرۆژنامەی (زە تریبیون) کردووە، کەرۆژنامەیەک بووە زیاتر کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی باوەڕی سۆسیالستی و ئایدیۆلۆجیای چەپ کردووە. جگەلەوە میشێل لە ڕۆژنامەکانی (دەیلی هاردلی و گێڵتی مێن) کاری ڕۆژنامەوانی کردووە کەدیسان ئەوانیش سۆسیالستەکان تیایدا نوسیویانەو بەرەخنەکانیان توانیویانە دژایەتی سیاسەتەکانی حکومەتەکانی پارێزگاران بەسەرۆکایەتی (چامبەرلاین و لۆرد هالیفاکس) بکەن.

میشێل لەساڵی ١٩٤٥ ببو بەیەکەم ئەندامی لەیبەر کەتوانی پۆستی ئەندامی پارلەمان بەنوێنەرایەتی شاری (پلیمۆس ناوچەی دێڤنپۆرت) بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بۆخۆی مسۆگەر بکات و هەروەکو پێشوتریش ئاماژەم پێکرد دوای دۆڕانی جەیمس کالیفن لەهەڵبژاردنی ساڵی ١٩٧٩، میشێل لەساڵی ١٩٨٠- ١٩٨٣ بوو بەسەرۆکی لەیبەر. میشێڵ نەیتوانی ئەزمونی زەوەندی خۆی لەتیوری سۆسیالستیدا لەنێو پارتەکەیدا پراکتیزە بکات ئەو ٣ ساڵەی سەرۆکایەتی خۆی زیاتر تەرخان کرد بۆ پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی لەیبەر و کەمکردنەوەی ئاسەوارە کاریگەرە نێگەتیڤەکانی



جیابوونەوەی باڵی ڕاست، ئەو گروپە پارلەمانتارانەی کەدواتر پارتی سۆسیال دیموکراتیان لەساڵی ١٩٨١ دامەزراند.

کاتێک کە میشێڵ فووت بوو بەسەرۆکی لەیبەر وەکو سەرۆکی باڵی چەپ بۆ پاراستنی یەکێتی نێو پارتەکەی (دێنیس هیلی) کە ناسراوترین سیاسییەکانی نێو باڵە ڕاستەکەی لەیبەر بوو، کرد بەجێگری خۆی. دێنیس هیلی ١٩١٧/٨/٣٠ لە ناوچەی (مۆتینگهام)ی نزیک شاری (کێنت) لەدایک بووە. هیلی خوێندنی لە کۆلێژی (باڵیۆڵ) ی زانکۆی بەناوبانگی (ئۆکسفۆرد) (ئەدەبی گریکی هاوچەرخ و مێژووی کۆنی یۆنان و فەلسەفەی یۆنانی تەواکردووە)، هەر لەوێدا سەروکار لەگەڵ سیاسەتی پارتی لەیبەر پەیدا دەکات. ئەگەرچی لەساڵی ١٩٣٧ پەیوەندی کرد بەپارتی کۆمەنیستەوە، بەڵام دوای دووسال واتە لەساڵی ١٩٣٩ ڕیزەکانی ئەو پارتەی بەجێهێشت و جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ نێو ڕیزەکانی لەیبەر. سەرکەوتنی ئەو سیاسییە ناسراوەی لەیبەر لەناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری (لیدز)ەوە دەست پێدەکات ئەو کاتەی لە مانگی فێبریوەری ساڵی ١٩٥٢ وەکو کاندیدی لەیبەر خۆی کاندیدکرد بۆ ئەندامێتی هاوس ئۆف کۆمۆن و بەزۆرایەتی ٧٠٠٠ دەنگ کورسیەکەی خۆی بردەوە.



تۆنی بێنن   Tony Benn

لەجیابوونەوەی لیبڕاڵەکان لەساڵی ١٩٥٠ دێنیس هیێلی پشتیوانی لە گوتاری نوێکردنەوەی لەیبەر کرد و وەکو هاوبیر و هاوڕێیەکی (هوف گایتسکێڵ) پشتیوانی لەسیاسەتەکانی ئەو کرد و دوای مردنی ( هوف گایتسکێڵ) بەتوندی پشتیوانی لەسەرۆک (هارۆڵد وێڵسن) کرد نەک (جۆرج براون) بۆ سەرۆکایەتیکردنی لەیبەر، چونکە لەو باوەڕەدابوو کە ئەو تەنها سەرکردەیەکە دەتوانێت یەکییەتی نێو لەیبەر بپارێزێت و ئەو پارتەش بەرەو سەرکەوتن بەرێت لە هەڵبژاردنی گشتی داهاتووی وڵاتدا نەک جۆرج براون . کاتێک لەیبەر لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٦٤ بردیەوە دێنیس پۆستی وەزارەتی بەرگری وەرگرت . لەساڵی



١٩٧٤ یش لەحکومەتەکەی کاڵیفیندا پۆستی وەزارەتی دارایی وەرگرتووە . کاتێکیش میشێل فووت بووبەسەرۆکی لەیبەر وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا لەپێناوی یەکخستنی گوتاری سیاسیی پارتەکەی دێنیس هیێلی کرد بەجێگری خۆی، بەڵام دوای ساڵێک واتە لەساڵی ١٩٨١ (تۆنی بێنن) بەپشت بەستن بەسیستمی نوێی هەڵبژاردن لەبەرامبەر ئەو ڕاستبوەوە و داوای پۆستی جێگری پارتی لەیبەری بۆ خۆی دەکرد، بەمەش جارێکی دیکە مشتومڕو ململانێ لەنێوان باڵی ڕاست و چەپدا سەری هەڵدایەوە، بۆ چارەکردنی کێشەکە پەنا بۆ دەنگدان بردراو دواجار دێنیس هییدلی توانی هەڵبژاردنەکە بباتەوە و بەمەش بەشێوەیەکی یاسایی توانی لەپۆستەکەیدا وەکو جێگری سەرۆکی پارتەکەی بمێنێتەوە . لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩٨٠ دێنیس یەکێک بوو لەدڵخوازترین سەرکردە سیاسییەکانی لەیبەر بۆ کاندیدکردنی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی پارتەکە، بەتایبەت کە مەسەلەکە لەلایەن ئەندام پەرلەمانەکانی لەیبەرەوە یەکلایی دەکرایەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بەلای هاوکاریکردنی ڕاسترەوەکاندا دایشکاندەوە و سەرپەرشتی کەمپەینێکی کرد بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەنێو لەیبەر و زاڵکردنی سیاسەتی باڵی ڕاسترەوەکان لەنێو پارتەکەدا، ئەمەش وای کرد وەک پەرچەکردارێک ٤ ئەندام پارلەمانی لەیبەر کەوتنە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی لیبراڵەکانەوەو رایانگەیاند کە

هەرگیز دەنگ نادەنە ئەو چونکە دەخوازن لەیبەر لەژێر سەرکردایەتی سەرۆکێکی باڵی چەپی لەیبەردا بمێنێتەوە و نەکەوێتە ژێر دەستی سەرکردەیەکی باڵی ڕاست.

دێنیس هییڵی بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ ئەندامی پارلەمانی بریتانی بوو وەکو نوێنەری ناوچەی باشوری ڕۆژهەڵاتی شاری لیدز، لەنێو پارلەماندا ئەوکاتەی پارتەکەی ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنی یەکەمی بینیووە ئەو وەکو (شادۆ) بەسەر وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا کاری کردووە. شادۆ بریتییە لە کاری چاودێریکردنی کاروباری وەزارەتێک لەوەزارەتەکان بەمەبەستی دەسنیشانکردن و لەهەڵدانی کەموکورتیەکانی ئەو وەزارەتانە لە سیاسەتی کارکردنیاندا، هەروەها ئامانجی نیشاندانی کەموکورتیەکانی سیاسەت و پلان و بەرنامەی حکومەتی پارتی فەرمانڕەوایە. شادۆ کارێکە یان پۆستێکە لە پۆستە باڵاکانی فراکسیۆنی پارتی یەکەمی ئۆپۆزسیۆن و لەنێو پەرلەمانی بریتانیدا وەکو نەریت و مۆراڵی پارتی یەکەمی ئۆپۆزسیۆن دەرکەوتووە. کاری (شادۆ)ی یەک لەو کارە دڵخوازانەی دێنیس هییڵی بووە، بۆیە هەمیشە لەهەوڵی دەستەبەرکردنیدا بووە، ئەو کاتانەی پارتی لەیبەر پارتی یەکەمی ئۆپۆزسیۆن بووە .تا داواجار لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٨٧ لەو پۆستەدا خۆی خانەنشینکرد و دوای ٤٠ ساڵیش لە ئەندام پەرلەمانێتی لەساڵی ١٩٩٢ لەکورسی نوێنەرایەتیکردنی شاری



لیدز هاتەخوارەوە. هەندێک لەلەیبەرییەکان پێیان وایە دێنیس هییڵی (باشترین سەرۆک وەزیرانێک بوو کە لەیبەرییەکان نەیانتوانی هەیانبێت ).

لەکاتی مردنی کتوپڕی (جۆن سمیس)ی سەرۆکی پارتی لەیبەردا، دێنیس هییڵی بوو بەیەکێک لەو سیاسیانەی کە پشتیوانی لە (تۆنی بلێر) کرد بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی پارتی لەیبەر، هەر دوای چەند کاتژمێرێک لەمەرگی جۆن سمیس، ئەگەرچی لە دوایشدا هەر خۆی بوو بەیەکێک لەنەیار و ڕەخنەگرانی سیاسەتەکانی تۆنی بلێر و لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٤ — ٢٠٠٥ چەند جارێک بانگەوازی کردووە بۆ ئەوەی دەستبەرداری پۆستی سەرۆک وەزیران ببێت و جێگاکە بۆ سەرکردەی دڵخوازی لەیبەر (گۆردن براون) چۆڵ بکات. لەجولای (تەمووز) ٢٠٠٦ دێنیس هییڵی ڕوانینێکی گرنگی ڕاگەیاند کاتێک گوتی (کە بۆ هەمیشە چەکی ناوەکی ئەتۆمی بۆ سیاسەتی دەرەکی ئێمە گرنگی ئەوتۆیان نەماوە، ئەو گرنگیەی لە ڕۆژگاری (جەنگی سارد) دا هەیانبوو) لەوەش زیاتر ڕاشکاوانە وتی (ئیدی ئێمە پێویستیمان بەو جۆرە چەکانە نەماوە). دێنیس هییڵی ئێستا لە گوندێکی ڕۆژئاوای یۆرکشێری هەرێمی ئینگلاند دەژی.

## سەردەمی نێیڵ کینۆک
## سەردەمی پێداچوونەوە بەسیاسەتی لەیبەر



نێیڵ کینۆک Niel Kinnock

لەماوەی (٣) ساڵی سەرۆکایەتی خۆیدا میشێل فووت زیاتر لەیبەری بەئاڕاستەی بیروباوەڕی چەپ وەرسوڕاند، ئەمەش وای کرد ڕۆژ لەدوای ڕۆژ جەماوەری ئەو پارتەو هەوادارانی ڕوو لەکەمبوونەوە بکات، بەڕادەیەک کار گەیشتە ئەوەی لە هەڵبژاردنی گشتی ساڵی ١٩٨٣ دا لەیبەر تەنها (لە سەدا بیست و شەش و پۆینت شەش)ی دەنگەکانی لەسەرانسەری بریتانیادا بەدەست هێنا، کە ئەمەش نزمترین ئاستی بێ جەماوەریی لەیبەر بوو



لەساڵی (١٩١٨)ەوە ئەمڕۆ، ڕۆژگارە بەچەشنێک ڕێژەی دەنگەکانی لەیبەر ئەوەندە لەسەروی هاوپەیمانێتی لیبراڵەکان و پارتی سۆسیال دیموکراتەوە نەبوو. بێگومان ئەمەش دوو ڕاستی مێژوویی بۆ لەیبەر سەلماند، کەیەکەمیان بریتی بوو لەوەی کە کۆمەڵگای سەرمایەدار و دیموکراتی بریتانیا نەک دەرفەتی ژیان و گەشەکردنی ڕێکخراوی چەپی تێدانییە، بەڵکو خواستی ئەنتی کۆمەنیزم لەو وڵاتە لەلوتکە دایە، ئەوی تریشیان بریتی بوو لەسەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە پێویستە لەیبەر بۆ گەڕاندنەوەی هەژموونی سیاسیی خۆی لەژێر سێبەری ئاڵا سورەکەی کۆمەنیزم بەتەواوی بێتە دەرەوە!

گەڕانەوەی هیوای لەیبەر ئەمجارەیان لە هەرێمی (وێڵز)ەوە بوو لەسەردەستی پیاوێکی وێڵزی کە ناوی (نێیڵ کینۆک) بوو. نێیڵ کینۆک لەساڵی ١٩٤٢ لەدایک بووە، ئەزمونی سیاسیی ئەو سەرکردەیەی لەیبەر لە ساڵی ١٩٧٠ وە دەست پێدەکات، ئەو کاتەی وەکو ئەندامی پەرلەمان بەنوێنەرایەتی لەیبەر لە ناوچەی (بێدوێڵتی) هەڵبژێردرا. لەژیانی سیاسیی ئەودا هەمیشە ئامۆژگاریەکانی باوکی بەسەریەوە بوون ئەو کاتەی لەگەرمەی هەڵبژاردن و یەکەمین ئەزمونی سیاسیی ئەودا باوکی ڕووی تێدەکات و پێی دەڵێت ( نێیڵ لەبیرت بێت هەڵبژاردنی (ئێم پی)

ئەندام پارلەمان، تەنها هەوڵێک نییە بۆ ئەندام بوون لەپەرلەماندا، بەڵکو لەهەمانکاتدا کارکردنە لەپێناو پرینسیپەکانی مرۆڤدا).

هاتنی نێیڵ بۆ سەرکردایەتی لەیبەر لەکاتێکی گونجاودابوو، بەتایبەت کەلەو سەروبەندەدا سیاسەتی لەیبەر، سیاسەتی گواستنەوەی دەسەڵات بوو لەناوەندەوە (لەندەن) بۆ هەرێمی وێڵز.

لەیبەر لە کۆتایی حەفتاکاندا بیرۆکەی دروستکرنی دەسەڵاتدارێتیە خۆجێییەکانی خستبووە بەرنامەی خۆیەوە، چونکە لەیبەر وای دەبینی بەشداری کردنی باشتری هەرێمەکانی وڵات لە فەرمانڕەوایی وڵاتدا لەڕێگای دروستکردن و دامەزراندنی دەسەڵاتە ناوچەییەکانەوە بەتەواوی دەستەبەر دەبێت، بێگومان ئەمەش تەنها لەڕێگای گواستنەوەی بەشێک لەدەسەڵاتەکانی ناوەند بۆ هەرێمەکان دەبێت. ئەگەرچی لەکاتی ڕیفراندۆمی ساڵی ١٩٧٩ لەسەر ئەو مەسەلەیە نێیڵ کینۆک یەک لەو شەش ئەندام پارلەمانەی هەرێمی وێڵز بوو کە دژی بیرۆکەکەی لەیبەر دەنگی دابوو، چونکە ئەو لەو وەختەدا دژی سیاسەتی گواستنەوەی دەسەڵات بوو بۆ هەرێمەکان.

لەساڵی ١٩٨٣ ئەوکاتەی میشێل فووت لەبەرامبەر (مارگرێت تاتشەر)ی سەرۆکی پارتی پارێزگاران توشی شکست هات (نێیڵ کینۆک) وەکو سەرۆکی تازەی لەیبەر جێگەی گرتەوە. هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونیدا کینۆک بیری لەوە کردەوە چارەسەری ئەم زیادە



ڕۆیشتنە بەرەو چەپەی لەیبەر بکات و بەشێوەیەکی ژیرانە ئاڕاستەی پارتەکە لەچەپەوە بەرەو ناوەند بگۆڕێت و پارسەنگی سیاسەتی پارتەکەی لەنێوان باڵی چەپ و ڕاستدا، ڕاست بکاتەوە، بەتایبەت کە لەسەر دەستی میشێل فووت ئەو پارسەنگە زۆرتر بەلای باڵی چەپدا کەوتبوو، سەرەنجامیش لەیبەر باجێکی قورسی لەسەر دابوو و بەشێکی زۆری جەماوەرەکەی خۆی لەدەستدابوو.

بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکەشی کینۆک لە سەرەتاوە هەوڵیدا ڕیشەکێشی (گروپی میڵیتاند) لەنێو ڕیزەکانی پارتەکەی بکات. گروپی میڵیتاند گروپێکی ترۆتیسکیستی بوون (ترۆتیسکیستی بریتتییە لە تیوری مارکسیزم کە لەلایەن (لیۆن ترۆتیسکی) پشتیوانی لێدەکرا، (لیۆن ترۆتیسکی تیوریستێکی رووسییە ١٨٧٩ – ١٩٤٠ خۆی وەکو مارکسییەکی ئەرسەدۆکسی و لینینیەکی بەلشەفیکی ناساندووە). میڵیتادەکان ئەو گروپە بریتانییە بە بیروباوەڕ (ترۆتیسکیستی)ە بوون کە لەساڵی ١٩٣٥ لەلایەن (دێنزیل دین هاربێرت ١٩٠٩- ١٩٨٨) سەرکردەی پێشووی (گروپی مارکسیست)ەوە دامەزرابوون و بەشێوەیەکی نهێنی خۆیان خزاندبووە نێو ڕیزەکانی لەیبەرەوە. چالاکییەکانی ئەم گروپە لەنێو لەیبەردا لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٨٠ بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردبوو و، توانیبوویان لەنێو ئۆرگانە باڵاکانی ئەو پارتەدا بەشێوەیەکی زۆر ئەکتیف دەربکەون.

دوای ئەوەی کە کینۆک زیرەکانە توانی پێگەی میلیتاندەکان لەنێو پارتەکەیدا بەتەواوی لاواز بکات هەوڵیدا وێنەی پارتەکەی لای خەڵک بگۆڕێت، بەتایبەت ویستی ناسنامە چەپیەکە کەلای بریتانیەکان وێنەیەکی ناقۆڵا بوو، بگۆڕێت بەوێنەیەکی دیکەی مام ناوەند، هەتا دووبارە لەبەرچاوی بریتانیەکانی جوان بکاتەوە. کینۆک بۆ گەیاندنی پەیامی خۆی بەبریتانیەکان و ویستی ئەو لە گۆڕینی وێنەی پارتەکەی لای بریتانیەکان بەگشتی و ئەندامانی لەیبەر بەتایبەتی، کۆنفرانسی لەیبەری ساڵی ١٩٨٥ی بە دەرفەتزانی بۆ گەیاندنی پەیامەکەی. ئەوەبوو لەو کۆنفرانسەدا و لەوتەیەکی مێژووییدا، بەتوندی هێرشی کردە سەر گروپی میلتانتەکان و سیاسەتی خۆخزادنە نێو لەیبەریان، بەمەش کینۆک پەیامێکی ئاشکرای بۆ هەموو ئەندامانی لەیبەر و بریتانییەکان نارد سەبارەت بەسیاسەت و پرۆگرام و فەلسەفەی پارتەکەی بەمەبەستی ڕەواندنەوەی تەمی ئەو ترسە زەبەلاحەی کە بریتانیەکان هەیانبوو لە بەرامبەر (شۆڕشی سور) و سێبەری (ئاڵا سورەکە) کەتا ئەو ساتەوەختە لەسەر بارەگاکانی لەیبەر دەشەکایەوە و مایەی گومان و نائۆقرەیی بریتانیەکان بوو.





لیۆن ترۆتسکی

سەرەنجامی گۆڕانکاریە بەردەوام و ڕیشەییەکانی، کینۆک گەیشتە خواستی گۆڕینی لۆگۆو نیشانەکەی لەیبەر، ئەوەبوو (پیتەر ماندێڵسن) سەرکردایەتی کەمپەین و دیالۆگێکی کراوەو بەردەوامی کرد لەم پێناوەدا، تا لەکۆنفرانسی ساڵی داهاتووی لەیبەر کە لە ساڵی ١٩٨٦ دا بوو لە جێگای (ئاڵا سورەکە) (گوڵە باخێکی سور) کرا بەلۆگۆی پارتەکە.



پیتەر ماندێلسن

لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاریانە لە بەرنامە و فەلسەفەی سیاسیی تا دەگاتە لۆگۆی پارتەکەش، کەچی هێشتاش نێیڵ کینۆکی سەرۆکی لەیبەر نەیتوانی دەسکەوتی سیاسیی ئەم گۆڕانکاریانە بۆ لەیبەر مسۆگەر بکات و هێشتا پێنەدەچوو ترسی بەردەوامی بریتانیەکان لە کابوسی خەوی ژێر ئاڵا سورەکە کۆتایی هاتبێت، ئەم ڕاستیەش ئەو کاتە بەڕۆشنی دەرکەوت کاتێک دیسان لەیبەر لەهەڵبژاردنی گشتی ساڵی١٩٨٧ توشی دۆڕانێکی دیکەی گەورە هاتەوە لەبەرامبەر پارتە ڕکابەرەکەیدا کە پارتی کۆنزەرڤەتیف بوو. ئەمەش لای لەیبەریەکان ڕاستییەکی دیکەی سەلماند کەئەویش بریتی بوو لە بەردەوامکردنی سیاسەتی ڕیفۆرمی نێو لەیبەر بەشێوەیەکی قوڵتر و ڕیشەییتر، لەبەرئەوە لەیبەر بڕیاریدا دەست بکات بەچاوخشاندنەوە و پێداچوونەوەیەکی



هەمەلایەنە بەسیاسەتەکانیدا، بۆ ئەم مەبەستەش لەیبەر بڕیاری هاتنە مەیدان و ڕووبەڕوو بوونەوەی بارودۆخە سەپاوەکەی نێوخۆی دەسپێکرد و لەم پێناوەشدا لەیبەر کۆتایی هێنا بە پابەندبوونی خۆی بەداخوازی یەکلایەنەی داماڵینی چەکە ناوکی و ئەتۆمیەکان و سیاسەتی سەپاندنی بەرزترین باج و ستایڵەکۆن و تەقلیدیەکەش لە مەسەلەی بەنیشتیمانیکردندا.

دوای ئەنجامدانی سیاسەتی پیداچوونەوە بەسیاسەتەکانی، ئەو پارتە پێی نایە قۆناغێکی دیکە، لەگەشەکردن و سەرکەوتنی خەباتی ڕێکخراوەیی خۆیدا، بەڕادەیەک زۆربەی خودی لایەنگرانی ئەو پارتەشی توشی شۆکێکی گەورە کرد کاتێک لەیبەر توانی چوارەمین گەورە بردنەوەی خۆی لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵاتدا بەئاکام بگەیەنێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کەئەوەی وایکرد کینۆک لە بەئاکام گەیاندنی سیاسەتە ڕیفۆرمیەکانی خۆی لەنێو لەیبەردا سەرکەوتوو ببێت پارێزەرێکی سکۆتی بوو بەناوی (جۆن سمیس).



جۆن سمیس John Smith

جۆن سمیس (١٩٣٨/٩/١٣ — ١٩٩٤/٥/١٢) یەکێک لەسەرکردە دیارەکانی لەیبەر و سیاسییەکیی سکۆتیی ناسراو بوو. ئەو پیاوە لەساڵی ١٩٩٢ توانی پۆستی سەرۆکی لەیبەر، کە گەورەترین پۆستی نێو ئەو پارتەیە، بگرێتە دەست، ئەگەرچی تەمەنی سەرکردایەتیکردنی ئەو لەنێو لەیبەردا زۆر کورت بوو، چونکە تەنها دوای یەک ساڵ و دە مانگ لەوەرگرتنی ئەو پۆستە بەشێوەیەکی کتوپڕ بەهۆی (جەڵتەی دڵ)ەوە کۆچی دوایی کرد،



بەڵام هەوڵە سیاسییەکانی ئەو بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لەسەرجەم پێکهاتەی ژیانی ڕێکخراوەیی لەیبەر و کۆمەڵگای بریتانی بەگشتی جێگای فەرامۆشکردن و لەبیرچوونەوە نین، چ وەکو ئەندامی پارلەمان یان لە پۆستە ئیداریەکانیدا لەنێو حکومەت، بەتایبەت ئەو کاتەی کە پۆستی (وەزیری دەوڵەتی بۆ کاروباری کرێکاران)ی وەکو گەنجترین وەزیری نێو کابینەکەی کاڵیفن پێسپێردرا، دوای ئەوەی (ئیدمۆن دێڵ ١٩٢١- ١٩٩٩) لەساڵی ١٩٧٨ لەو پۆستە خانەنشین کرا. ئەمەجگە لەوەی کە سەرکردایەتی پارتەکەی کردووە ئەو کاتانەی کە نێیل کینۆک لەساڵی ١٩٩٢ دەستی لەکارکێشایەوە. ئەم دەست لەکار کیشانەوەیە لەکاتێکدا بوو کە لەیبەر لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆنیەکی سەرسەختدا بەشێوەیەکی سیاسییانە دەجەنگا و ئەو توانی بەشێوەیەکی کارایانە سەرکردایەتی ئەو قۆناغە بکات.



جۆن میجەر سەرۆک وەزیرانی پێشوتری بریتانیا و
سەرۆکی پارتی پاریزگاران

جۆن سمیس بڕیاریدا بەردەوام بێت لەسەر سیاسەتە ریفۆمیەکانی خۆی لەنێو لەیبەردا، لەم پیناوەشدا بڕیاریدا ئەو بەربەستە لابەرێت کەلەڕێگای سەندیکای کریکارانەوە خرابووە بەردەم هەنگاوە چاکسازیەکانی پارتەکەی، ئەوەبوو لەکۆنفرانسی ساڵی ١٩٩٣دا ئەم مەسەلەیەی لەڕێگەی دەنگدانەوە (هەر یەک ئەندام یەک دەنگ) بەقازانجی بەرنامە ریفۆرمیەکەی خۆی یەکلایی کردەوە،





نۆرمان لامۆنت
وەزیری دارایی لەحکومەتەکەی جۆن مێجەر

بەمەش کۆتایی هات بە هەبوونی ڕاستەوخۆی نوێنەرایەتی سەندیکای کریکاران لەهەڵبژاردنە پارلەمانییەکاندا. هەر دوای هەڵبژاردنی جۆن سمیس بەسەرۆکی پارتەکە کۆنسیرڤەتیڤەکان، کە ئەوسا حکومەتیان لەدەستدابوو، چەند هەنگاوێکی هەڵەیان هاویشت بەتایبەت لەشێوازی ڕەخنەگرتنیان لە سیستمی دراوی بریتانی (ستێرلینگ) و دەرچونیان لە میکانیزمی نرخی ئاڵوگۆڕی دراو، کە بوو بە هۆی ناڕەزاییەکی بەرفراوانی کۆمپانیا بریتانیەکان و سەندیکای کرێکاران و، زۆربەی زۆری بریتانیەکان، ئەو ڕۆژە کەبەڕۆژی (چوارشەممەی ڕەش) ناسراوە، حکومەتی بریتانی

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی نرخی (پاوەند) لە ١٦ ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٢ ئەندامێتی خۆی بۆ ماوەی ٦ مانگ لە نێو میکانیزمی نرخی ئاڵوێری دراوی ئەوروپی (ئی.ئار.ئێم) هەڵپەسارد. ئەم هەنگاوە هەڵەیە (جۆن مێجەر)ی سەرۆک وەزیران و (نۆرمان لامۆنت)ی وەزیری دارایی توشی تەنگژەو قەیرانێکی سەخت کرد. جۆن سمیس بەهاوکاری ئەندامانی دیکەی پارتەکەی لە پارلەمان بەتایبەت (گۆردن براون) کەئەوکاتە وەکو (شادۆ) بەسەر وەزارەتی داراییەوە کاری دەکرد ئەم هەنگاوە هەڵانەی حکومەتی کۆنسێرڤەتیڤەکانی کە دەست خستنە نێو بازاری ئازادی وڵات بوو، بەشێوەیەکی زەق و زیرەکانە قۆستەوە و لەم پێناوەشدا ئەندامانی پارلەمانی لەیبەر بەسەرکردایەتی (جۆن سمیس) هەموو توانا و سەلیقەی خۆیان لەبواری خەباتی پارلەمانیدا بەشێوەیەکی وردو ژیرانە خستەکار و دەستیان کرد بەهەڵمەتێکی چڕ و پڕی ڕەخنەگرتن لەدژی شێوازی مامەڵەی حکومەتی کۆنسێرڤەتیڤەکان لەگەڵ سیستمی ئاڵوێری دراوی وڵات و نرخی ئاڵوگۆڕی دراو و هەڵپەساردنی ئەندامێتی وڵاتەکەیان لە (ئی.ئار.ئێم) لەمبارەیەوە وەکو کاردانەوەیەکی توند دژی ئەم هەنگاوانەی حکومەت و زیادکردنی ڕێژەی (سو) لە لە١٠% بۆ لە١٢% و دواتریش بۆ لە١٥%. گۆردن براون گوتی (ئەو هەڵە گەورەیەی کە سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی کردویانە لەم بڕیاردانەیاندا خیانەت



کردنە لە بریتانیەکان) . لەسەرەنجامی ئەو هەڵمەتە چڕوپڕانەش لەدژی کەمتوانایی حکومەتی کۆنسیرڤەتیڤەکان و هەوڵدانی لەیبەریەکانیش بۆ نیشاندانی بێئەزمونییان لەبواری بەڕێوەبردنی وڵاتدا جۆن سمیس توانی لەوکاتەدا ژمارەی پێوانەیی بۆ پارتەکەی بشکێنێت و لەهەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی وڵاتدا سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکات، بەتایبەت ئەو کاتەی کەسمیس لە نێو ئاپۆرەی هاوکاران و لایەنگرانی پارتەکەی ووتەیەکی کاریگەری ئاڕاستەی بریتانیەکان کرد لە ١١ ی مەی (ئایار)ی ساڵی ١٩٩٤دا کاتێک گوتی: ( تاکە چانس بۆ بەدەستهێنانی بەڕێوەبردن ئەوەیە هەموومان پرسیار بکەین).



هوف گایتیسکێڵ

ئەگەرچی ئەم ڕووداوە بوو بەدوا ڕووداوی سیاسیی لەژیانی جۆن سمیسدا، چونکە هەر بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە بەهۆی جەڵتەی

دڵەوە کۆچی دوایی کرد و لەسەرەتای سەرکەوتنیکی گەورەی پارتەکەیدا جارێکی دیکە پارتەکەی توشی کێشەی لەدەستچونی سەرۆکەکەیان کردەوە، هەروەکو چۆن لەڕوداوێکی هاوشێوەدا (گێیتیسکیڵ)ی سەرکردەی خاوەن هێز و توانای ئەو پارتە لەساڵی ١٩٦٣ بەکۆچی ناوادەی خۆی لەیبەری توشی بۆشاییەکی گەورەکرد.



## تۆنی بلێر و لەیبەری نوێ



سەرکردایەتییەکی دڵنیاکەرەوە بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی ڕکابەری و خەباتی نوێی پارلەمانیی نێو لەیبەر لە هەڵبژاردنی (تۆنی بلێر)ەوە بۆ سەرۆکایەتیکردنی ئەو پارتە دەست پێدەکات. تۆنی بلێر گەنجترین سەرکردەیە کەلە مێژووی دروستبوونی لەیبەرەوە هەتا ئەم ساتە وەختە توانیبێتی سەرۆکایەتیکردنی ئەو پارتەسیاسییە گەورە بریتانی و ناسراوەی جیهان بگرێتە دەست. لەنیو لەیبەردا زیاتر وەکو سەرکردەی مۆدێرنیزەکردنی بەرنامەو سیاسەتە ڕیفۆرمیستەکانی نێو کایە سیاسییەکانی ئەو پارتە دەناسرێتەوە.

پەیامی بلێر هەر لەیەکەمین ڕاگەیاندنی دوای هەڵبژاردنی بەسەرۆکی لەیبەردەرکەوتو، بەڕوونی ئامانج و بەرنامە ڕیفۆرمیەکانی خۆی ڕاگەیاند، هەربۆیە ڕاشکاوانە لە یەکەمین ڕاگەیاندنی خۆیدا بەئەندامانی پارتەکەی و تەواوی بریتانیەکان، ئەوانەی وەکو هەوادار یان یارمەتیدەری سیاسەتی لەیبەری دەناسرانەوە ڕاگەیاند کەبێ ئەنجامدانی ڕیفۆرمی ڕیشەیی قوڵ، لەیبەر ناتوانێت فەرمانڕەوایی وڵات بکات، بلێر ڕوو لەئەندامانی لەیبەر گوتی ( ئەگەر بتانەوێت ببنەوە بە پارتی فەرمانڕەوای وڵات ئەوا لەیبەر پێویستی بەڕیفۆرمێکی ڕادیکاڵانەی مۆدێرن هەیە، بەتەنها ڕیفۆرمێکی ڕادیکاڵانە، زامنی بردنەوەی گرەوی فەرمانڕەوایی وڵاتەلەلایەن لەیبەرەوە).

تۆنی بلێر، ناوی تەواوی (ئەنتۆنی چارڵس لینتن بلێر)ە لە٦ی مانگی مەی ساڵی ١٩٥٣ لە نێو خانەوادەیەکی مام ناوەند لەدایک بووە، دەرچووی بەشی یاسایە، لەنێوان ساڵانی ١٩٧٦ — ١٩٨٣ کاری پارێزەری کردووە. لەدوای ئەو کاتەوە پەیوەندی کردووە بە پارتی کرێکارانی بریتانیاوە. تۆنی بلێر وەکو نوێنەری نەوەیەکی نوێی بریتانیا لەنێو لەیبەردا دەرکەوتووە، لەژیانی سیاسییدا لە نێو ئەوپارتەدا ڕۆڵێکی ئێجگار دیار و بەرچاوی هەبوو، بەبیروباوەڕە ڕادیکاڵ و مۆدێرنەکانی هەمیشە لە نێو پارتەکەی و



لەکاتی نوێنەرایەتیکردنی پارتەکەی لەنێو پارلەمانی بریتانیا وەکو (ئێم.پی)یەکی چالاک و ڕیفۆرمیست ناوی دەرکردووە.

تۆنی بلێر لەژیانی سیاسیی خۆیدا بەخێرایی پێشکەوتووە، وەکو وتاربێژێکی بەئەزمون و بەزمانێکی دیبلۆماسی ئارام هەمیشە توانیویەتی جێگای سەرسوڕمان و متمانەی قوڵی هاوکارەکانی بێت، لەنێو لەیبەردا و لەنێو مێژووی هاوچەرخی سیاسیی بریتانیادا، بلێر بەسەرتۆپی سەرکردە سیاسییەکان و پیاوی دەوڵەتی هاوچەرخ و مۆدێرنیزمەکردنی دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی دەوڵەتی بریتانیا ناوزەد کراوە. لەساڵی ١٩٨٣ تا ساڵی ٢٠٠٧ وەکو ئەندامی پارلەمان بەنوێنەرایەتی شاری (سێجیفیڵد) ئەندامی پارلەمانی بریتانیا بووە، لەنێو پارلەماندا چەندین پۆستی گرنگی وەرگرتووە لەوانە: (قسەکەر بەناوی پارتی ئۆپۆزسیۆنەوە (لەیبەر) بۆ کاروباری داریی) و هەروەها (قسەکەری پارتی ئۆپۆزسیۆن بۆ کاروباری بازرگانی و پیشەسازی).

لەساڵی ١٩٩٢ هەڵبژێردراوە بۆ ئەندامێتی (کۆمیتەی بەڕێوەبردنی نیشتیمانیی پارتی کرێکارانی بریتانیا و ساڵی ١٩٩٤، دوای مردنی سەرۆکی لەیبەر (جۆن سمیس)، تۆنی بلێر بەسەرۆکی ئەو پارتە هەڵدەبژێردرێت تا ساڵی ٢٠٠٧ ئەو کاتەی کەدەست لەکارکیشانەوەی خۆی وەکو سەرۆکی ئەو پارتە ڕاگەیاند.

تۆنی بلێر توانی مێژوو بۆ پارتەکەی بخولقێنێ. لەماوەی سێ خولی هەڵبژاردندا پارتەکەی بە رەو سەرکەوتن و بردنەوەی هەڵبژاردنەکان تاو بدات و بەو پێیەش خۆی وەکو سەرۆکی پارتەکەی و بەپێی دەستوری سیاسیی ئەو پارتەش (بۆ هەڵبژاردن و بەڕێوەبردن) توانیویەتی سەرۆکایەتی سێ کابینەی لەسەریەکی حکومەتی بریتانی بکات و لە ٢ ی مەی ساڵی ١٩٩٧ بۆ مانگی جونی (حوزێران)ی ساڵی ٢٠٠٧ پۆستی سەرۆک وەزیرانی و ئۆفیسی ژمارە ١٠ ی (داونینگ ستریت)، گرنگترین و گەورەترین و بەهێزترین ئۆفیسی بەڕێوەبردنی وڵات، بەڕێوەببات تا ئەوکاتەی وازهێنانی خۆی لەو پۆستە ڕاگەیاند .

تۆنی بلێر هەر لەگەڵ هاتنە سەرکار و وەرگرتنی سەرۆکایەتی لەیبەر بانگەشەی جدیی کرد بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە سیاسەت و بەرنامەی پارتەکەیداو، داوای گۆڕانکاری کرد لە نێو دەستوری سیاسیی لەیبەر و یاساکانی هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتن و خۆکاندید کردن. هەروەها گۆڕانکاری گرنگی ئەنجامدا لە (ئای.ڤی) و ڕوانین و بیرکردنەوەکانی لەیبەر سەبارەت بەشێوازی بەڕێوەبردنی وڵات و سیستمی دەوڵەتداری. ئەگەرچی بانگەشەی تۆنی بلێر بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لەدەستوری سیاسیی لەیبەر و گۆڕانکاری لەتەکنیکی بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری ڕووبەڕووی ناڕەزایی هەندێک سەرکردە تڕادشنەڵیەکانی نێو لەیبەر بووەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا



توانی هەنگاو بەرەو سەرکەوتنێکی گەورە بەسەر نەیارە تەقلیدیەکانی نێو حزبەکەیدا بهاوێژێ و دواجار بەسەلیقەوە سیاسەت و ئارەزوو و ئیرادەی گۆڕانی لەیبەر سەرکردایەتی بکات و لە کۆنفرانسێکی تایبەتی مانگی ئێپرەیلی ساڵی ١٩٩٥ ئیرادەی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری و نوێبوونەوە زاڵ بکات .

ئەم هەنگاوەی سەرۆک بلێر هەنگاوی دیکەی بەشوێندا هات کەئەویش هەنگاوی بەجەماوەریکردنی بەرنامە و سیاسەت و مانیفێستی (لەیبەری نوێ) بوو کەداوای ژیانێکی دیکەی نوێی بۆ هاووڵاتیانی بریتانی کردبووە ئامانج. بێگومان مەبەستی بلێر لە دابینکردنی (ژیانێکی نوێ بۆ بریتانیەکان) مەبەستێکی ستراتیژی ڕوون و ئاشکرابوو، مەبەستی دروستکردنی گۆڕان و نوێبوونەوە و ڕیفۆرم بوو لەتەواوی کایەکانی ژیان لەبریتانیا، لەهەموو یەکە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابوری و خزمەتگوزاریەکانی لەچەشنی خزمەتگوزاری تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و ڕەچاوکردنی زیاتری مافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی دەرفەتی کار و دواتر بەرزکردنەوەی داهاتی تاک و نیشتیمانی، نەک فرێدانی دروشمی سیاسیی زەق و پەنابردن بۆ تاکتیکی سیاسیی. هەربۆیە ئەم مانیفێستە تازەیەی لەیبەر لەساڵی ١٩٩٦ خرایە گفتوگۆی چڕوپڕ و دواتر دەنگدانەوە لەلایەن تێکڕای ئەندامانی لەیبەرەوەو لەسەرتاسەری بریتانیا دەنگی لەسەردرا، بەمەش ئەم مانیفێستە

بوو بەڕاسپاردەو بەرنامەی کارکردنی بڕیار لەسەردراوی لەیبەر . ئەجنداکانی ئەم مانیفێستە سیاسییەی لەیبەر بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر پێنج تەوەرەی هەرە گرنگ بەلای بریتانیەکانەوە جەختی کردبووەوە کەبریتی بوون لە: (بایەخدانی زیاتر بەبواری پەروەردە، نەهێشتنی تاوان، بەرزکردنەوەی ڕادەی خزمەتگوزاری تەندروستی، ڕەخساندنی زۆرترین هەلودەرفەتی کارکردن، جێگیرکردنی ئابووری وڵات). ئەم پێج تەوەرە گرنگانە بەڵێنی جدی لەیبەرییەکان و ناوەندی کارکردنی سیاسیی ئەوان بوون و ئەمجارەیان خۆیان لەقەرەی (مەسەلەی بەرزکردنەوەی باج) نەدا و خۆیان لەم کێشە ئاڵۆزە لادا بەتایبەت کە پێشتر و بەتایبەت لەساڵی ١٩٩٢ لەسەر ئەم مەسەلەیە توشی دۆڕان و سەرئێشەیەکی سیاسیی زۆر ببوون. ئەم پلانە تازەیەی بلێر توانی پشتیوانییەکی گەورەی کەم وێنە لەلایەن زۆرایەتیەکی ڕەهای ئەندامانی پارتەکەوە بەڕێژەی ٩٥% بەدەست بهێنێت.

لەکەمپەینی هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٩٧ ئەنجامە بەراییەکان وایان دەردەخست کە ئاستی جەماوەری و پشتیوانیی پارتی پارێزگاران لەکەمبوونەوەی بەردەوامدایە بێگومان ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەتێڕوانین و فەلسەفەی سیاسیی و بەڕێوەبردنی ئەوان و مەسەلەی زیادکردنی ڕێژەی (باج)ەوە بوو. لەبەرامبەر ئەوەشدا هەڵمەت و بانگەشەکانی لەیبەر لە کەمپەینی هەڵبژاردندا



بەشێوەیەکی ئارام و کاریگەر ئامانجە سیاسییەکانی خۆی دەپێکا. لەم هەڵمەتی هەڵبژارنەدا ئامانجی لەیبەر مسۆگەرکردنی (٧٠) کورسی سەرۆکایەتی شارەداریەکان و (٢١٦ ) کورسی ئەندامێتی پەرلەمان بوو، ئەگەرچی دەرئەنجامی هەلبژاردنەکان دواتر زۆر لە چاوەڕوانییەکانی لەیبەر گەورەتر بوو، بەتایبەت کە لەیبەر لەو هەڵبژاردنەدا گەورەترین سەرکەوتنی لەمێژووی سیاسیی خۆیدا بەسەر پارتە ڕکابەرە ترادشنەڵەکەی خۆیدا (پارێزگاران) بەدەستهێنا، سەرکەوتنێک کەڕادەی بەجەماوەریبوونی لەیبەری گەیاندە لوتکە، بەمەش لەیبەر توانی ٤١٨ کورسی نێو پەرلەمان بۆخۆی مسۆگەر بکات. بۆیەکەمین جاریش بوو لەمێژووی سیاسیی بریتانیادا ئەم ڕێژە بەرچاوەی ژنان بگەنە پۆستی ئەندامێتی پارلەمان، چونکە لەنێو ئەو( ٤١٨ )ئەندام پارلەمانەی لەیبەردا (١٠١) ئەندام پارلەمانی ژن هەبوون. ئەمە جگەلەوەی کەبۆیەکەمین جار بوو لەیبەر بتوانێت بەزۆرایەتی( ١٧٩ )کورسی هەڵبژاردنێکی گشتی وڵات بەرێتەوە.

دوای ئەو سەرکەوتنە بەرچاوە بەپێی دەستوری سیاسیی لەیبەر و بەپێی دەستوری نەنوسراوی بریتانیا لەلایەن (شاژن)ی وڵاتەوە (تۆنی بلێر) داوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی لێکرا، بەمەش بلیر بوو بە یەکەمی سەرۆک وەزیرانی گەنج لەمێژووی سیاسیی ئەو وڵاتەدا. تۆنی بلێر هەر لەگەڵ دەست

بەکاربوونی لە پۆستی سەرۆک وەزیرانی وڵاتدا (کەبەرزترین پۆستی جێبەجێ کردنی وڵاتە) توانی سەرکردایەتی وڵات بەرەو ئاڕاستەیەکی نوێ بەرێت. توانی چەندین یاسای گرنگ بەقازانجی چینە هەژارەکان و کەم دەرامەتەکان دەربکات، لەوانە دیاریکردنی (ڕادەی لانی کەمی کرێی نیشتیمانی)، (کەمەبەست لێی دیاریکردنی کرێی سەعاتی کارە و بەپێی ئەو یاسایە هیچ خاوەنکارێک ناتوانێت سەرپێچی پێدانی لانی کەمی موچە بکات لەکاتی پێدانی موچە بەکریکاراندا، واتا بەپێی ئەو یاسایەی حکومەتەکەی بلێر بۆ هەر سەعاتێکی کارکردن، خاوەن کار، حکومی بێت یان کەرتی تایبەتی، ناتوانێت لە بڕەپارەی دیاریکراو کەمتر بەکەسی کارکەر بدات). ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە حکومەتەکەی بلێر زیاتر لە (یەک ملیۆن) کاری تازەی لەسەرانسەری وڵاتدا ڕاگەیاند و ژمارەی قوتابیانی لەنێوپۆلەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکاندا کەم کردەوە بەهۆی کردنەوەی هەزاران قوتابخانەی نوێ. بۆ مەسەلەی خزمەتگوزاری تەندوستیش، لەسەردەستی کابینەکەی لەیبەر، زۆرترین بڕە پارە خرایە بەردەم پلانەکانی (خزمەتگوزاریی تەندروستی نیشتیمانی)، بەمەش یەکەمین جار بوو لەمێژووی سیاسیی بریتانیادا بەم شێوەیەی ڕەچاوی کەم دەرامەتەکانی وڵات و خانەنشینان و بێکاران و



دایکان بکرێت لە ڕەخساندنی دەرفەتی چونیەک لە خزمەتگوزاریی تەندروستی نیشتیمانیدا.



مێشێل هاوارد سەرۆکی پارتی پارێزگاران

تۆنی بلێر لە ( ٧ ) ی مانگی (جونی) ساڵی ٢٠٠١ جارێکی دیکەش توانی لەهەڵبژاردنی گشتی وڵاتدا بەسەر پارتی پارێزگاران و لیبراڵ دیموکراتەکاندا (کەسێیەم گەورە پارتی بریتانیایە)سەرکەوتنێکی گەورە بۆ لەیبەر مسۆگەر بکات و بەزۆرایەتی (١٦٧) کورسی بەسەریاندا سەربکەوێت، بەمەش بۆ جاری دووەم بلێر توانی کابینەی دووەمی حکومەت بەسەرۆکایەتی

خۆی رابگەیەنێت... چوار ساڵ دوای ئەو مێژووەش و بۆجاری سێیەم، تۆنی بلێر توانی مێژوو بۆ خۆی و پارتەکەی بخولقێنێت، کاتێک لە (٥) ی مانگی (مەی) ٢٠٠٥ توانی بۆ جاری سێیەم پۆستی سەرۆک وەزیرانی بۆخۆی مسۆگەر بکات، دوای ئەوەی لەیبەر توانی سێیەمین هەڵبژاردنی وڵات بباتەوە و جارێکی دیکەش کۆنسێرڤەتیڤەکان بەسەرکردایەتی سەرکردەی نوێی پارتەکە ( میشێل هاوارد)، لەخەونی گەڕانەوە بۆ فەرمانڕەواییکردنی بریتانیا، بێ هیوا بکات.

لەکەمپەینی هەڵبژاردنە گشتییەکانی ئەمجارەدا لەیبەر زیاتر جەختی لەسەر دەسکەوتە خزمەتگوزاریە بەرچاوە نیشتیمانییەکانی حکومەتەکەی بلێر دەکردەوە و کەمپەینەکەش لەژێر دروشمی (ئەگەر ئەو خزمەتگوزاریانە دەنرخێنیت.. دەنگ بدە بەلەیبەر) بوو،






بەڵام هەرچی کۆنسیرڤەتیڤەکان بوون بەرێبەرایەتی (هاوارد) لە دژە کەمپەینی خۆیاندا زیارتر جەختیان لەسەر مەسەلەی (زیادکردنی ڕێژەی تاوان و کۆچی نایاسایی بۆ وڵات) لەسەردەمی حکومەتەکەی بلێردا دەکردەوە. ئەگەرچی کۆنسێرڤەتیڤەکان

نەیانتوانی شکست بە لەیبەر بهێنن بەڵام لەڕاستیدا دژە کەمپینەکەیان و ئەو مەسەلانەی لەبانگەشەی هەڵبژاردندا لەسەر لەیبەر و سیاسەتەکانی تۆنی بلێر بەکاریان دەهێنان وەکو مەسەلەکانی (زیادکردنی ڕێژەی تاوان و کۆچی نایاسایی بۆ وڵات) مەسەلەگەلێکی جێگەی بایەخی بریتانیەکان و دەنگدەرانی وڵات بوون و کاریگەری زۆریان هەبوو، تا کارگەیشتە ئەو ڕادەیەی لەیبەر بەزۆرایەتی (٦٧) کورسی هەڵبژاردنەکەی بردەوە و، بەمەش لەیبەر توانی مێژوو بۆ خۆی و بۆ سەرۆکەکەی تۆمار بکات کاتێک توانی لەسێ هەڵبژاردنی گشتیی لەسەریەکی وڵاتدا سەرکەوێت و سەرۆکەکەشی لەسێ خولی لەسەریەکدا لەپۆستی سەرۆکایەتیکردنی سێ کابینە یەک لەدوای یەکەکانی وڵات بهێڵێتەوە.

دوای سێیەمین سەرکەوتنی پارتەکەی و بۆ ڕۆژێک دوای ڕاگەیاندنی ئەو سەرکەوتنەوە لە بەرەبەیانیەکی تازەدا کە یەکەمین ڕۆژی دەستبەکاربوونی بوو لە سێیەمین کابینەی خۆیدا وەکو سەرۆک وەزیران تۆنی بلێر ڕوو لە ئەندامانی پارتەکەی و هەموو بریتانیەکان لە (داونینگ ستریت)ەوە گوتی: ( ئەوە شانازیەکی ئێجگار مەزن و دەرفەتێکی زۆر گەورەشە بۆ من کەوا بۆ جاری سێیەم و بۆ سێیەمین خولی سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی وڵات هەڵدەبژێردرێمەوە و، لەڕاستیشدا من زۆر بەئاگام سەبارەت بەو



شانازی و دەرفەتە گەورەیەی خۆمەوە....کاتێک کەبۆیەکەمین جار لێرە وەستام هەشت ساڵ لەمەوبەر، من زۆر لەئێستا گەنجتر بووم، بەڵام ئەزموونم لە ئێستا کەمتر بوو...ئێمە دەبێت ئەمڕۆ لەڕۆژان زیاتر ئەوەمان لەبیر بێت کەداخوازی و ماف و پێداویستییەکانی خەڵکی بخەینە سەرووی هەموو شتێکەوە، ئەوەی کەخەڵک دەیەوێت لەسەرووی هەموو شتەکانەوە بێت، ئێوە، من، حکومەت، پێویستە زانیاریمان دەربارەی داخوازییەکانی خەڵک و، هەروەها زانیاریمان دەربارەی داواو بڕیار و لێدوان و چارەنوسیان هەبێت، بۆئەوەی داخوازییەکانیان بۆ جێبەجێ بکەین).

# دەست لەکارکێشانەوەی
# بلێر و هاتنی گۆردن براون




**گۆردن براون لەکاتی خوێندنەوە وتاری خۆی لەکۆنفرانسی لەیبەر لەباکوری ئینگلاند لەشاری مانچستەر لەهۆڵی (بریج وۆتەر) ٢٠٠٧/٦/٢٤ .کۆنفرانسەکە لەژێر دروشمی (گۆردن براون بۆ بریتانیا) بەڕێوە چوو.**

ئەگەرچی تۆنی بلێر توانی بۆ سێ خولی لەسەریەکی هەڵبژادنە پارلەمانییەکانی بریتانیا سەرکردایەتیی سەرکەوتنی پارتەکەی بەسەر پارتە رکابەرەکانیدا بکات و مێژوو بۆ لەیبەر و لەیبەرییەکان بخولقێنێ، بەڵام دیسان ئەمە ڕێگر نەبوو لەبەردەم



فراوان بوونی دەنگی ناڕەزایی لەبەرامبەر سیاسەتەکانیدا، لەبەرامبەر ویستی ئەنجامدانی نوێبوونەوە و گۆڕانکاری، لەبەرامبەر ئەو دەنگانەی کە پێیان وابوو ئیدی سەردەمی سەرۆکایەتی بلێر لەنێو لەیبەردا کۆتایی هاتووە. بانگەوازی گۆڕینی بلێر لەنێو پارتەکەی و بریتانیەکان بەهۆی پاشکۆکردنی سیاسەتەکانی بریتانیا بەسیاسەتەکانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە و پشتیوانیکردنی بلێر لەسیاسەتەکانی (جۆرج دەبلیو بوش)ی سەرۆکی ئەو وڵاتە لەمەسەلەگەلێکی لەچەشنی جەنگی یەکەمی کەنداو و سەپاندنی سزا ئابورییەکان بەسەر عیراق و مەسەلەی گەڕان و پشکنین بەدوای چەکە کۆمەڵکوژەکانی حکومەتی بەعس و دواتر بەشداریکردنی بەرچاوی حکومەتی بلێر لەڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و زیادکردنی ڕێژەی کۆچی نایاسایی بۆ بریتانیا، ئەمانە هەموویان وایان کرد دەنگی نەیاری بلێر لەنێو ڕیزەکانی پارتەکەی خۆیدا ڕووی لەزیاد بوون بکات، بەتایبەت کە پارتی پارێزگاران بەشێوەیەکی بەهێز لەنێو پارلەماندا پشتیوانییان کرد لە گروپی ناڕازی لەسیاسەتەکانی سەرۆک وەزیران و سەرۆکی پاتی لەیبەر (تۆنی بلێر).

بێگومان لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە گرنگە بدەین کەدژایەتیکردنی بەشێک لەسیاسییەکانی نێو لەیبەر بۆ سەرۆکەکەیان لەسەر ڕەوایەتی یان ناڕەوایەتی ئەو سیاسەتانە

نەبوو کە تۆنی بلێر گرتبوونیەبەر، بەتایبەت لەسەر مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە چەکە کۆکوژەکان و دواتر ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام، بەڵکو مەسەلەکان زیاتر پەیوەستبوون بەو پاشکۆیەتییەی سیاسەتەکانی (بریتانیای گەورە) بەسیاسەتی ئەوانی دیکەوە، بەتایبەت هی ئەمریکییەکان، چونکە لەڕاستیدا بریتانیەکان هەستیان بەبچوککردنەوەی ڕۆڵ و سەرکردایەتی وڵاتەکەیان دەکرد لەکێشە و مەسەلە گەرم و چارەنوسسازەکانی دنیادا کەپێشتر هەرگیز ئەم هەستی خۆبەکەم زانینەیان بەخۆیانەوە نەبینیووە، نەک هەرئەوە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ئەوان وەکو تاکەسەردار و سەروەری هەموو دنیا وێنەی خۆیان و شانشینە یەکگرتووە دیموکراسیەکەیان لەبەرچاو بووە، ئەمە لەلایەک. لەلایەکەی دیکەشەوە، خودی لەیبەر وەکو پارتێکی سیاسیی و ئەندامانی ئەو پارتە بەتایبەتی و بریتانی و خۆرئاواییەکان بەگشتی توانای مانەوەیان لەژێر یەک چەتر و یەک سەرکردەو یەک شێواز و مۆدیلی ژیان، با ئەو شێواز و مۆدیلانەش لەناوەرۆکدا دیار و مۆدیرنیش بن، سنورداره. ئەمە مەسەلەگەلێکن پەیوەندی قوڵیان بەو کەڵچەرە عەقڵانی و کراوەیەوە هەیە کەهەمیشە توانای خوڵقاندنی گۆڕان و نوێبوونەوەی هەیە، توانای گۆڕان و نوێبوونەوەیەک کەبووەتە ناسنامەی خۆرئاوا و، لەڕۆژهەڵاتییەکان و ئەوانی دیکەی جیادەکاتەوە.





سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش و تۆنی بلێر
سەرۆک وەزیرانی پێشوی بەریتانیا لە کۆشکی سپی

ئەگەرچی ڕۆژ بەڕۆژ دەنگی نارەزایی لە دژی پاشکۆیەتیی کردنی سیاسەتەکانی بریتانیا بەسیاسەتەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، چ لەنێو پارلەمان و چ لەشەقامی بریتانی و لەنێو خودی پارتەکەشیدا ڕووی لەزیادبوون دەکرد، بەڵام تۆنی بلێر سور بوو لەسیاسەتی پشتیوانیکردنی ئەمریکا و بەتوندی پشتیوانی لەرەوایەتیی سیاسەتەکانی خۆی و سەرۆک بوش دەکرد لەمەڕ چەکەکۆکوژەکان و جەنگی ڕزگارکردنی عێراق. سور بوو لەسەر ئەوەی کەڕۆڵی وڵاتەکەی ڕۆڵێکی شایستەی پڕ لەبەرپرسیارێتی سیاسیی و مۆڕالی نیودەوڵەتی بووە. سوربوو

لەسەر ئەوەی کەلەسەردەمی سەرۆکایەتیی ئەو دا (بریتانیا بۆ پێشەوە، نەک بۆ دواوە) هەنگاوی ناوە، بەڵام بیگومان سوربوونی تۆنی بلیر لەسەر ژیری و ڕەوایەتی سیاسەتەکانی خۆی بۆ خۆداکوتان بەکورسی سەرۆکایەتی لەیبەر و پۆستی سەرۆک وەزیرانی وڵات نەبوو، هەربۆیە لەڕۆژی ( ١٠ )ی مەی ساڵی ٢٠٠٧ لە (یانەی کرێکارانی تریمدون) ی ناوچەی هەڵبژاردنی خۆی (سیجیفیڵد) لەبەردەم لایەنگرانی پارتەکەی نیازی دەست لەکارکیشانەوەی خۆی لەهەردوو پۆستی سەرۆکایەتی لەیبەر و حکومەت ئاشکرا کردو لە ٢٤ جونی ٢٠٠٧ دەستی لەسەرۆکایەتی پارتەکەی و ٢٧ ی هەمان مانگیش لەسەرۆکایەتی حکومەت کێشایەوە و لەڕۆژی ١٩ ی مانگی جوڵای (تەمووز)ی هەمان ساڵیش وازی لەئەندامێتی پەرلەمان هێنا، دوای ئەوەی وەکو (نێردراوی دیپلۆماسی چوارقۆڵی نێودەوڵەتی: (نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکێتی ئەوروپا، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و رووسیا بۆ پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) دەستبەکاربوو.





تۆنی بلێر و گۆردن براون

دوای دەستلەکارکێشانەوەشی هەروەک چاوەڕوان دەکراو لە کۆنفرانسێکی تایبەتی (لەیبەر پارتی) کەلە ٢٤ مانگی جونی ساڵی٢٠٠٧ لەشاری مانچستەری سەر بەهەرێمی (ئینگلاند) بەڕێوەچوو، گۆردن براونی وەزیری دارایی و بەهێزترین سەرکردەی سیاسیی ئەو پارتە لەدوای تۆنی بلێر بەشێوەیەکی چاوەڕوانکراو

هەردوو پۆستەکەی بلێری گرتەدەست و لەگەڵ دەستبەکاربوونیشی وەکو سەرۆکی لەیبەر بەڵێنی بەتۆنی بلێر و ئەندامانی پارتەکەیدا کە هەوڵی بێوچان بدات بۆ نوێکردنەوەی لەیبەر لەهەموو روویەکەوە هەروەکو، چۆن لەگەڵ دەستنیشانکردنی وەکو سەرۆک وەزیران بڕیاری کابینەیەکی دیکەی تازەی حکومەتی ڕاگەیاند. بەم پێیە جارێکی دیکە چانسی هەبوونی ڕێبەرێکی نوێ بۆ لەیبەر و سەرۆک وەزیرانێکی تازە بۆ بریتانیەکان هاتە ئاراوە.

گۆردن براون لە ٢٠ مانگی فێبریوەری ساڵی ١٩٥١ لەشارۆچکەی (گۆڤان) ی شاری (گلاسکۆ)ی هەرێمی (سکۆتلەندا) لەدایک بووە، بڕوانامەی (دکتۆرای) لە فەلسەفەی مێژوو لەزانکۆی بەناوبانگی (ئەندەبەرە) بەدەستهێناوە، لەساڵی ١٩٨٣ وە ئەندامی پەرلەمانی بریتانیایە، لەپەرلەمان توانیویەتی پۆستی لۆردی یەکەمی خەزێنە بگرێتە دەست. (براون) پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی وەزیران کۆمەڵێک پۆستی گرنگی لە ئەستۆ گرتووە، لەوانە پۆستی (وەزیری کاروباری مەدەنی و وەزیری دارایی). براون لەمێژووی هاوچەرخی بریتانیادا تاکە سیاسییەکە کەتوانیبێتی بۆ ماوەی ١٠ ساڵ و ٢ مانگ لەو پۆستە گرنگەی حکومەتی بریتانیدا بمێنێتەوە.





گۆردن براون و تۆنی بلێر

دوای مردنی کتوپڕی (جۆن سمیس) ی سەرۆکی پێشوتری لەیبەر گۆردن براون لەگەڵ تۆنی بلێر دوو تاکە سیاسییی نێو ئەو پارتە بوون بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ئەرکە گرنگەی کە سەرۆکایەتیکردنی پارتەکە بوو بگرنە دەست، ئەگەرچی لەبەرئەوەی ئاستی جەماوەریی تۆنی بلێر ئەوەندە لەبرەودابوو گۆردن براون ناچار بوو دەستبەرداری کاندیدکردنی خۆی بێت، بەڵام دیسان لەبەر پەیوەندی بەتینی نێوانیان و لەبەر ئەو رۆڵە گەورەیەی کەبراون لەنێو ژیانی سیاسیی و خەباتی پارلەمانی

لەبیەردا وازیی دەکرد تۆنی بلێر بەڵێنی پێدا کە لە کابینەکەی خۆیدا پۆستی وەزیری دارایی بەدەسەڵاتێکی کراوەوە بخاتە بەردەم.

لەسەردەستی گۆردن براون ئابووری بریتانیا بەڕادەیەکی بەرچاو گەشەی کرد. سیستمی بانکەکانی ئینگلاندا سەربەخۆییەکی تەوایان پێبەخشرا. ڕێژەی باجی داهات و موڵکداریتی بەشێوەیەکی بەرچاو لەسەر هاووڵاتیان کەمکرانەوە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٩٩ براون ڕێژەی باجی داهاتی لە٢٠% بۆ ١٠% کەم کردەوە. نرخی پاوەندی بریتانی و بەهای ئەو پارەیە بەبەرزی مایەوە. تەنانەت دوای ئەوەی کەوڵاتانی یەکێتی ئەوروپا سیستمی دراوی هاوبەش و (یۆریۆ)شیان وەکو پارەی هەموو دەوڵەتانی ئەندام ناساند، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەهای پاوەند بەرێژەیەکی بەرچاو لەسەرووی دراوە هاوبەشەکەی یەکێتی ئەوروپاوەیە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش ڕێژەی داهاتی تاکەکەسی لەبریتانیا بەرێژەیەکی دیار کەوتە سەرووی ڕێژەی داهاتی تاکەکەسی هەموو وڵاتانی ئینگلیزی زمانەوە و بێکاریش بەرێژەی ٧% لەوڵاتدا ڕووی لەکەمبوونەوە کرد، ئەمە وێڕای ئەو ڕاستییەی کەبڕی بەخشین و کۆمەکە داراییەکانی حکومەتی بریتانیا بۆ وڵاتە هەژارەکان و لەکاتی قەومانی شەڕ و کارەساتە سروشتییەکان لەسەرانسەری دنیادا لەسەردەمی براوندا لەئەوپەڕی دەستکرانەوەی خۆیدا بووە.



ئەم هەموو دەسکەوتە گەورانە ناوبانگی گۆردن براونیان ڕۆژبەڕۆژ زیاتر درەوشاندەوە تا وای لێهات لەسەر زاری میدیای بریتانی (براون) بە (پیاوی ئابووری وڵات)ناوزەدکرا.

ئەگەرچی براون یەکەم بریتانیی بەڕەگەز (سکۆت)ی نییە کەپۆستی سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی لەبیەر وەردەگرێت، چونکە بەر لەئەو (کییە هاردی) یەک لەدامەزرێنەرە سەرەکییەکانی لەبیەر و تۆنی بلێری سەرۆک وەزیرانی مۆدێرن و نێوداری پێشوی بریتانیا، ئەو پۆستەیان وەرگرتووە، بەڵام لەڕاستیدا گۆردن براون تاکە بریتانییەکی بەڕەگەز (سکۆت)یە کە ڕاستەوخۆ لە بازنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لەهەرێمی سکۆتلەندەوە پێی نایە ئۆفیسی ژمارە ١٠ داونینگ ستریت و گۆڕەپانی سەرۆکایەتیکردنی لەبیەر.

لەڕۆژی ٢٧ ی جونی ٢٠٠٧ براون لەلایەن (شاژن ئەلیزابێسی دووەم)ەوە جگەلەوەی کەستایشی کرا لەبەڕێوەبردنی پۆستی وەزارەتی دارایی، لەهەمانکاتدا بەپێی دەستوری بریتانی متمانەی شاژن ئەلیزابێسی دووەمیشی وەرگرت بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بەمەش براون بوو بەشەشەمین سەرۆک وەزیری وڵات لەکۆی ئەو دوازدە سەرۆک وەزیرانەی دوای جەنگی دووەمی جیهانی کەئەو پۆستە بگرێتەدەست، بێئەوی هەڵبژاردنی گشتی وڵاتی بۆ سازبکرێ . هەرکە بروان بوو بەسەرۆک وەزیران و جێگەکەی بلێری گرتەوە بەرنامەی کاری حکومەتەی خۆی ڕاگەیاند، کەبریتی بوون

له: (گەشەپێدانی زیاتری بواری پەروەردە و فێرکردن و پەرەپێدان و گەشەپیدانی نێودەوڵەتی لەڕووی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدانی دیموکراسی جیهانی و بنیاتنانی یەکسانی و ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی چوونیەک بۆ مرۆڤەکان و نوێ کردنەوەی ڕۆحی لێبوردەیی لای بریتانیەکان و گەڕاندنەوەی متمانە و مەیلیان بۆ سیاسەت و بەرتەسککردنەوەی زیاتری نابەرابەری و سەرکەوتنێکی حەتمیی عەقڵانی بەسەر شەڕی تیرۆریزمدا) . ئەمە جگە لەوەی کە براون پێشنیاری گواستنەوەی هەندێک لە دەسەڵاتە وەزارییە تەقلیدیەکانی سەرۆک وەزیران و مافی ڕاوێژکاری مەلەکی کرد بۆ پەرلەمان، بۆ نموونە: ( دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی شەڕ و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر وادەی پۆستە باڵاکان) هەروەکو براون داوی کرد کە پارلەمان مافی سەرپەرشتیکردنی پەیماننامە نێو دەوڵەتیەکان و سەرپەرشتی زۆرتری بازنەی دەزگا هەواڵگریەکانی بریتانیا بکات هەروەک چۆن داواشی کرد کەهەندێک لەماف و (ئیمتیازات)ەکانی پارلەمان بدریتەوە بەخەڵک و پەرلەمانیش بەپێی یاسای نوێ، مۆدێرنیزەی بڕیارەکانی بکات. براون بەڵێنی کۆمەڵێک ڕیفۆرمی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی گرنگی ڕاگەیاند و بەڵێنیشیدا، کەبنەبڕی گەندەڵی بکات و چاو بەیاساکانی نێشتەجێ بوون و خانووبەرە دابخشێنێتەوە و کار بۆ بەرەو پێشبردنی خزمەتگوزاری تەندروستی



نیشتیمانی بکات و ڕیفۆرمی بنەڕەتی لە شێوازی دەستوری وڵاتدا بکات و هەوڵبدات بۆ دانانی دەستورێکی سکۆلاری نوسراو، لەچەشنی دستوری نوسراوی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بۆ هەتاهەتایە کۆتایی بەمێژووی کارکردنی وڵات بەدەستورێکی نەنوسراو بهێنێت.

## لەیبەر و خەڵک

لەیبەر لەبەرنامە سیاسییەکەی خۆیدا پەیوەندی نێوان خۆی و خەڵکی بەم شێوەیەی خوارەوە دەربڕیووە: ( لەیبەر، لەسەرەتای دروستبوونیەوە هەتا ئێستا، خەڵکی لا ئامانج بووە، هەربۆیە لەسەر ئەندامانی لەیبەرە کە بەرچاوڕوونی بدەن بەخەڵکی دەربارەی ئەو سیاسەت و ئامانجە ئاشکرایانەی لەیبەر لەپێناوی بنیاتنانی بریتانییایەکی باشتر بۆ هەموان خەباتیان بۆ دەکات). ئەم باوەڕە بنەڕەتیانەی کەلەیبەر لەپەیوەندی نێوان خۆی و خەڵکیدا چەسپاندوونی مانای ئەوەیە کەلەیبەر وەکو پارتێکی سیاسیی لەپێناویاندا کۆشش دەکات لەسەرانسەری جیهاندا و لەم پێناوەشدایە کەلەیبەر لەپەیوەندی و هاوکاریکردنێکی ڕێکوپێکدایە لەگەڵ پارتە سۆسیالستەکانی دنیادا، هەروەکو چۆن بەردەوامیشە لە هاوکاریکردن و هەڵمەتی ئامۆژگاریکردنی چەسپاندنی دیموکراسی لە هەموو کونجێکی دنیادا، بەتایبەت لەو شوێنانەی

دنیا، که هێشتا بێ بەشن لێی و پرشنگی خۆری دێموکراسییان نەگەیشتۆتێ.

لەیبەر بەشێوەیەکی مەبدەئی کار دەکات بۆ خەڵک لەپێناوی :

*بەردەوامکردنی بنیاتنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییە گشتییەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو شایستەو بەردەوام بۆ هەموان.

* بەخشینی (بیمەی کۆمەڵایەتی) بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پێویستیان پێیەتی.

* دامەزراندن و دروستکردنی یاسای خانەنشینی جیهانی.

*زیادکردنی تەمەنی وازهێنان لەقوتابخانە.

* نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی و ئەتنیکی.

* دامەزراندنی زانکۆی کراوە (ئازاد).

* زیادکردنی یاسای لانی کەمی کرێ (موچە) و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و بەردەوام.



## سیاسەتی هەماهەنگی نێودەوڵەتیی لەیبەر

لەیبەر وای دەبینێت کە بەهۆی کارایی ئەوان و ئەزمونی پارتەکەیان لەبواری کارکردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، حکومەتی بریتانیا توانیویەتی بەشداریەکی چالاکانە بکات لە پاراستنی ئاسایشی جیهان و ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە، هەر بەهۆی ئەم سیاسەتەشەوەیە کە ئاسایشی بریتانیا و باوەڕە مۆرالیەکانی دیموکراسیش بەهۆی هاوکاری دەوڵەتە چالاکەکانی خۆرئاوا و دنیاوە گەشەکردنێکی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیووە. لەیبەر پێیوایە ئامادەگی جیهانی لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی کەڕووبەڕووی گێتی دەبنەوە، بەرپرسیارێتیەکی مرۆیی و مۆڕاڵی و جیهانیەو ئاسایش و تەناهی جیهانیش تەنها لەڕێگەی ئەو هاوکاری و هەماهەنگییە سەرتاسەرییە جیهانییەوە دەستەبەر دەکرێت.

## دیدی جیهانیی لەیبەر

لەیبەر لەو باوەڕەدایە کەدەستەبەرکردن و چارەسەرکردنی بێکاری و برسیەتی و نەخۆشی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی سەر ئاسایشی نیشتیمانی هەرگیز نابن بە ئەلتەرناتیڤ لەڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆریزمدا بەشێوە مەیدانیەکەی. لەیبەر پێی وایە بۆ ئەوەی جیهان بەشێوەیەکی کاریگەر ڕووبەڕووی تیرۆرزم ببێتەوە پێویستە هاوکاری نێودەوڵەتی بەشوێن لێدانی ناونیشانی تیرۆرەوە بێت لەهەر کوێیەک بێت. پێویستە لەو زەمینەیە بدرێت کەتیرۆریزم تیایدا گەشە دەکات.

لەیبەر لەگەڵ ئەو باوەڕەدا کۆکە کەدەڵێ پێویستە بریتانیا بەخەڵک و حکومەتەوە لە خۆئامادەکردنی بەردەوامی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزمدا بێت و لەپلەی یەکەمیشدا پێویستە ڕوانینی بەشێوەیەکی چڕ لەسەر ماڵەکەی خۆی بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا باوەڕیشی وایە کەپێویستە دید و ڕوانینی نێودەوڵەتیی بریتانیا لەسەر تیرۆر بەرفراوانتر بکرێت، لەپێناوی دەستەبەر کردن و بنیاتنانی دادپەروەری لە جیهاندا، دادپەروەریەک کە لەڕێگایەوە هەلی چوونیەک لە پێدانی دەرفەت و دابەشکردنی سامان بۆ هەموان بێ جیاوازی بێنێتەدی. (ئەو ڕێگایەی کە ئێمە دەخوازین تیایدا بەشداربین لە تەناهیکردندا ئەوە ڕەگوڕیشەکەی لەنێو بیروباوەڕی یەکسانی و دادپەروەرییە



کۆمەڵایەتییە پڕ بەهاکەماندایە، بێگومان هەرئەوەشە وای لێکردووین بە دوای بنەبڕکردنی بێکاری و هەژاری و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەکانەوەبین لەهەرکوێیەکی دنیابن، هەروەکو چۆن بەو ڕێگایەدایە کە لەهەوڵی بنیاتنانی ئاشتی جیهانی و پڕۆژەکانی دیموکراسیەوەین لەهەموو کونجێکی دنیادا). بێگومان لەسۆنگەی ئەم دیدە سیاسیی و مۆڕاڵی و مرۆییەی پارتی کرێکارانەوەیە کە ئیمڕۆ بریتانیا بووەتە ئەو هێزە چاکەخوازەی کە بەشێوەیەکی چالاکانە لەکارکردنی بەردەوامدایە بۆ بنیاتنانی ئاشتی و دادپەروەری و ئاسایش لە هەموو جیهاندا.

لەیبەر لەپێناوی پراکتیزەکردنی دیدی سیاسیی خۆی چەندین هەنگاوی بوێرانەی هاویشتووە، چونکە لەڕاستیدا لەسەر دەستی ئەو پارتە بوو مەسەلەی دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ و پاراستنیان لە نێو دڵی سیاسەت و بەرنامەی کاری دەرەوەی حکومەتی بریتانیادا وەکو پرنسیپێکی ئەخلاقی و سیاسیی جێگیر کران. لەسەر دەستی سیاسییەکانی لەیبەر بوو ڕاپۆرتی ساڵانەی مافەکانی مرۆڤ و هەڵمەتی جیهانی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەکی دارایی و دەرفەتی جیهانی بۆ بەدەستهێنانی کۆمەکە داراییەکان، لەپێناوی بەئاکام گەیاندنی پرۆژە جۆر بەجۆرەکانی گەشەپێدان و دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ لە بریتانیاو دواتر لەخۆرئاواو جیهانیشدا بوون بەنەریتێکی مۆراڵی و مرۆیی هەموو دەوڵەت و

ڕێکخراوە خێرخوازیەکان لەسەرانسەری دنیادا، ئەوکاتانە کەئەوان سەرکردایەتیی هەشت دەوڵەتە زلهێزە پیشەسازییەکە (جی ٨) یان دەکرد لە ساڵی ٢٠٠٥. لەسەردەمی سەرۆکایەتی لەیبەردا بوو دەوڵەتە گەورەکانی ئەندام لە (جی ٨ ) بڕیاریاندا گەورەترین پشتیوانی لە بنیاتنانی دیموکراسیەتی جیهانی و پشتیوانی کرانەوە لە شێوازی فەرمانڕەوایێتی لە ئەفریقیا بکەن.هەروەها لەسەردەمی سەرۆکایەتی لەیبەردا بۆ (جی ٨) و (یەکێتی ئەوروپا) توانیان لەنێو ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بگەنە ڕێککەوتن لەسەر دامەزراندنی (ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤ) و بەفەرمی داننان بە بەبەرپرسیارێتی و پاراستنی (ئۆ.هەیچ.سی.هەیچ.ئاڕ) و زیادکردنی سەرچاوەکانی کەپێشتر بەم شێوەیە دان نەنرابوو بە نوێنەرایەتی و بەرپرسیارێتی و پاراستنی ئەوان، بەم شێوەیە سەبارەت بەکارە دیبلۆماسی و مرۆییەکانی ئەو ناوەندە گرنگە نێودەوڵەتییە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش لەیبەر پشتیوانی سیاسەتی بەکردەوە دەستێوەردانی سەربازی کردووە لەکاری نێوخۆی ئەو وڵاتانەی کە بەشێوەیەکی ترسناک هەڕەشەیان لە مافەکانی مرۆڤ کردووە و یان مافەکانی مرۆڤیان بەشێوەیەکی زەق تێدا پێشێل کراوە، لەم پێناوەدا حکومەتی بریتانی بەسەرۆکایەتی لەیبەر بەشێوەیەکی سەربازی پارێزگاری لەمافەکانی مرۆڤ و گەڕاندنەوەی



یاسا و دادپەروەری لە (ئەفغانستان و بۆسنە و کۆسۆڤۆ و تەیموری ڕۆژهەڵات و سیرالیۆن و عێراق) کردووە.

لەیبەر توانیویەتی سەرکردایەتی نێودەوڵەتی بۆ بنەبڕکردن و نەهێشتنی هەژاری بکات، لەم پێناوەشدا حکومەتی بریتانی بەسەرۆکایەتی لەیبەر لەساڵی (١٩٩٧) وە بوجەی فریاگوزاری مرۆیی خۆی زیاتر لەدووقاتی جاران زیاتر کردووە و لەسەدا سەدی ئەو قەرزانەشی خۆشبووە کەلەسەر هەرە وڵاتە هەژارەکانی دنیا بوون، هەروەک چۆن باربووی دارایی حکومەتی بریتانیان بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناوی ڕاپەڕاندنی کارە مرۆیی و خزمەتگوزاریەکانیدا بەبڕی (سفر پۆینت حەوت) تا ساڵی ٢٠١٣ زیادکردووە. سەرەڕای ئەو هەنگاوانەش لەیبەر سەرکردایەتی (جی٨) و (یەکێتی ئەوروپا)ی لەلایەن بریتانیاوە بەکارهێنا بۆ دابینکردنی کردەیەکی نێودەوڵەتی بۆ چارەکردنی کێشەکانی ئەفریقیا و گۆڕانی ئاووهەوا و پلەی گەرمی گۆی زەوی. هەرلەو ڕێککەوتنەی نێوان وڵاتانی (جی ٨) و یەکێتی ئەوروپا لەسەردەمی سەرۆکایەتی بریتانیادا بڕیاری (یەک بلیۆن) دۆلاری دیکە بخرێتە سەر بودجەی هاوکاریەکانی وڵاتە (تازەپەرەسەندووەکان)هەتاساڵی ٢٠١٠ و دووقاتی ئەو بڕەپارەیەش بۆ وڵاتانی ئەفریقی کەدەکاتە (دوو بلیۆن دۆلار) کۆمەکی دارایی ساڵانە و خۆشبوونی (لەسەدا سەدی) ئەو قەرزانەی

لەسەر هەرە دەوڵەتە هەژارەکانن کەکۆی گشتی ئەو هاوکاریانەش دەگەیشتنە ( یەک بلیۆن ) دۆلار .

هەر لەسەردەمی سەرۆکایەتی بریتانیا بۆ (جی٨) و یەکێتی ئەوروپا، سەرانی سیاسیی لەیبەر سەرکردایەتی هەوڵێکی نێودەوڵەتی کارایان کرد لەپێناوی هەرچی زیاتری چەسپاندنی ئاسایشی جیهان و بەرقەرارکردنی ئاسایش و تەناهی لەدنیادا، لەم پێناوەشدا بریتانیا لەسەر دەستی حکومەتی لەیبەر سوربو لەسەر بەڵێنی پابەندبوونی وڵاتەکەی بەسیاسەتی جیهانی لە مەسەلەی مامەڵەکردنی دەوڵەتان لە بەرهەمهێنان و بەرنامەی چەکە کۆمەڵکوژەکان، کەدواتر بە ڕێکەوتنامەی داماڵینی چەکەکۆمەڵکوژەکان کۆتایی هات. سەبارەت بەکێشەی تیرۆر هەر لەو ڕێکەوتنەدا بڕیادرا کە لەپێناوی کاراکردنی هەماهەنگی نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە و چارەکردنی کێشەی تیرۆریزم لیژنەیەکی تایبەت لە نەتەوەیەکگرتووەکان بەمەبەستی لەناوبردنی و دژایەتیکردنی تیرۆریزم پێکهبێنرێت و ئەم لیژنەیە پلان بۆ بەرنامەی کارکردنی هاوبەشی بەپەلە لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا دابنێت. بێگومان کردەوە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدە لە (لەندەن) دواتر تەکانی بەرچاوی زیاتریان بەخێراکردن و کاراترکردنی کاری مەیدانی ئەم لیژنەیەدا لەڕووبەڕووبوونەی تیرۆردا.



یەکێک لەشانازیەکانی دیکەی سیاسەتە دەرەکییەکانی لەیبەر و شێوازی مۆدیرنی فەرمانڕەوایی ئەو پارتە، ڕۆڵی پێشەوایەتیکردنیانە لە ڕێکەوتننامەی گرنگی (ئۆتۆوا)کە ڕێکەوتنامەیەکی گرنگی مرۆییە و ڕێگری دەکات لەسیاسەتی فرۆشتن و چاندنی (مین)ی تاکەکەسی لەسەرانسەری دنیادا، هەروەکو چۆن تائەم ساتەوەختەش بریتانیا وەکو پابەندبوونی بەو ڕێکەوتنەوە لەنزیکەوە چاودێری فرۆشتن و بازرگانیکردنی چەک و تەقەمەنی دەکات لەجیهاندا، بەتایبەت وڵاتانی ئەفریقی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەتیایاندا حکومەتی میلیتاری و زۆرداری دیکتاتۆر فەرمانڕەوایی دەکەن. ئەم هەنگاوانەی لەیبەر لەڕاستیدا هەنگاوی ئازایانەی دەگمەنن، هەنگاوێکن کەپێشتر لە سیاسەتی دەرەوەی شانشینی یەکگرتووی بریتانیادا نموونەیان نەبووە، چونکە لەنانی ئەو هەنگاوانەدا سیاسەتی کۆنترۆڵکردنی چەک و تەقەمەنی وەکو سیاسەتێکی مرۆیی بریتانی کاراو کاریگەر بەسەر دەوڵەتانی خۆرئاوا و دنیادا دەرکەوت.

یەکێکی دیکە لە کارە دیارەکانی لەیبەریەکان لەسیستمی فەرمانڕەواییکردنی وڵات و کاراترکردنی سیاسەتی دەرەکی حکومەتی بریتانیا بریتی بوو لەوازیکردنی ڕۆڵی سەرکردایەتی بریتانیا بۆ ئەو تیکۆشانە نێودوڵەتییەی سەبارەت بە تکچوونی ئاوهەوا و زیادکردنی پلەی گەرمی گۆی زەوی و پیسبوونی ژینگە

بوو، چونکە لەسەردەمی فەرمانڕەوایێتی لەیبەردا بوو بریتانیا پابەندی خۆی بە (ڕێکەوتنی تۆکیۆ) وە ڕاگەیاند و هەروەکو چۆن سەرۆکایەتیکردنی (جی ٨) یان لەساڵی ٢٠٠٥ قۆستەوە بۆ ڕازیبوون و جێبەجێکردنی پلانێکی کار سەبارەت بەگۆڕانگاری لەئاووهەوای گۆی زەوی و دەستپێکردنی گفتوگۆیەکی گرنگی جیهانی. بێگومان بەشداری کارای (جی٨) لەو گفتوگۆیانەدا، بەمەش سەرچاوەی دارایی و کلیلی دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان بۆ چارەکردنی ئەو گرفتە گرنگەی جیهان هاتنەئاراوە کە لەیەکەمین کۆبونەوەدا لەنۆڤەمبەری ٢٠٠٥ سەرۆک وەزیرانی بریتانی (تۆنی بلێر) یەکەمین کەس بوو تیایدا هاتە ئاخاوتن و سەرەتای دیالۆگەکەی تیادا دەسپێکرد.

سەرکردایەتی کردنی (جی ٨) و یەکێتی ئەوروپا لەلایەن بریتانیاوە دەرفەتی زێڕین بوون بۆ لەیبەر هەتاکو توانای سەرکردە سیاسییەکانی خۆیان لەهونەری سیاسەت و بەڕێوەبردن پیشان بدەن لەناودڵی ئەوروپادا.هەر لەسەردەمی ئەواندا یەکێتی ئەوروپا دەستی کرد بەگفتوگۆ لەگەڵ هەریەک لە (کرواتیا) و (تورکیا)دا سەبارەت بەوەرگرتنی ئەو وڵاتانە لەنێو ئەو یەکێتییەدا و بەدەستهێنانی سەفقەیەکی مێژوویی گرنگ لە کەرتی شەکری یەکێتی ئەوروپا، ئەمە جگەلەوەی کە بەسەرکردایەتی لەیبەر



گەیشتنە ڕێکەوتن لەسەر بودجەی ئەو یەکێتییە لە ساڵی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠١٣ .

سەبارەت بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست سیاسەتی لەیبەر سیاسەتێکی ڕۆشنە. لەسەردەستی ئەوان، بریتانیا کۆششێکی زۆری کرد بۆ بەئاکامگەیاندنی پرۆسەی ئاشتی لەو ناوچەیەدا. لەڕاستیدا ڕۆڵی بریتانیا سەرەکی بوو لە ڕاگەیاندنی پرۆسەی ئاشتەوایی نێوان ( ئیسرائیل) و (فەلەستین)دا. هەروەکو چۆن سەبارەت بەبنیاتنانی دیموکراسی لەعێراقیش حکومەتی بریتانیا بەڕێبەرایەتی لەیبەر ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەڕزگارکردنی گەلانی عێراق لەژێر چنگی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام و دواتر پشتیوانیکردنی گەلانی عێراق لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی فیدراڵی دیموکراسی و پشتیوانیکردن لەبڕیاری ژمارە (١٦٣٧) ی نەتەوەیەکگرتووەکان، سەبارەت بنیاتنانی دیموکراسی و ئازادی و ئایندەی پڕ لەتەناهی بۆ عێراقییەکان، بەتایبەت دوای بەئاکام گەیاندنی پرۆسەی هەڵبژاردنێکی مێژووی گرنگی دوای زەمەنێک لە حوکمی دیکتاتۆریانەی سەدام و ڕژێمەکەی کە لە ١٥ ی دێسەمبەری ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو . لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لەیبەر لەسەردەمی فەرمانڕەواییکردنی ئێستایدا بیری نەچووە کەشان بەشانی پەرەپێدانی سیاسەتی دەرەوە پێویستە نێو وڵاتیش بەشێوەیەکی باشتر چاودێری بکات، هەربۆیە دەبینین دابینکردنی کۆمەکی

دارایی بۆ (شارەوانیەکان) و حکومەتە خۆجێییەکانیان بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووی لەزیادبوون کردووە، کەئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی شارەوانیەکان و دەسەڵاتداریێتییە خۆجێییەکانی شارەکان زیاتر بێت لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان و خزمەتگوزاریەکانیان بەهاوولاتیەکانیان، ئەمە وێڕای هاوکاری دارایی حکومەت بۆ دەزگای ڕاگەیاندنی (بی.بی.سی) جیهانی لەپێناوی پەرەپێدانی میدیای ئازاد و بەرەوپێشچوونی کاروبارەکانی ئەو دەزگا گرنگە بریتانی و جیهانییە بەشێوەیەکی بێلایەنانە لە کاروبارەکانیدا و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتەکانی بەشێوەیەکی بێلایەنانە لەسەر کار و کردەوە و سیاسەتەکانی حکومەتی بریتانیا هەم بۆ ناوخۆی بریتانیا و هەم بۆ ڕای گشتی دەرەوە.

لەبەر بەڵێنی داوە کە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا بەردەوام بێت لەسەر هەوڵەکانی بۆ نەهێشتنی هەژاری و پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ و پێشکەشکردنی کۆمەک و دارایی زیاتری بەردەوام بۆ وڵاتە هەژارەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی بەرگریکار لەمافەکانی منداڵان و ژنان و پیرو پەکەوتەکان لەسەرانسەری جیهاندا. بەردەوام بێت لەسەرکردایەتی هەڵمەتە نێودەوڵەتیەکان بۆ بنبڕکردنی چەکی ناوەکی و کۆمەڵکوژ و ڕێگرتن لەپیسکردنی ژینگە و ئاووهەواو گۆڕانی پلەی گەرمی گۆی زەوی. بەردەوام دەبێت لەپشتیوانی خۆی بۆ پرۆسەی



ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بنیاتنانی دیموکراسی و دادپەروەری و یەکسانی لەڕێگەی پشتیوانی سیاسیی و دارایی بۆ هێزە دیموکرات و ئاشتیخوازەکان، بۆ ئەوانەی بەتەنگ دەستبەرکردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی دیموکراسی و دادپەروەری سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەوەن، بۆ ئەوانەی باوەڕیان بەچەسپاندنی کۆمەڵگایەکی سڤیل و مۆدێرن و کراوەیە. لەبەر بەڵێنی داوە کە بەردەوام بێت لە سەرکردایەتیکردنی چاکسازی لەڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا. بەردەوام بێت لە سەرکردایەتیکردنی جیهان لە پێشکەشکردنی کۆمەکی دارایی و مرۆیی بۆ وڵاتانی دنیا لەکاتی ڕوودانی کارەساتە مرۆیی و سروشتییە ماڵوێرانکەرەکاندا.

سەبارەت بەپرۆژە نێودەوڵەتیەکان، لەبەر بەردەوامە لە کۆمەکی دارایی بۆ چەسپاندنی دیموکراسی لەلایەن (پارتە سۆسیالست و سۆسیال دیموکراتەکان) لەڕێگەی (وێستمینیستەر فاوەندەیشن). بەردەوامە لەکۆمەکی پرۆژە نوێیەکەی ساڵی پاری پارتە سۆسیال دیموکراتەکان بۆ گەشەپێدانی دادپەروەری و دیموکراسی لە وڵاتانی (ئەفریقی و باڵکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، چونکە لەبەر بەکردەوە بۆی دەرکەوتووە کە گەشەپیدانی دیموکراسی و دادپەروەری پێویستی بەسیاسەتی کاراو پێویستی بەپشتیوانیکردنی پارتە سۆسیال دیموکراتەکان

لەو وڵاتانە هەیە بۆ ئەوەی رۆڵیان کاراتر و کاریگەرتر بکرێت لە جێبەجیکردنی پرۆژە دیموکراسیەکانی وڵاتەکانیاندا. لەم بارەیەوە (گۆردن براون) سەرۆکی پارتی لەیبەر دەڵێ (هیواخوازم کە (وێستمینیستەر فاوەندەیشن) بۆ سەرخستنی پرۆژە دیموکراسیەکانی خۆی لەداهاتوودا نەک هەر پەنابەرێت بۆ فراوانکردنی بانگهێشتی پارتە سیاسییەکان لە کۆبوونەوە ساڵانەییەکانی خۆیدا، بەڵکو هەوڵبدات بانگهێشتی ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرایەتی پەیمانگاکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و حکومەتە خۆجێییەکانیش بکات.

# لەیبەرو گروپی پارتە سۆسیالستەکان لە پەرلەمانی ئەوروپیدا



گرای تیتلّی سەرۆکی
گروپی لەیبەر لە پارلەمانی ئەوروپی

گروپی سۆسیالستەکان دووەم گەورە گروپی نێو پەرلەمانی ئەوروپایە. ئەم گروپە خاوەنی (٢٠١) ئەندامە کە



نوێنەرایەتی (٢٣) وڵات دەکەن. لەیبەر یەکێک لەپارتە سیاسییە بەدەسەڵاتەکانی نێو پەرلەمانی ئەوروپایە لە ئێستادا (٢٠٠٧) لەیبەر خاوەنی (١٩) کورسییە لەو پەرلەمانەدا کە (٨) لەوانە ژنن. ئەگەرچی ئەندامانی لەیبەر لە پەرلەمانی ئەوروپیدا وەکو بەشێک لەگروپی پارتە سۆسیالستەکانی ئەوروپا لە نێو ئەو پەرلەمانەدا کاردەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیمی پارلەمانتارانی لەیبەر لە پارلەمانی ئەوروپادا (سەرۆک) و (جێگری سەرۆک) و (قسەکەری ڕەسمی تایبەت) بەخۆیان هەیە کەنوێنەرایەتی بریتانیا دەکەن و لە (برۆکسێل) و (ستراسبۆرگ). سەرۆکی ئەو گروپەی لەیبەر لەخولی ئێستای پارلەمانی ئەوروپادا (گاری تیتلّی)ە و جێگرەکەی ( ریچارد کۆربێت)ە.

پەرلەمانتارانی لەیبەر لەنێو گروپی پارتە سۆسیالستەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لەنێو بەرنامەی کار و سیاسەتەکانی ئەو گروپە وازی دەکەن، لەو کۆمیتانەی کە گروپی سۆسیالستەکان لە نێو پارلەمان ئەوروپیدا دروستیان کردوون، گروپەکەی لەیبەر بەشێوەیەکی چالاک سەرۆکایەتی هەندیک لەو کۆمیتانە دەکەن و بەشێوەیەکی کاراش لە نێو هەندێک لەو کۆمیتانەدا بەشێوەی تیمی هاوبەش ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. ئەمەجگە لەوەی کە لەیبەر (قسەکەر)ی ڕەسمی خۆی هەیە بۆ هەر لیژنەیەک لە لیژنەکانی پەرلەمانی ئەوروپی.



(ماری هۆنیبۆڵ)

قسەکەری لەیبەر لە پەرلەمانی ئەوروپی

بۆ مافەکانی ژنان، یەکسانی نێوان ژن و پیاو و

کاوباری لاوان

نێوانی لەیبەر لەگەڵ پارتە سۆسیالست و سۆسیال دیموکرات و کرێکارییەکانی ئەوروپا نێوانێکی مکۆم و مەتینە.لەڕاستیدا ئەوەی زیاتر پارتە سۆسیالستەکان و پارتە سۆسیال دیموکراتەکان و پارتە کرێکارییەکانی سەرانسەری ئەوروپای زیاتر بەیەکەوە



کۆکردۆتەوە، ئەو چەترە گەورەیەی ئەوروپایە کەپێی دەگوترێت (یەکێتی ئەوروپا). پارتە سۆسیالستەکانی ئەوروپا کە (لەیبەر) یەکێک لەپێشەنگەکانیانە، لە ئێستادا سەرکردایەتی بەڕێوەبردنی کەمپەینێک دەکەن دژی (فاشیزم) و دژی سیاسەتی ڕاستڕەوە توندڕەوەکان لە تەواوی ئەوروپادا، لەژێر دروشمی (نا بۆ ڕەتکردنەوەی ئەوانی دی، بەڵێ بۆ پێکەوە ژیانی ئەتنیکە لەیەکتری جیاوازەکان و بەڵێ بۆ لێبوردەیی). سۆسیالستەکان سەرکەوتنی خۆرئاوا بۆ ئەو گیانی بەیەکەوە هەڵکردن و لێبوردەییە دەگەڕێننەوە و هانی ئەوروپاییەکان دەدەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر سەرخستنی ئەوروپا کەسەرچاوە سەرەکییەکەی لە بەیەکەوە ژیانی ئەتنیکە جیاوازەکان هاتووە. پارتە سۆسیالستەکانی ئەوروپا لەسەرەتای کەمپەینەکەدا جاڕنامەیەکیان ئیمزا کرد کەتیایدا بانگەوازی بەتوندی ڕەتکردنەوەی هەرجۆرە شێوازێکی (ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکەو ئازاردان)ی مرۆڤەکانیان لەژێر هەر پەردەو بیانویەکدا کردو بەڕوونی ڕایانگەیاند هەموو کەسێک مافی ژیانێکی سەربەرزانە و ڕێزگرتنی تەواوی هەیە بەبێ گوێدانە جۆری نەتەوایەتی و ئەسڵی ئەتنیک و ڕەگەز و ئاین و ڕەنگ.




نوێنەرانی پارتە سۆسیالستەکانی
ئەورووپا لەدوای واژۆکردنی بانگەوازەکە
لە نێویاندا (مارگرێت بێکێت) وەزیری دەرەوەی بریتانیا

لەبەر ئەندامی ڕێکخراوی (سۆسیالستی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوی ژنانی سۆسیالستی نێودەوڵەتیە). ڕێکخراوی سۆسیالستی نیودەوڵەتی لە ئێستادا بەرفراوانترین ڕێکخراوی پارتە سۆسیالستەکان و پارتە سۆسیال دیموکراتەکان و پارتە کرێکارییەکانە، کە حاڵی حازر (١٦١) پارتی سیاسیی تێیدا ئەندامن. ئەم ڕێکخراوە هەر (٣) ساڵ جارێک کۆنفرانسی خۆی دەبەستێت و ئەنجومەنی ڕێکخراوەکەش ساڵانە (٢) جار کۆبوونەوە



بۆ ئەنجومەنەکەیان ساز دەکەن. سەرۆکی پێشوی پارتی لەیبەر و سەرۆک وەزیرانی پێشووی بریتانیا (تۆنی بلێر) ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی و جێگری سەرۆکی ڕێکخراوەکە بوو. دوا دانیشتنی سەرانی ئەو ڕێکخراوە لەڕۆژانی (٦ و ٧ )ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٦ لەشاری (سانتیاگۆ)ی وڵاتی (شیلی) بوو لەژێر ناونیشانی (لەفەرمانڕەوایێتی نیشتیمانییەوە بۆ فەرمانڕەوایێتی نێودەوڵەتی، ئایندەیەکی بەردەوام لەسەرووی هەمووشتێکەوە) بەڕێوەچوو.




گرنگتری خاڵەکانی لەو کۆبوونەوەیەدا تاوتوێکران بریتی بوون لە باسکردنی مەسەلەکانی گۆڕانی پلەی گەرمی گۆی زەوی و مەسەلەی وزەو ئاسۆ نوێکانی بەردەم پرۆسەی ئاشتی جیهانی. لەم کۆبوونەوەیەدا (برۆس جۆرج) ئەندامی پارلەمان و (ریچڵ کۆوبێرن) بەڕێوەبەر کاروباری نێودەوڵەتی لەیبەر، نوێنەرایەتی پارتی کرێکارانی بریتانیایان دەکرد.

## یەکییەتی کرێکاران

یەکییەتی کرێکاران داینەمۆی پارتی کریکارانی بریتانیایە. ڕۆڵی ئەو ڕێکخراوە لەسەرەتاکانی دامەزراندنی لەیبەرەوە دەست پێدەکات، ئەوکاتەی کەمیوانداری هەموو باڵەچەپ و کرێکاری و سۆسیالستەکانی لەهۆڵی (یادەوەریەکانی لەندەن) کرد، بەمەبەستی پێکهێنانی نوێنەرایەتییەکی یەکگرتووی ئەو ڕێکخراوانە لە پارلەمانی بریتانیادا کەهەر، لەو کۆنفرانسەشدا بوو سەرەتایەک بۆ دامەزراندنی پارتی لەیبەریش بنیات نرا. بێگومان لەوساتەوەختەوە هەتا ئێستا ڕۆڵی یەکییەتی کرێکاران لەنێو لەیبەردا لە پێهەڵاچووندایە، بەڕادەیەک کەبوونی ئەو سەندیکایە بۆ لەیبەر وەکو چەترێک وایە کەتیایدا (١٥) ڕێکخراوی پیشەیی و دیموکراتی دیکەش گردبوونەتەوە، هەر لەڕێگەی یەکێتی کریکاران و (ڕێکخراوی پەیوەندیەکانی لەیبەر) هەماهەنگی ئەو ڕێکخراوانە بە لەیبەرەوە ڕێکدەخرێت.





لەکۆنفرانسی ساڵی (١٩٩٤ ) ی لەیبەردا بڕیاردرا بۆ زیاتر هەماهەنگی نێوان یەکییەتییە کرێکاری و پیشەییەکان و پارتی کریکاران، ڕێکخراوێکی دیکەی تازە بۆ کۆکردنەوەو هەماهەنگی زیاتری نێوان ئەو یەکییەتیانەی نێو سەندیکای کرێکاران و لەیبەر، بەناوی (یەکییەتی کرێکاران و ڕێکخراوی پەیوەندییەکانی پارتی لەیبەر ) وەکو چەتری کۆکردنەوەی یەکییەتییەکانی نێو سەندیکای کریکاران و پارتی لەیبەر دروست بکرێت. لەنێو ئەو چەترە تازەیەدا چەندین کۆمیتە دروستکران، بەمەبەستی کاراکردنی ڕۆڵی یەکییەتی کرێکاران لەپشتیوانیکردن و هاوکاریکردنی لەیبەر. ئەو کۆمیتانەش وەکو (کۆمیتەی هەڵمەتی سەرخستنی لەیبەر

لەهەڵبژاردنەکان) و (کۆمیتەی بانگەشەی یەکییەتییە کرێکاریەکانی لەیبەر). ئەمە وێڕای ئەوەی کەئەو چەترە نوێیە بوو بەکەناڵێکی بەهێزی بەردەوامکردنی دیالۆگ و پەیوەندی مەتین لە نێوان خودی ئەو یەکییەتیانە لەلایەک و، ئەوان و لەیبەر لە لایەکی دیکەوە.

هەر لەگەڵ دامەزراندنی ئەو چەترە تازەیە کۆمیتەیەکی بەڕێوەبردنی بۆ دیاری کرا بەناوی (کۆمیتەی نیشتیمانی سەندیکای کریکاران و ڕێخراوی پەیوەندییەکانی لەیبەر)، کەتیایدا نوێنەرایەتی (١٦) ڕێکخراوی لەسەر ئاستی نیشتیمانی تێدابوو کە لەلایەن ئەندامێکی لەیبەرەوە سەرپەرشتی دەکران. بەمەش هەموو یەکییەتی و ڕێکخراوەپیشەییەکان کەژمارەیان (١٦) یەکییەتی بوو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بوون بەئەندامی ئەو کۆمیتە نیشتیمانییە. دەستەی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمیتە نیشتیمانیە لەئێستادا لەمانەی خوارەوە پیکهاتووە:

١- گۆردن براون، سەرۆکی پارتی لەیبەر.

٢ — هارێیت هارمان، جێگری سەرۆکی لەیبەر.

٣- پیتەر وات، سکرتێری گشتی لەیبەر.

٤- کریس لینێی جێگری سکرتێری گشتی لەیبەر.

٥- میشێیڵ گریفیتس سەرۆکی (ئێن.ئی.سی).



٦- فرانک دۆران و تۆنی لێۆد پاڵێوراوی گروپی یەکییەتی کرێکاران لە پارلەمانی بریتانیا.

٧- ستێفین هوفیس پاڵێوراوی گروپی یەکییەتی کرێکاران لە پارلەمانی ئەوروپا.

٨- سکرتێری گشتی هەموو ئەو یەکییەتیانەی کەچوونەتەپاڵ سەندیکای کرێکارانی پارتی لەیبەر.

سەرەڕای هەموو ئەوانەش لەپاڵ لەیبەر و خەباتە سیاسییەکەی ئەو پارتە چەندان ڕێکخراو و گروپی ئەتنیکی و دینی و ئایدیۆلۆجی دیکە هەن کەبەشێوەیەکی مۆدێرن لەپاڵ سیاسەتی هاوکاریکردن و چونەپاڵ سیاسەتەکانیدا بەشێوەیەکی چالاک بەشوێن بەدیهێنانی ئامانج و داخوازییە جۆربەجۆرەکانی گروپ و کۆمەڵەو ڕێکخراوە ئەتنیکی و ئایدیۆلۆجیەکانی خۆشیانەوەن، گرنگترینی ئەو گروپ و پارت و کۆمەڵە ئەتنیکی و مەدەنی و ئایدیۆلۆجیانەش بریتیین لە :

١- پارتی هاوکاری: پارتی هاوکاری بەشێکە لەبزوتنەوەی هاریکاری و هاوکاری جیهانی. ئەندامانی ئەو پارتە زیاتر لە (٨٠٠) ملیۆن ئەندام دەبن لەسەرانسەری جیهاندا، بەپێی هەڵسەنگاندنی نەتەوەیەکگرتووەکان بەهۆی (پارتی هاوکاری)ەوە ژیانی زیاتر لە (٣) ملیۆن خەڵک زیاتر ئارامی و تەناهی بەخۆیەوە بینیووە.

٢- بزوتنەوەی سۆسیالستی کریستیانەکان: بزوتنەوەیەکی سیاسیی چالاکە، کاردەکات بۆ بنیاتنانی گۆڕان لەبەرژەوەندی گشتیدا.

٣- کۆمەڵگای فابیەن: کۆمەڵگایەکە ئەندامێتی تیایدا تەنها لە چوارچێوەی بریتانیادایە، کۆمەڵگایەکە لەسەر بنەمای بیری چەپ تێگەیشتنەکانی خۆی ئاڕاستە دەکات. کاردەکات بۆ دروستکردنی دیالۆگ و مشتومڕی یەکتری قبوڵکردن. ئامانجی بەرنامەی کۆمەڵگای فابیەن بەرینکردنی بیروباوەڕەکانی سیاسەت و ئەنجامدانی سیاسەتی ڕیفۆرمە کەببنە هۆی پێشکەوتنی ئامانجەکانی سیاسەت لەئاییندەدا.

٤- بزوتنەوەی کرێکارانی جولەکە: ڕێکخراوی خێزانە جولەکەکانی ئەندامی پارتی لەیبەرە لەساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوەو لایان وایە (زایۆنیزم) تاکە بزوتنەوەی ئازادی نیشتیمانی خەڵکانی جولەکەیە و بەشێوەیەکی تۆکمە پشتیوانی لە دەوڵەتی ئیسرائیل و ئاسایشی ئەو وڵاتە دەکەن.

٥- گروپی ئەندامە پەککەوتەکانی پارتی کرێکاران: ئەم گروپە لە چوارچێوەی بریتانیا و تەواوی ئەوروپا کاردەکەن، بەمەبەستی تێگەشتن و دابینکردنی مافەکانی پەککەوتەکان، لە لایەن حکومەتی بریتانیا و دەوڵەتانی ئەوروپاوە.

٦- گروپی نیشەجێکردنی پارتی کرێکارانی.



٧- کۆمەڵەی (ئایرش): ئایرلەندیەکانی پارتی کرێکاران .

٨- یەکییەتی خوێندکارانی لەیبەر: داکۆکی لەخوێندکاران دەکات لەسەرانسەری وڵاتدا و هاوکاریان دەکات لەدرێژەدان بەخوێندن و دابینکردنی ئایندەیەکی باشتر لەڕێگەی دەستگیرۆیی و هاندانیان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا.

٩- کۆمەڵگای پەروەردەیی سۆسیالستی: ئەم کۆمەڵگایە کۆمەڵگایەکی سەربەخۆی پەروەردەیی سۆسیالستییە لەپاڵ پارتی لەیبەردا خەبات دەکات.

١٠- یانە نیشتیمانیەکانی لەیبەر و سۆسیالستەکان: تەمەنی دامەزراندنی ئەو یانە نیشتیمانیانە بۆ (٥٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و لەسەرانسەری بریتانیای گەورەدا بنکەیان هەیە.

١١- ڕێکخراوی زانستخوازانی لەیبەر: ڕێکخراوێکە بۆ ئەندامان و هەوادارانی لەیبەر، ئەوانەی کە ئارەزووی تێکەڵاوبوونی بواری زانست و تەکنەلۆجیایان هەیە لە بریتانیادا. ئەم ڕێکخراوە لە کۆنفراسی ساڵی ١٩٩٤ ەوە بەشێوەیەکی بەرچاو لەمەیدانەکەدایە و بووەتە بەهێزترین دەنگی سیاسیی زانستخوازانی بریتانیا.

١٢- ژینگەی سۆسیالستی و کۆمەڵەی سەرچاوەکان و لێکۆڵینەوە: ئەم ڕێکخراوە تاکە ڕێکخراوێکی ژینگەپارێزە لە نێو لەیبەردا، هەوڵدەدات بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی ژینگەیی و جەختکردنەوە لەسەر هەبوونی

پەیوەندییەکی حاشاهەڵنەگر لەنێوان ئەو دوو چەمکە لەڕێگەی (کەمپەین)ەکەیەوە. ئەو ڕێکخراوە ئەندامەکانی لەسەرانسەری وڵاتدا بڵاوبوونەتەوە لەنێویاندا ئەندامانی پارلەمانی بریتانی و ئەندامانی بریتانی لەپارلەمانی ئەوروپا و سەرۆکی شارەوانییەکان و فەرماندارییە ناوچەییەکان هەن. ئامانجی ئەو ڕێکخراوە بنیاتنانی ژینگەیەکی (سەوز)ە لە ڕوانینی (سور)ەوە، لەم پێناوەشدا ئەو ڕێکخراوە پێشکەش کردنی ئامۆژگاری و زانیاری بۆ ئەندامەکانی و بەکارهێنانی ئەزمون و دەستڕەنگینی باڵای خۆی و سەرچاوە بنیاتنراوەکانی ژێر دەستی لە پرۆسەی ڕیفۆرمی حکومەتدا و بەردەوام کردنی کەمپەین لەپێناو بنیاتنانی باشترین سیاسەتی ژینگەییدا، بەئەرکی خۆی دەزانێ.

١٣- کۆمەڵەی سۆسیالستی تەندروستی: ئەم کۆمەڵەیە لەڕوانگەیەکی سۆسیالستانەوە بانگەشە دەکەن بۆ بنیاتنانی باشترین خزمەتگوزای تەندروستی و خۆشگوزەرانی و ئاسودەیی و بەختیاری مۆڤەکانەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە لەبریتانیا و لەسەرانسەری ئەم جیهانە بەرینەدا لەڕێگەی کارکردن بەباوەڕ و پرنسیپەکانی سۆسیالیزم لەلایەن خەڵکان و حکومەتەکانەوە. ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە لەو باوەڕەدان باشترین ڕێگای بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە کاری هەرەوەزی هەموانە، نەک هەوڵەکانی تاکەکەسەکان.



١٤- کۆمەڵەی پارێزەرانی لەیبەر: کۆمەڵەیەکی پرۆفشناڵی پارێزەر و یاساناس و دادوەرانە، ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە خەڵکانی یاساناس و پارێزەرن، ئەوانەی پشتیوانی لەسیاسەتەکانی لەیبەر دەکەن.

١٥- کۆمەڵەی سۆسیالستی ڕەش پێستەکان.

# سیاسەتی لەیبەر سەبارەت
# بەمەسەلەی کۆچ و پەنابەری و پەنابەران

ئەگەرچی یەکێک لەڕەخنەکانی ڕووبەڕووی لەیبەر و سێ حکومەتەیەک لەدوایەکەکەی، بەحکومەتەکەی ئێستاشەوە، بووەتەوە مەسەلەی هاتنی بەلێشاوی پەنابەرانی نایاساییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەیبەر باوەڕی وایە کە پێویستە بە باشترین شێوە سنورەکانی خۆی بپارێزێت لەبەردەم هاتنی پەنابەرانی نایاسایی بۆ وڵاتەکەی. لەیبەریش وەکو هەموو بریتانیەکان شانازی دەکات کەوڵاتەکەیان نیشتیمانێکە لەکۆچ و پەنابەری، وڵاتێکە لە لێبوردەیی و بەیەکەوە هەڵکردنی ئاشتیانەی ئاین و ئەتنیک و کەڵچەرە لەیەکتری جیاوازەکان.

یەکێک لە ستراتیجەکانی لەیبەر دابینکردن و چەسپاندنی دادپەروەری و سەپاندنی یاساکانە. بێگومان لەیبەر وەکو پارتێکی فەرمانڕەوا لەبریتانیا و وەکو پارتێکی کاراش بەسەر سیاسەتی یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەوروپی و هاوڕێ خۆرئاواییەکانی و نەتەوەیەکگرتووەکانیش لەمەسەلەی کۆچ و پەنابەری و مامەڵەکردنیش لەگەڵ پەنابەراندا جا ئەو پەنابەرانە پەنابەری یاسایی بن یان نایاسایی هەر پەنا بۆ سیاسەتی دابینکردنی دادپەروەری و سەپاندنی یاساکان دەبات. ئامانجی لەیبەریش



لەومەسەلەیەدا ئەوەیە کە سیستمی کۆچ و پەنابەری سیستمێکی توند، بەڵام دادپەروەرانەش بێت، سیستمێک بێت کە بتوانێت هەم ئاسایشی سنورەکان دابین بکات و هەمیش ڕەچاوی پێداویستی و بەرژەوەندییە ئابورییەکانی بکات. لەیبەر لەو بڕوایەدایە کە ڕێکخستنی کۆچبەرێتی دواجار سودێکی گرنگی بۆ بریتانیا هەیە، چونکە لەڕاستیدا ڕێکخستنی کۆچبەرێتی دەتوانێت ڕادەی وەبەرهێنان و کارکردنی ئازادو دەستی کرێکاری هەرزان و توانای داهێنان زیاد بکات و ئابووری وڵاتیش پتەوتر دەکات و بۆشاییەکانی نێو سیستمی ئابووری بریتانیاش ناهێڵێت. هەروەکو چۆن لەیبەر وای دەبینێ کە بەهۆی کۆچبەریەوە بریتانیا دەتوانێت لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی جیهاندا پەیوەندی بەردەوامی هەبێت و بەهۆی هێنانی کریکاران و خەڵکانی پسپۆڕ و پرۆفشناڵ لەبوارە جۆربەجۆرەکانی کارکردندا بازاڕی سەرمایەدارو خاوەنکار و پیشەوەران بەشێوەیەکی باش ئەکتیڤ بکات.

لەیبەریەکان لەوباوەڕەدان کە ئەوان بەرپرسیارێتی چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی کۆچبەرێتییان لە ئەستۆیە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە کۆچبەرێتی بەشێوەیەکی وا ڕێکخراوە کە ئەو دیاردەیە بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ لەخزمەتی گەشەکردنی بریتانیا دابێت، هەر بۆیە بەدرێژایی فەرمانڕەوایی ئەوان لەبریتانیادا، بەتایبەت لە (١٠) ساڵی ڕابردوودا، هەمیشە سیاسەتی ئەو پارتە سەبارەت

بەسیستمی کۆچبەرێتی بریتی بووە لەجەختکردنەوە لەوەی کە ئەو سیستم و یاسایانەی دیاردەی کۆچبەرێتی وڵات ڕێکدەخەن یاساو سیستمێکبن لەسەر بنەمای دادپەروەری ڕێکخرابن و بەگوێرەی داواکاری و داخوازیەکانی ڕای گشتی و لەئاست متمانەو هاوکاری ئەوان بێت بۆ لەیبەر هەم وەکو پارتێکی سیاسیی هەم وەکو بەڕێوەبەری حوکمی وڵات.

لەیبەریەکان وەکو پارتێکی حوکمڕانی ئەو سێ دواین خولەی دەوڵەتی بریتانیا هەمیشە بیریان لەوەکردۆتەوە کە سیاسەتی کۆچبەرێتی بەگوێرەی ئارەزوو و پێداویستییە نیشتمانیەکان، لەسەرانسەری وڵاتدا ڕێکبخرێت، نەک تەنها بەگوێرەی خواست و ئارەزووی بەشێک لەبەشەکانی وڵات. ڕێبەرانی ئەو پارتە هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدابوون کەئەو کۆچبەر و پەنابەرانەی روو لە بریتانیا دەکەن بەهەرشێوازێک بێت پێویستە شارەزاییان لەسەر شێوازی ژیانی بریتانیەکان و یاساکانی بریتانیا هەبێت. هەمیشە جەختیان لەوەکردۆتەوە کەپێویستە خاڵی بنەڕەتی و ڕەچاوکراو لەسیستمی حکومەتدا سەبارەت بەمەسەلەی کۆچبەرێتی لەسەر خاڵی هاتنی کۆچبەران بەمەبەستی (کارکردن) یان (خوێندن) بێت، چونکە ئەو دوو لایەنە دوولایەنی سودمەندێتی هاوبەشن هەم بۆ کۆچەر و پەنابەران هەم بۆ حکومەت، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی کە هەمیشە ڕای گشتی وڵات لەپشتی سیاسەتەکانی لەیبەر بمێنێتەوە،



لەپێناوی ئاسایشی شانشینی یەکگرتوو، لەپێناوی پاراستنی یاساو دەستوری مەدەنی وڵات، لەپێناوی بەپیرەوەچوونی داخوازیەکانی خەڵکی بریتانیا و ڕێزگرتن لەگیانی بەخشندەییان و تێگەیشتن لەنیگەرانیەکانیان. لەئێستادا حکومەتەکەی لەیبەر خەریکی ڕیفۆرمی بەردەوامە لەسیاسەت و یاساکانی بریتانیا سەبارەت بەپەنابەران، بەتایبەت کەدوای ئەوەی حکومەت توشی گازندەیەکی زۆری ڕای گشتی و نەیاریەکی توندی پارتە بەرهەڵستکارەکان، بەتایبەت (کۆنسێرڤەتیڤەکان و لیبڕاڵ دیموکراتەکان) بووەوە، لەسەر هاتنی بەلێشاوی پەنابەرانی نایاسایی بۆ بریتانیا. بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو کێشەیە ئێستا حکومەت سەرگەرمی دەرکردنی چەند یاسایەکی تازەیە سەبارەت بە لێستاندنەوەی مافی پێداچوونەوە، بەتایبەت بۆ ئەو کۆچبەرە نایاساییانەی کەلەو وڵاتانەوە هاتوون کە باری ئاسایشان تاڕادەیەک ئارام و مافەکانی مرۆڤیشیان تاڕادەیەک تیادا پارێزراوە. هەروەکو حکومەت هەوڵ دەدات بۆ وەڵامدانەوەی داخوزیەکانی پەنابەران و یەکلاکردنەوەی کەیسەکانیان ڕێگای خێراتر بە پشتیوانی تەکنەلۆجی زیرەک بگرێتەبەر، هەروەکو چۆن بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زیرەکەوە و لەڕێگای پەنجەمۆری کۆمپیوتەریەوە چیرۆکی هاتنی پەنابەران و گەشتەکانیان بەهاوکاری لەگەڵ وڵاتە ئەوروپیەکانی دیکە ئاشکرا بکات، بێگومان ئەمەش لەپێناوی ناسینەوەی

ئەوانەی کە شیاوی مافی پەنابەرێتین و ئەوانەشی کەشیاونین بەپێی یاساکانی کۆچ و پەنابەرێتی لەبریتانیا و وڵاتانی ئەوروپا و نەتەوەیەکگرتووەکان. بەو پێیە حکومەتی لەیبەر بەردەوامە لەسەر ڕەتکردنەوەی داخوازی مافی پەنابەرێتی ئەو کەسانەی کە حکومەت بەپێی یاساکانی کۆچ و پەنابەری بەشیاویان نازانێت و پێدانی (مانەوەی کاتی) بۆ ئەوانەی لەبەرهەرهۆیەکی مرۆیی بووبێت حکومەت نەیتوانیوە مافی پەنابەرێتیان بەشێوەیەکی ڕەها ڕەتبکاتەوە یان پێدانی (مانەوەی هەمیشەیی) بەو کەسانە کە (هەوم ئۆفیس) یان (دادگای باڵا) باوەڕی بەکەیسەکانیان کردووە جا لەبەر هەر هۆیەکی سیاسیی، کۆمەڵایەتی، دینی، ڕەگەزی...هتد بووە. بەم شێوەیە سیاسەتی لەیبەر سیاسەتی هاوێرکردنی پەنابەرانە بەپێی ماف و شیانیان.



## سیاسەتی لەیبەر سەبارەت بەکەمکردنەوەی تاوان و چەسپاندنی دادپەروەری

چەسپاندنی ئاسایش و بەهێزکردنی یاساو دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و زیندوو و دەرکەوتنی سیماکانی گەشاندنەوەی وڵات و ئارامی هەتاسەر، ئەوانە قوڵایی ڕوانینەکانی لەیبەر پارتین بۆ بنیاتنانی ئایندەی بریتانیا. لەیبەر باوەڕی بەهێزی بەوەیە کە بریتانیا وڵاتی هاوبەشی هەموو بریتانیەکانە و پێویستە هەموو کەسێکیش بەیەکسانی و بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک ڕێزی لێ بگیرێت. لەم پێناوەدا هیچ پارتێکی سیاسیی دیکەی بریتانیا بەئەندازەی لەیبەر پابەند نەبوون بەسیاسەتی پاراستنی دۆخی ئارامی نێوخۆی وڵات و دەستەبەرکردنی سەلامەتی سەر و ماڵی هاووڵاتیانەوە. هەبۆیەشە دەتوانین بڵێین جەنگانی لەیبەر لەدژی تاوان و هەوڵەکانی بۆ بەرقەرارکردنی دادپەروەری و پاراستنی سنورەکانی وڵات و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، هەوڵی تاقانە و بێڕکابەر بوون لەم پێناوەدا.

یەکێکی دیکە لەو مەسەلانەی کەهەرگیز لەیبەر و لەیبەرییەکان و حکومەتەکەشیان لەئاستیدا بێدەنگ نەبوون و وەکو خۆشیان لە پێڕەوی نێوخۆی پارتەکەیاندا چەسپاندویانە (کە پشودرێژییان لەبەرامبەریدا سفرە) مەسەلەی (ڕەوشتی دژە خەڵک)ە. لەیبەر لەو

بڕوایەدایە کە ڕەفتاری ناشیرین و ناشایستە نابێت چاوپۆشی یان بێدەنگی لێبکرێت، لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت. چونکە ئەو مەسەلەیە کاردانەوەی زۆر نەرێنی دەکاتە سەر ژیانی خەڵک و لەداواجاردا ئەگەر دەسەڵاتێک لەپشتیان نەبێت ئەوا ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی ئەم تاوانەدەبنەوە لەژیانیان تەواو نائومێد دەبن. بێگومان هەر لەو ڕوانگەیەشەوەبوو کە لەیبەر لەبەرنامەی کارەکانی خۆیدا ڕێسایەکی تازەی پەیڕەوکراوی خستە نێو بەرنامەی کاری سیاسیی حکومیی خۆیەوە بەناوی (ئەجنداکانی ڕێزگرتن)، کە ئامانج لەوە دەسەڵات بەخشینە بە تاکەکان و کۆمەڵگاکان، بۆ ئەوەی بتوانن دژی ئەو دیاردە ناشیرنانە بوەستنەوە، کاتێک لەلایەن هەندێ کەس و گروپی سەرەڕۆ و توندڕەو و ڕەگەزپەرستەوە، کەبەهەرهۆیەک بووە وەکو (ڕەفتاری دژە خەڵک) دەنوێندرێن. بەگوێرەی (ئەجنداکانی ڕێزگرتن) تاکەکان و کۆمەڵەکان دەتوانن دژی ئەو ڕەفتارە ناشیرنانە بوەستنەوە کاتێک لەو ناوچانەدا ڕوودەدەن کەخۆیان تیایدا دەژین، یان دەتوانن هاوکاری دەسەڵاتدارانی ناوچەکە بەتایبەت یەکەکانی پۆلیس بکەن لەڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە و سزادانی یاسایی ئەوانەش کە ئەنجامیان داون.

لەیبەر لەو بڕوایەدایە کە بەهۆی دانانی (ئەجنداکانی ڕێزگرتن)ەوە توانیویەتی تاڕادەیەکی باش سەرکەوتوبێت لە



دەستنیشانکردنی (ماف، بەرپرسیارێتی)ە مۆڕاڵی و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکان و تاکەکەکان لەو ناوچانەی کەئەوانی تێدا دەژین. لەڕاستیشدا لەیبەر توانی بەو سیاسەتە کۆمەڵایەتییەی خۆی بەشێوەیەکی دروست تەواوی کۆمەڵگای بریتانی ئامادەی ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو جۆرە دیاردە ناشیرنانەو ئەو چەشنە ڕەفتارە ناپەسندانە بکات و بەئاسانی توانی هەنگاوی بەجێ بهاوێت و بەشێوەیەکی کاریگەر و ئەرک و بەرپرسیارێتییە کۆمەڵایەتییەکەشی لە نێوان خۆی وەکو پارتی فەرمانڕەوا و ڕای گشتی بریتانیادا هاوبەش بکات. لەیبەر توانی سەرکەوتوبێت لە بنیاتنانی کەڵچەری ڕێزگرتن و هاوکاری و لێبوردەیی.

تەواوی ئەو ڕێوشوێنانەی کەلەیبەر بۆ بەگژداچوونەوەی ڕەفتارە دژە کۆمەڵایەتییەکان گرتنییە بەر ڕێوشوێنی کاراو کاریگەر بوون، چونکە ئەوان هەم وەکو حکومەت و هەم وەکو پارتێکی سیاسیی گەورە لەبریتانیادا بەشێوەیەکی وورد چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو ڕێوشوێنە یاسایی و کۆمەڵایەتیانەیان کرد کە بۆ ئەم مەبەستە لەڕێگای کەناڵە جۆربەجۆرەکانی حکومەت و حیزب و ڕێکخراوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکانەوە سەرپەرشتی دەکران و لەیبەریش بەشێوەیەکی مۆدێرن دەسەڵاتی تەواوی بەخشی بەدەسەڵاتە مەدەنی و دادوەرییەکان لەدیاریکردنی شێوازەکانی

لێپێچینەوەو لیکۆڵینەوەوە و دیاریکردنی جۆری سزاکان بەپێی یاسا تازەکانی وڵات.

حکومەتەکەی لەیبەر هەمیشە بەگرنگیەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەزگا پەیوەندیدارەکان و هاووڵاتیانیش بەدیقەتەوە جەخت لەسەر ئاشکراکردنی تاوانەکان پێش ڕوودانیان بکەنەوە، بەتایبەت کاتێک هەست بەهەرجۆرە نیگەرانیەک دەکەن کە وەکو ئاماژە بەراییەکانی ڕوودانی تاوان لەلای ئەوان سیما بەراییەکانی دەردەکەون لەچەشنی تاوانەکانی پەیوندیدار بە (بەکارهێنانی دەرمانی نایاسایی) تریاک و ( خواردنەوەکانی ئەلکحول) و یان پەیوەندیدار بەبەکارهێنانی ئامرازەکانی ئەنجامدانی تاوان وەکو (چەک) و (چەقۆ) و (تیرۆریزم) . لەم پێناوەشدا هەمیشە سیاسەتی لەیبەر لە هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی پۆلیس و دابینکردنی تەواوی پێداویستییەکانیان و کۆمەککردنیان بەنوێترین و باشترین ئامرازەکانی سەردەم بۆئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی زاڵ کارەکانیان ئەنجام بدەن و بەشێوەیەکی کارامەش ڕووبەڕووی گرفتەکانیان لەئایندەدا ببنەوە.

ئەگەرچی لەسەردەستی لەیبەر پۆلیسی بریتانی زۆرترین ئازادی و باشترین سەربەخۆیی و ئەوپەڕی بێلایەنی لەهەڵسوراندنی کارەکانی ڕۆژانەیاندا بەدەستهێناوە، بەڵام دیسان ئەمە مانای ئەوەنییە کە حکومەتەکەی لەیبەر مافی چاودێریکردنی کارەکانی



ئەو هێزانە و پشکنینی پەیکەری هێزەکانیان و چالاکییەکانی یەکەکانیان و سەرچاوەکانی هەواڵەکانیان و مافی گەڕان بەدوای بیرۆکراسیەت لە کارەکانی ئەو هێزانەیدا نییە. بەپێچەوانەوە هەمیشە حکومەت هەوڵی داوە لەوە دڵنیابێت کە سیاسەتی هێزەکانی پۆلیس لەگەڵ سیاسەتی گشتی حکومەتدا یەکدەگرێتەوە، سیاسەتێکە لەگەڵ چەمکەکانی دیموکراسیەتی شەفاف و بنەماکانی یەکسانی و دادپەروەری و مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسادا یەکانگیرە، لەم پێناوەشدا سیاسەتی لەیبەر سیاسەتی گەشەپێدانی تواناکانی پسپۆڕی و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پرۆفیشناڵی ئەفسەرەکانی پۆلیسە، لەڕێگەی کردنەوەی خولی مەشق و ڕاهێنانی بەردەوام و ڕاهێنانیان لەسەر هەموو شێوازە تەکنیکی و کۆمپیوتەرییەکان، لەکاتی لێکۆڵینەوەکانیاندا و مەتینکردنی نێوان ئەوان و ئۆرگان و گروپە مەدەنی و ناحکومییەکانی دیکەی پەیوەندیدار بەمەسەلەی سەلامەتی و تاوان لەچەشنی (گروپەکانی هاوکاری قوربانیانی تاوان) و ..هتد لەسەرانسەری بریتانیادا.

لەیبەر هەمیشە لەسیاسەتەکانی خۆیدا سەبارەت بە بەگژداچوونەوەی تاوان پەیڕەوی سیستمی دادپەروەری دەکات، سیستمێک کە تا ئەوساتەوەختە وەک باشترین سیستمی پاراستنی هاووڵاتیان ناوی دەرکردووە. سیستمێک کەلەبەرژەوەندی زۆربەی

بریتانیەکاندا بووە و جێگەی باشترین ڕەزامەندی و ئۆقرەیی قوربانیانی دەستی تاوان بووە، لە سەرانسەری هەرێمەکانی بریتانیادا، چونکە لەسایەی پەیڕەوکردنی ئەو سیستمەوە بووە کەحکومەت توانیویەتی دڵنیایی بۆ هاووڵاتیەکانی دابین بکات و سزای ڕەوای تاوانباران بدات و ئارامی کۆمەڵایەتی و دەرفەت بۆ چەسپاندنی دادپەروەری بەشێوەک بێنێتەدی کەوەکو ناسنامەیەکی مۆدێرنی بریتانیای نوێ، بریتانیای سەردەمی فەرمانڕەوایی لەیبەر ناوزەد بکرێت.

سەبارەت بە تێڕوانینی لەیبەر بۆ سیستمی دادوەری ئەوا دیدی لەیبەر دیدێکی دوولایەنەیە، چونکە لەیبەر لەپاڵ لایەنی دادپەروەریدا لەسیستمی دادوەری وڵاتدا باوەڕی بەلایەنی (توندی)ش هەیە لەو سیستمەدا بەشێوەیەک کەبتوانێت هەمیشە سەرنجی کۆمەڵگا بۆ بوونی کاریگەرانەی خۆی بەسەر هەموو کایەکانی ئەو کۆمەڵگایانەدا لەشێوەی پەیوەندیکردنێکی بەردەوامدا ڕابکێشێت، بەڵام بێگومان ئەمەش لەپاڵ پابەندبوونی لەیبەر بە پەیڕەوکردن و هێشتنەوەی نەریتە تەقلیدییە باوەکانی نێو کۆمەڵگای بریتانی کەبریتیین لە (ئازادی و دادپەروەری)، ئەمەش بۆ دڵنیابوونە لەوەی کەسیستمی دادوەری لەیبەر وەکو پارتی فەرمانڕەوای وڵات سیستمێکە جێگای متمانەی ڕای گشتیە، چ لە



مەسەلەی سزادان و چ لەمەسەلەی دابینکردنی تەواوی مافەکانی هاووڵاتیان لەهەموو ڕوویەکەوە.

# پەروەردە و خوێندن لەسیاسەتی لەیبەردا



لەیبەر لە (١٠) ساڵی ڕابردووی فەرمانڕەوایی خۆیدا بەکردەوە و لەمەیدانی دەسەڵاتدارێتییەوە، بۆ هەموو بریتانیەکانی سەلماند کە گوتاری لەیبەر لەبواری پەروەردە و خوێندنیشدا، گوتارێکی ڕاستگۆی سیاسیی کارایە. گوتارێکە بێ دوودڵی کاردەکات بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەریی پێشکەوتوو، کۆمەڵگایەک



کەهەموو منداڵێک تێیدا چانسی چونیەکی هەبێت لەدەرخستنی تواناکانی و دەستەبەرکردنی خولیاکانیدا . لەم پێناوەشدا لە ماوەی (١٠) ساڵی دەوڵەتداری خۆیدا لەیبەر دەرفەتی خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەموو منداڵێک لەسەرانسەری شانشینی یەکگرتوودا بەشێوەیەکی زۆر لەبار ڕەخساندووە.

لەسەردەستی لەیبەر بۆ یەکەمین جار لەمێژووی بریتانیادا (باخچەکانی ساوایان) بۆ مناڵانی تەمەن (٣- ٤) بەخۆڕایی بۆ هەموو خیزانێکی بریتانی خرایە سەرپشت بەمەبەستی دەستپێکردنی قۆناغی خوێندنی باخچەی ساوایان کەبەڕاستی ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە ئامادەکردنی قوتابیان بۆ خوێندنی سەرەتایی، بەمەش هەم توانای قوتابیان لە قۆناغەکانی سەرەتاییدا زۆر پێهەڵچووە، هەم ئەو خوێندنە زۆر هاوکار بووە لە ڕەخساندنی ئاسانکاریەکانی بەردەم مامۆستایانی قوتابخانە سەرەتاییەکان. چونکە منداڵان لە تەمەنێکی زووتر ئاشنا دەبن بەژینگەیەکی نوێ کەقوتابخانەیە و هەمیش یارمەتی منداڵان دەدات کە پەرە بە زمان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بدەن و هەروەکو چۆن ڕادەی متمانە بەخۆبوونیشیان زیاد دەکات کەدواتر ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسایەتیان بەدیاردەکەوێت.

ئیمڕۆ لەسەردەستی لەیبەر ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو رووی لەزیادبوون کردووە، ژمارەی قوتابیان

لەپۆلەکان زۆر کەمکراوەتەوە، بەڕادەیەک، هەموو مامۆستایەک بەئاسانی دەتوانێت پلانی ساڵانەی خۆی بەشێوەیەکی پەروەردەیی باش جێبەجێبکات. هەروەکو چۆن کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لەپۆلەکاندا دەرفەتی نایابی بۆ هەموو قوتابیەکان ڕەخساندووە کە بتوانن بەئاسانی دەرفەتی هاوبەشیکردن و تێگەیشتنیان بەباشی بۆ برەخسێت. هەروەکو چۆن ڕاپۆرتەکانی لیژنەکانی (پشکنینی پەروەردەیی) دەریانخستووە کەلەم (١٠) ساڵەی فەرمانڕەوایی لەیبەردا ئاستی قوتابیان لەبابەتە گرنگ و سەرەکییەکانی (ئینگلیزی و ماتماتیک) بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پێشکەوتووە و سەرەنجامی تاقیکردنەوەی قوتابخانە ناوەندی و خوێندنگا باڵاکان لەتاقیکردنەوەکانی (جی.سی، ئی.ئێس) و کۆلیژەکان لە (ئەی لیڤڵ) بەڕادەیەکی دڵخۆشکەر لەسەر ئاستی نیشتیمانی پیهەڵچووە. ئەوە سەرەڕای زیادکردنی (٣٥٠٠٠) مامۆستا و (١٧٢٠٠) یاریدەدەری مامۆستا و بنیاتنانی زیاتر لە (١١٠٠) خوێندنگای تازە و (١٣٠٠) مەڵبەندی چاودێری و ڕاهێنانی نوێی منداڵان لەسەرانسەری بریتانیادا تەنها لە ساڵی (١٩٩٧)وە. سەبارەت بەو منداڵانەش کەتوانای فێربوونیان بەشێوە کۆمەڵیەکەی نێو پۆل سنوردارە، جائەم سنوردارییە بەهۆی کەمی توانای زیرەکی یان یادەوەری و ڕادەی تەرکیز (کۆنسێترەیشن) یان بەهۆی کەمئەندام بوونیانەوە بێت، ئەوا حکومەتی لەیبەر



پلانی دانانی (مامۆستای تایبەت)یان ڕاگەیاند کە ئێستا زیاتر لە (٦٠٠٠٠٠) قوتابی لەسەرانسەری وڵاتدا سودی لێ وەردەگرن.

سیاسەتی لەیبەر، سیاسەتی بەگەڕخستنی هەموو تواناکان و دەرگا واڵاکردنە لەسەر هەموو بەهرەکان، بەبێ هیچ جۆرەجیاوازیەک، تەنانەت بۆ ئەوانەش کە تەمەنیان گەورەیە و بەهەرشێوەیەک بووبێت نەیانتوانیووە خوێندن تەواو بکەن، یان بڕوانامەی باڵا بەدەستبهێنن. بەپێی ئامارێکی حکومەتی بریتانیا ساڵانە بریتانیا لەگەڵ چین و هیندستان دەرفەتی بۆ زیاتر لە (٤) ملیۆن خوێندکار ڕەخساندووە بۆئەوەی خوێندنی زانکۆی تیادا تەوابکەن و بڕوانامەی بەرزی زانکۆ بەدەست بهێنن. بەمەش لەیبەر توانیویەتی سەردەمی دەوڵەتداری خۆی بەسەردەمی ڕەخساندنی هەل و دەرفەتی یەکسان لە بەردەم هەمواندا بەکردەوە بسەلمێنێ و دەرفەتی خوێندن و ڕاهێنان بۆ هەموان وەکو یەکێک لەئەرکە مۆڕاڵی و سەردەمیەکانی خۆی جێبەجێ بکات. هەربۆیەشە ئەوەی سەرنجی مێژووی نوێی بریتانیا بدات دەبینێت هیچ وەختێک بەقەد ئێستا گەنجان دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی باڵایان بۆ نەڕەخساوە، چونکە لەڕاستیدا بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی پێش حکومەتی لەیبەردا هەرگیز لەچەشنی ئێستا ئەم ڕێژە زۆرەی لاوان نەیانتوانیوە خوێندنی باڵا، یان ڕاهێنانە پسپۆڕیەکان لەخولی ئەکادیمی تایبەتدا تەواو بکەن. سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە

بەرچاوانەش، بەڵام دیسان لەیبەر لەپلانی بەرەو ژوور بردنی بەردەوامی ئەو دەرەنجامانەیەتی. بەپێی ئەو پلانەی کەلەیبەر لەساڵی ( ٢٠٠٧) ئاشکرای کردووە ئامانجی ئەو پارتە و حکومەتەکەی ئەوەیە کەتا ساڵی (٢٠١٥) ڕێژەی ساڵانەی سەرجەم گەنجانی وڵات، ئەوانەی بڕوانامەی زانکۆ و خوێندنی باڵا بەدەست دەهێنن بگاتە ڕێژەی (٩٠% )کۆی گشتی گەنجانی بریتانیا.

لەسەردمی حکومەتی ئێستای لەیبەردا ڕێژەی بەشداری گەنجان له زانکۆکاندا لەبەرزترین ئاست دایە، ئاستی زانستی زانکۆکان بەشێوەیەکی بەرز پێشکەوتوتر بووە، بەشەکانی زانکۆکان زیاتر بوون، بوارەکانی خوێندن تیایاندا بەڕادەیەکی باش گۆڕانی چۆنایەتیان بەسەردا هاتووە، سیاسەتی خوێندنیان مۆدێرنیزەتر بووە، دەسەڵاتی ئەکادیمیست و بەڕێوەبەرەکانیان بەڕادەیەکی ئێجگار زۆر فراوان بووە. لەڕووی کۆمەکی دارایشەوە حکومەتی لەیبەر ساڵانە بڕی (٣٤) ملیۆن پاوەندی بریتانی بۆ کەرتی پەروەردە و خوێندن تەرخانکردووە، ئەمەش دەرفەتی بەردەم گەنجان و گەورەکانیشی لە گەشەپێدانی توانا و بەهرە و دەستڕەنگینیان فراوانتر کردووە و هەلی بەدەستهێنانی پسپۆڕی و بڕوانامەی بەشێوەیەکی فراوان بۆ ڕەخساندوون. کردنەوەی بەشی (داهێنان) و (زانکۆ) و (دەستڕەنگینی) لەنێو پەیکەری پەروەردە و خوێندندا وای کردووە ئەم بەشە ئەرک و پابەندی و



ڕاسپاردەکانی حکومەت لەو کەرتەدا بەباشی بەرەو پێشەوە بەرێت و ڕۆڵی پۆزەتیڤی حکومەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکاندا لەو بوارە گرنگەی نێو ژیانی کۆمەڵگای بریتانیدا زیاتر ئەکتیڤ بکات. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەش بەڵام دیسان ڕێژەی ئەو گەورانەی کە توانای خوێندنەوە و نوسینی شێوە ڕەسمی زمانی ئینگلیزی و زانستی ماتماتیکی (وەزیفی) تەمەنی یازدە ساڵیان نییە ڕێژەیەکی گەورەیە کە زیاتر لە (٥) ملیۆن گەورە دەبن. بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتی ئەو ڕێژە گەورەیەی گەوران کەنەبوونی ئاستی خوێندەوارییەکی باشی نوسین و خوێندنەوە و زانستی ماتماتیکی وەزیفییە، حکومەتی لەیبەر خولی خوێندنی زمانی ئینگلیزی و ماتماتیکی بەخۆڕایی بۆ گەوران کردۆتەوە کە دەتوانن تێیدا بڕوانامەی (لیڤڵی ٢) کەلیڤڵێکی ئەکادیمی بەرزە بەدەستبهێنن و لەو ڕێگەیەشەوە جارێکی دیکە توانا و بەهرە و دەستڕەنگینییان بخەنەوەگەڕ و سودمەندی بەدەستهێنانی بڕوانامە و ڕاهێنانی ئەکادیمی و پرۆفیشناڵی بەرز ببن.

# سیاسەتی لەیبەر
# سەبارەت بەخێزان و خانەنشینی

بێگومان دەرکەوتنی پارتێکی کرێکاری و بانگەشەی بەردەوامی ئەو پارتەش بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ریفۆرمی ریشەیی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و یاسایی لەنێو کۆمەڵگای ژێر هەژمونی کار و سەرمایە و لەوڵاتێکی پیشەسازی و تەکنەلۆجی پشت ئەستور بە فەرهەنگی دەوڵەمەندی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد، بەدەسپێکی گۆڕان و وەرچەرخانێکی گرنگ لە تەواوی ژیانی کۆمەڵگای بریتانی بەگشتی و چینە کەم درامەت و هەژار و مام ناوەندەکان لەوانەش بەتایبەت کرێکاران و فەرمانبەران و خێزانەکانیان، کە زۆرایەتی کۆمەڵگای بریتانیا پێک دەهێنن دادەنرێت.

خەباتی دژواری لەیبەر، بۆ گۆڕینی یاساکان، بەقازانجی زۆربەی خێزانە بریتانیەکان کۆتایی هات، چونکە بەهۆی ئەو کۆششە بێوچانانەی لەیبەر لەخەباتی پارلەمانی و سازدانی مشتومڕە سیاسیی و یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکان لەڕێگای کەناڵە جۆربەجۆرەکانی حکومی و مەدەنی و دامەزراوە جۆربەجۆرەکانی وڵاتدا سەرەنجام (بریتانیای نوێ) لەماوە (١٠) ساڵی فەرمانڕەوایی حکومەتی لەیبەردا هاتە ئاراوە.



لەبریتانیای نوێدا دەرفەتی کارکردن بەشێوەیەکی زۆرباش ڕەخسا، هەڵاوسانی ئابوری بەرێژەیەکی بەرچاو کەم بووەوە، نرخی سوو هاتەخوارەوە، ئایندەخوازی لای هەموان بەتایبەت لای خێزانە هەژارەکان پەیدابوو، کۆمەڵگای بریتانی لەهەردوو ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەشێوەیەکی کتوپڕ گۆڕانی گەورەی ئەرێنیان بەسەردا هات. سەرەڕای هەموو ئەوانەش حکومەت بەوردی چاودێری باروودۆخی ژیان و ڕادەی داهاتی خێزانەکانی دەکرد، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە کۆمەکی دارایی و ئاسانکاری لەژیانی ڕۆژانەدا پێشکەش بە خێزانە کەم دەرامەتەکان و منداڵەکانیان بکەن. بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست و دروستی یاسایی ئەو کۆمەک و هاوکاریانەیان پێ ببەخشێت کە ئەو خێزانانە و منداڵەکانیان لەڕووی یاساییەوە شیاون بۆ ئەوەی ئەو کۆمەک و هاوکاریانەیان پێشکەش بکرێ.

لەیبەر تەنها لە (١٠) ساڵی ڕابردوودا هەنگاوی گەورەی بەقازانجی زۆرایەتی کۆمەڵگا هاویشتووە، داهاتی ساڵانەی خێزانە هەژار و کەم دەرامەتەکانی بەهۆی کۆمەکە داراییەکانی حکومەتەوە بەرز کردۆتەوە، بەنەفێتی منداڵانی زیاد کردووە و حکومەت پلانی زیادکردنی بەردەوامی دیکەشی ئێستا لەبەردەستدایە، بەڕادەیە کە تەنها بۆ ساڵی (٢٠١٠) بەنەفێتی هەر منداڵێک دەگاتە زیاتر لە (١٠٠٠) پاوەندی بریتانی لەساڵێکدا.

حکومەتی لەیبەر بەردەوامە لەسەر باشترکردنی گوزەرانی خێزانە بریتانیەکان، لە ڕێگەی پێدانی هەردوو جۆری کۆمەکی دارایی (بەنەفیتی منداڵ) و (باجی متمانەی منداڵ) بەژمارەیەکی ئێجگار گەورە لەخێزانەکان کە ژمارەیان زیاتر لە (٦) ملیۆن خێزان دەبێت لەسەرانسەری بریتانیادا و دواتر زیادکردنی ڕادەی کەمی بڕی هەفتانەی ئەو پارەیە کە لەساڵی ١٩٩٧ بڕی (١١) پاوەند بوو بۆ هەر منداڵێک لەهەفتەیەکەدا بۆ (٣١) پاوەند لەهەفتەیەکدا بۆ هەرمنداڵێک، بەمەش لانی کەمی ئەو کۆمەکە داراییانە ساڵانە لەبڕی (٥٧٥) پاوەند بۆ بڕی (١٦٠٠) پاوەند بەرزکرایەوە.ئەمە وێڕای دەبڵکردنی بڕی ئەو برە پارەیەی کە بۆ ژنانی دووگیان تەرخان کرابوو لە ماوەی دووگیانیاندا و درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەتی دووگیانی و ڕەخساندنی دەرفەتی کارکردنی گونجاو بۆ دایکان، ئەوانەی چاوێری کۆرپەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن باشترین کاری گونجاو لەوادەی بەجێگەیاندنی بەرپرسیارێتی دایکایەتیدا بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەمەش حکومەتی لەیبەر توانی ئەو ڕێگاو شێوازانە دەستەبەر بکات کەبتوانێت باشترین هاوکاری خێزانەکانی پێ بکات بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن بەشێوەیەکی گونجاو منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و لە هەڕەشەی هەژاری و باری قورسی گوزەرانی ژیان و



بەخێوکردنی منداڵەکانیان و تێکچوونی باڵانسی نێوان کارکردن و بەخێوکردنی منداڵ قوتاریان ببێت.

سەبارەت بە موچەی خانەنشینان و هاوکاری کردنیان، حکومەتی لەیبەر هەنگاوی گرنگی ناوە و بەشێکی بەرچاوی دارایی وڵاتی بۆ باشترکردنی گوزەرانی ئەوان تەرخانکردووە. حکومەتی لەیبەر چەند ڕێگایەکی گونجاوی گرتە بەر بۆ هاوکاریکردنی خانەنشینان وەکو زیادکردنی موچەی بنەڕەتی هەرە هەژارەکان و بڕینەوەی هاوکاری تایبەت بۆیان لە قۆناغی یەکەمدا. تەنها لە (٧) ساڵی ڕابردوودا بڕی داهاتی خانەنشینان بەبڕی (بیست و پێنج لەسەدا) زیادی کردووە، کەئەمەش بەبڕی (دە لەسەدا) زیاترە لەبڕی ئەو داهاتەی کە خۆیان پێشتر، پێش خانەنشینبوونیان پەیدایان کردووە. بەمەش لەیبەر توانیویەتی ژیانی زیاتر لە (٢) ملیۆن خانەنشینی تەواو هەژار و (١) ملیۆن خانەنشینی نەدار لەچنگی هەژاری و نەداری بەیەکجاری دەرباز بکات.

سیاسەتی لەیبەر سەبارەت بەسیستمی خانەنشینی بریتی بووە لە سیستمێکی دادپەروەرانەی لەجێبەجێکردن هاتووی ماوەدرێژی بەردەوام. هەروەکو چۆن لەیبەر گۆڕانی بەسەر یاسای بنەڕەتی خانەنشینیدا هێنا بۆئەوەی ئەم یاسایە ئەو ژن و پیاوانەش بگرێتەوە کەبەبەخێوکردنی منداڵەکانی خۆیان، یان چاودێریکردنی

کردنی منداڵانی خزم و کەسە نزیکەکانیانەوە سەرقاڵ دەبن و دەرفەتی کارکردنیان نامێنێت.بەپێی ئەو یاسایەش ئێستا زیاتر لەنێو ملیۆن ژن ئەوانەی کەتەمەنیان لەنێوان (٤٥) ساڵی بۆ (٥٥) ساڵی دایە، هەمان ئەو ڕێژە بنەڕەتییەی موچەی خانەنشینی وەردەگرن کە خانەنشینان لەتەمەنی خانەنشینی تەواودا وەری دەگرن. جگەلەوەش لەبەر دەرفەتی پاشەکەوتکردنی بۆ مەبەستی خانەنشینی زۆر ئاسان کردووە، چونکە بەپێی یاسای کارکردنی نوێی سەردەمی فەرمانڕەوایی لەبەر حکومەت ڕێگەی داوە بەخاوەن کارەکان کەمافی خانەنشین بوونی کرێکاران و فەرمانبەرەکانیان لەجێگای کارکردنیان بۆ دابین بکەن لەڕێگەی پێدانی برە پارەیەکی مانگانەی دیاری کراو بەحکومەت لەلایەن خاوەن کارەکانیانەوە.

بۆچارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بەردەم پرۆسەی پاشەکەوتی خانەنشینی و هاوکاریکردنی هەردوولایەنی خاوەن کار و کرێکاران و فەرمانبەران دەبێت کەسی لەسەرکار دامەزراو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ناونوس بکرێت لەنێو فۆرمی یاسای نوێی( تێچوونی نزم بۆ پلانی ئەکاونتی تاکەکەسی) بۆ ئەوەی دووبارە پەیوەست بکرێنەوە بە یاسای موچەی بنەڕەتی خانەنشینی بۆ ئاستی داهاتێکی مام ماوەند . بەکورتی حکومەتی بریتانیا ئەمڕۆ بەڕێبەرایەتی لەبەر لەپێشەنگی ئەو حکومەتانەی دنیایە کە کاری



جدی دەکەن و پلانی گونجاو دادەڕێژن بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یاسایی و دادپەروەرانە بەشوێن دەستەبەرکردنی دڵنیایی ئەوەوەبن کە بەساڵاچوان و بەتەمەنان تەواوی ئەو ماف و خزمەتگوزاریانەیان بۆ دابینکراوە کە مافی خۆیانە دوای ساڵانێکی زۆری کارکردن و شەونخونی و ماندوو بوون ئەو ماف و خزمەتگوزاریانەیان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دابین کرابێت.

## خزمەتگوزاری تەندروستی

خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی لەساڵی ١٩٤٨ لەسەردەستی حکومەتی لەبەر وەکو دەزگایەکی گەورەی خزمەتگوزاری نیشتیمانی مۆدێرن و وەکو ئەلتەرناتیڤیش بۆ دەزگا کلاسیکی و کۆنەکەی تەندروستی هاتە ئاراوە، بۆ ئەوەی یەکسانی ڕاستەقینە لەخزمەتگوزاری نیشتیمانی جێگەی سیاسەتی پۆلێنکردن لەپێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان لەسەرانسەری وڵاتدا بگرێتەوە. لەساڵی ٢٠٠٨ دا ئەم دەزگایە ئاهەنگی (٦٠) ساڵەی دامەزراندنی خۆی دەگێڕێت، ئەگەرچی ئەم دەزگایە بۆ بریتانیای دوای دوو جەنگی جیهانی ماڵوێرانکەر دەزگایەکی کاراو و خزمەتگوزار و جێگەی خۆشحاڵی لەڕادەبەدەری هاووڵاتیان بوو و بەیەکێک لەدەسکەوتە گەورە و بەردەوامەکانی لەبەریش ئەژمار دەکرێت، بەڵام دیسان دوای تێپەڕ بوونی (٦٠)

سالّ بەسەر تەمەنیدا بێگومان پێویستی بە گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی هەمەلایەنە و دووبارە داڕشتنەوەی پەیکەری خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردن هەیە. چونکە بێگومان خواستی هاوولاّتیان و داخوازییان بۆ پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری تەندوستی و زانستی مۆدێرن خواستێکی ڕەوایە، هەر بۆیە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا حکومەتی لەیبەر بەگەرمی لەهەوڵی ئەنجامدانی ئەو چاکسازی و گۆڕانکاریانە بووە لە سیستمی بەڕێوەبردن و تەکنیکی خزمەتگوزاری تەندروستی و نۆژەنکردنەوەی کۆی گشتی پەیکەر و پەیوەندی دەزگای خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی بەشێوەیەکی سەردەمانە. بێگومان ئەگەرچی کارکردنی ئەم چەند ساڵەی دوایی ئەو دەزگایەش بۆ هەموو بریتانیەکانی نیشانداوە کە توانیویەتی لەگەڵ گیانی ڕیفۆرمدا هەڵبکات و ئاستی زانستی و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریەکانیشی بە ئەندازەیەک بەرەو پێشەوە بەرێت کە وەلاّمدەرەوەی داخوازییەکانی ئیمڕۆی هاوولاّتیانی بریتانی بێت لەسەرانسەری ولاّتدا.

ئەمڕۆ بریتانیا لەسایەی دەزگای (خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی. ئێن هێچ ئێس) بەیەکێک لەهەرە ولاّتە پێشکەوتوو و پێشەنگە یەکەمەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان دێت لەسەرانسەری دنیادا. هەروەکو چۆن بەولاّتی خزمەتگوزاری نموونەیی و بەدادپەروەرترین ولاّتی دنیا دێت لە پەیڕەو کردنی



سیستمی چاودێریکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاوولاّتیەکانی خۆی لە نێو تەواوی ولاّتانی دنیادا.

لە (١٠) ساڵی ڕابردوودا حکومەتی لەیبەر لەڕێگەی پسپۆڕان و هەڵسوڕێنەرانی پەیوەندیدار بەبواری تەندروستییەوە هەمیشە بەشێوەیەکی بەردەوام بەشوێن وەلاّمی ئەو پرسیارەوە بووە کەئایا میکانیزمی مۆدێرنیزەکردن و ڕیفۆرم توانیویەتی ئەو ئەنجامە نیشتیمانی و تەندروستیانە بپێکێت کە بۆ نۆژەنکردنەوە و کاراکردنی ئەم دەزگا گرنگە گیراوەتە بەر؟ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و پشکنینەکانی لیژنەکانی پشکنین و ڕیفۆرم ئەو ئەنجامەیان داوەتە دەست کە بەردەوام بوونی حکومەت لە پێشکەشکردنی کۆمەکە داراییەکانی و زیادکردنی بودجەی بەردەستی (خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی ) و ئازادکردن و گەڕاندنەوەی تەکسی ساڵانی گشتی بۆی، هۆکاری زۆر ئەرێنی ئەو پلان و سیاسەت و بەرنامە نیشتیمانیەی حکومەت بوون و، بەڵێ حکومەت توانیویەتی ئەو دەزگایە و میکانیزمی خزمەتگوزاریەکانی ئەو دەزگایە بەگوێرەی خواست و داواکاریەکانی ئەم سەردەمەی هاوولاّتیان مۆدێرنیزە بکات.

ئەم پێگە بەهێزە کە لەیبەر بەدەستی هێناوە لەمەسەلەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی و بنیاتنانی سیستمێکی یەکسانیخواز و دادپەروەر بێگومان هەموو سەرەنجام و دەسکەوتی

ئەو ڕیفۆرمە زیندوانە بوون کەسەرەنجام وای کرد خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی زۆر پەیوەندیدار و کاریگەر پێشکەش بەنەخۆشەکان بکرێن، ماوەی چاوەڕێکردنی نەخۆشەکان لەلیستەکانی چاوەڕێکردندا دوو بەرامبەر کەم کرایەوە، چونکە ماوەی چاوەڕێکردنی نەخۆشەکان لە (١٨) مانگەوە بۆ (٦) مانگ کەم کرایەوە و هەوڵەکانیش بەردەوامە بۆ کەمکردنەوەی ماوەی چاوەڕێکردن و بەپێی دوا پلانی حکومەتی لەیبەر دەبێت ماوەی چاوەڕێ کردنی نەخۆشەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانە کەمەترسیدارنین و، بەڵام پێویستییان بە نەشتەرگەری هەیە بۆ چارەسەر کردنیان هەتا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٨) دەبێت لەماوەی چاوەڕێکردنی (٦) مانگەوە کەم بکرێتەوە تەنها بۆ (١٨) هەفتەی چاوەڕێکردن لەوساتەوە کەنەخۆشەکان لەلایەن (جی.پی) دکتۆری خێزانیانەوە ڕەوانە دەکرێن.

لەسەردەمی لەیبەردا چارەسەرکردنی (منداڵان، دایکان و ژنانی دووگیان، بەساڵاچوان، کەم ئەندامان، بێکاران، هەژاران ئەوانەی داهاتیان کەمەو بەشی خەرجییەکانی تەندروستی ناکات، پەنابەران و خێزانەکانیان، ئەو دایک و باوکانەی چاودێری منداڵەکانیان دەکەن و ناتوانن وەکو پێویست کاربکەن، ئەوانەی چاودێری نەخۆشەکان دەکەن، جائەو نەخۆشانە کەس و کار و خزمی نزیکیان بن یان هاوڕێ، جەنگاوەرە دێرینەکان، خانەنشینان،



خوێندکارانی نێوخۆی وڵات) ئەوانە هەموو مافی هەبوونی دکتۆری خێزانی یان تاکەکەسی تایبەت و دابینکردنی دەرمان و چارەسەرکردنی بەخۆڕاییان هەیە، هەروەکو چۆن مافی هەبوونی دکتۆری ددان و چارەسەر و دەرمانی پەیوەست بەنەخۆشییەکانی ددان و پشکنینی چاو و دابینکردنی چاویلکەیان بەخۆڕایی هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی کەلەهەموو گەڕەکێک یان ناوچەیەکی بچوکی دانیشتواندا بنکەی تەندروستی و دانساز و چاویلکەساز و دەرمانخانە هەیە کەدەوامی کارکردنیان لە کاتژمێر (٩ بۆ ٥) ی پاشنیوەڕۆیە و بۆ حاڵەتی کتوپڕ و ئەمێرجنسیەکانیش بێگومان نەخۆشخانەکان و بەشی ئەمێرجنسی ئەو نەخۆشخانانە و تیمەکانی فریاگوزاری و ئەمبوڵانس بەبەردەوامی ئامادەن بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستتەکان و چارەسەر کردنی نەخۆشەکان و بەپیروەچونی هاووڵاتیان.

ئێستا پلانی لەیبەر ئەوەیە خزمەتگوزاری تەندروستی نیشتیمانی تەنها دەزگایەک نەبێت بۆ چارەکردنی نەخۆشەکان، بەڵکو دەزگایەکیش بێت بۆ ئەوەی یارمەتی هاووڵاتیان بدات، تابتوانن لەهەڵبژاردنی ژیانێکی ساغلەمدا هوشیاری تەواویان هەبێت. پلانی لەیبەر لەئێستادا پلانێکە، کە هانی هاووڵاتیان دەدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سروشتی لەبەکارهێنانی دەرمان و کاریگەریە لاوەکییەکانی دەرمان خۆیان بپارێزن و بەشێوەیەکی

ڕێکوپێکی بەردەوام پەنا بۆ ڕاهێنان و وەرزش و جۆری خواردنی تەندروست ببەن و دووربکەونەوە لەهەڕەشەکانی مادده سەرخۆشکەرەکان (ئەلکەحول) و جگەرەکێشان و مادە بێهۆشکەرەکان.لەم پێناوەشدا بەهاوکاری سەدان ڕێکخراوی جۆربەجۆری پەیوەندیدار بە لایەنی تەندروستی و ساغلەمی و میدیاکان، حکومەتی لەیبەر بودجەیەکی گەورەی تەرخان کردووە بۆ مەبەستی سەرخستنی پلانەکەی و هوشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بەئومێدی ئەوەی کەدواجار ئەو پلانە بتوانێت هاووڵاتیەکی ساغلەمتر پی بگەیەنێ و بڕی تێچونی زەبەلاحی ئێستای بواری کەرتی ساغڵەمی وڵات کە لەڕێگەی (ئێن.هێچ.ئێس)ەوە بۆئەم مەبەستە سەرف دەکرێت کەم بکرێتەوە.



## نوێکردنەوەی دیموکراسی



ئامانجی لەیبەر لە ئێستادا بریتییە لە سیاسەتی نوێکردنەوەی دیموکراسی و دامودەزگاکانی حکومەت. لەیبەر بەشێوەیەکی شێلگیرانە کاردەت بۆئەوەی هانی ئەو هەستی شانازی بەخۆکردنەوە بدات کەلەنێو ڕای گشتی وڵات و کۆمەڵگاکانی وڵاتدا دەرکەوتووە، هەستێک کە لەسەرەنجامی ڕاستەوخۆی بەشداریکردنی خەڵکەوە لەدروستکردنی بڕیارەکاندا، ئەو بڕیارانەی کەپەیوەندنی ڕاسەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بەژیانی ئەوانەوە هەیە هاتۆتە ئاراوە. بێگومان ئەمەش پێویستی بەگواستنەوەی بەشێک لەدەسەڵاتەکانی حکومەت هەبووە بۆ خەڵک، شان بە شانی هاندان و دروست کردنی ئاسانکاری بۆ ئەوەی بتوانن لەکاتی پێویستدا

جەسارەتی قسەکردن و دەستێوەردانیان هەبێت لە سیاسەتی گشتی وڵات و کار و بڕیارەکانی حکومەتدا، کە لێرەدا بێ شک لەیبەر و لەیبەریەکان لەداهێنانی ئەو نەریت و کەڵچەرەدا شانازی پێشەنگ بوونیان بەردەکەوێت.

حاڵی حازر لەیبەر لەسەرەتای ئەنجامدانی پیادەکردنی سیاسەتی ڕیفۆرم دایە لەدەستوری بریتانیادا، بۆئەم مەبەستەش ئێستا لەیبەر لەسەرانسەری وڵاتدا گەورەترین دامودەزگای دامەزراندووە بۆ سەرپەرشتیکردنی بەرنامە ڕیفۆرمیەکەی خۆی لەم بارەیەوە، لەپێناوی گواستنەوەی دەسەڵات لە سەر هەردوو ئاستی نیوخۆیی (هەرێمەکان) و ئاستی (نیشتیمانی). ئەمەش بەمەبەستی ناساندنی مافی دیکەی نوێ و پەرەپێدانی دیموکراسی. لەم پێناوەشدا لەیبەر بەردەوامە لەپابەندکردنی سیاسەتی خۆی بەپرۆسەی مۆدیرنیزەکردنی بەردەوام ئەمەش تەنها بۆ دڵنیابوونی ئەو پارتەیە لەوەی کەحکومەت بەشێوەیەکی ورد چووەتە ژێر باری بەرپرسیارێتی و بەدەنگەوەهاتنی هاووڵاتیان و مافەکانی هاونیشتیمانیانیش بەشێوەیەکی فراوانتر چەسپاون.

لەیبەر بەشێوەیەکی بێوچان هەوڵدەدات کە هانی خەڵک بدات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی چالاکتر بەشداری بکات لەژیانی سیاسیی و بزووتنەوەی مەدەنی لە بریتانیادا، بەتایبەت دوای ئەوەی کە ئامارەکان وانیشان دەدەن کەژمارەی بەشداری خەڵکی



لەهەڵبژاردنە گشتییەکانی وڵاتدا ڕۆژ بەڕۆژ لەدابەزینی بەردەوامدایە و تێگەیشتن و هەستیشیان بەرامبەر بەسیاسەت و پرۆسەی سیاسیی لەوڵاتدا بەئاراستەیەکی ناتەندروست ملی ناوە.

لەیبەر سەرگەرمی بنیاتنانی پلانی چارەسەر کردنی قەیرانی نەمانی ئارەزوو کردنی خەڵکە لەبەشداریکردن لەپرۆسەی سیاسییدا، ئەمەش بەهۆی ڕامالینی ئەو بەربەستانەی کە هاتونەتە بەردەم بەشداریکردنی خەڵک لەسیاسەت و مەیلی ئەوانی بۆ سیاسەت لاواز کردووە.

لەیبەر بۆ گەڕاندنەوەی خەڵک بۆ دەوری سندوقەکانی دەنگدان و دووبارە بەجەماوەرکردنەوەی چارەنوسترین کەرنەڤاڵی دیموکراسی کە ڕۆژی دەنگدانە بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی وڵات، بەدوای ئەو شێوازانەدا سەرقاڵە کەئەم پرۆسەیە بۆ خەڵک زیاتر ئاسان دەکات و چۆنیەتی بەشداریکردنیان بۆ ئاسانتر و هەمەجۆرتر دەکات. بەجۆرێک کە هەموان بتوانن بەکەمترین کات و بەبەکارهێنانی گونجاوترین شێوازی دەنگدان کارەکانیان مەیسەر بکەن و ئەو مافە دیموکراسی و نیشتیمانیە گرنگەیان فەرامۆش نەکەن. هەروەکو چۆن بەکردەوە دەرکەوت کە بۆ نموونە دەنگدان لەڕێگای (پۆست)ەوە تاڕادەیەک ژمارەی دەنگدەرانی پێهەڵا برد و کارێکی ئەرێنی کردهوە بۆ بەخەڵکی کردنەوەی ئەم پرۆسە گرنگە. هەر بۆیەشە بۆیە ئێستا لەیبەر بەدوای دۆزینەوەی شێوازی دیکەی

ئاسانكارییە لەپێناو گەڕاندنەوەی مەیلی هاووڵاتیان لەبەشداری كردنی دەنگداندا.

بۆ زیاتر ڕۆشنكردنی ئەو پلانانەش كەئێستا لەیبەر بەدەستیەوەیەتی بۆ دروستكردنی ئاسانكاری لەشێوازەكانی دەنگداندا، ئەواپێشنیاری كردووە كە لەهەردوو هەڵبژاردنەكانی وڵاتدا (هەڵبژاردن بۆ دەسەڵاتە خۆجێیەكان و شارەوانیەكان) و (هەڵبژاردنی گشتی بۆ پارلەمانی وڵات) ڕۆژانی كۆتایی هەفتە (ویكێند) كەڕۆژانی پشووە و زۆرایەتی هاووڵاتیان لەماڵەوەن و دەستیان بەتاڵە، دەبێت بكرێنە ڕۆژانی دەنگدان، واتە هەڵبژاردن لەهەردوو كاتەكانی هەفتەدا (ویک دەی) و (ویكێند) ئەنجام بدرێت.بێگومان ئەم مەسەلەیەش شان بەشانی لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕێوشوێنە ئیداری و سیكیوریتی و گرنگەكان، لەپێناوی پاراستنی بێگەردی پرۆسەكە و چاودێری كردنی بەڕێوەچوونیشی بەشێوەیەكی ساغڵەمی بێلایەنانەی كراوە و شەفاف كە وەكو نەریتی دیموكراسی بریتانا دەناسرێتەوە.

لەیبەر هەمیشە بەدوای دروستكردنی باشترین پەیوەندی نێوان خۆی و هاووڵاتیانی بریتانیە، لەم پیناوەشدا لەیبەر باوەڕی بەدروست كردنی پەیوەندیەكی تۆكمە و سروشتی و باو هەیە لەگەڵ هەموو هاووڵاتیانی بریتانی لە هەموو هەرێمەكانی وڵاتدا باوەڕی بەدروستكردنی هەمان ئەو پەیوەندییە سروشتیەش هەیە



لەنێو هەموو كەڵچەر و ئەتنیک و ڕەگەزە جۆربەجۆرەكانی وڵاتدا.

بۆ دروستكردنی ئەو پەیوەندیەش لەیبەر بەشێوەیەكی مۆڕاڵی باوەڕی بە پشتیوانیكردن و دروستكردنی ڕوانینی هاوبەش هەیە، ڕوانینێكی هاوبەش لەنێوان ماف و بەرپرسیارێتییە سروشتیەكانی نێوان خۆی و هاووڵاتیاندا، كە بێگومان مەسەلەگەلێكی لەم چەشنەش سەرەنجام یارمەتیدەر دەبێت بۆ بنیاتنانی هەستێكی هاوبەش لە ناسنامەی كۆمەڵایەتی و پابەندی نیشتیمانی و كۆمەڵایەتیدا.

لەیبەر بەشێوەیەكی بەردەوام هەوڵ دەدات بۆ هوشیاركردنەوەی هاووڵاتیان. بۆ بێگانەكانیش ئەوانەی دەخوازن مافی هاووڵاتی بوون لەبریتانیا وەربگرن بەتایبەت ئەوانەی بەپێی یاسای كۆچ و پەنابەرێتی بریتانیا ئەو مافەیان وەرگرتووە، دوای ئەوەی كەتوانیویانە مۆڵەتی مانەوەی (هەمیشەیی) وەربگرن و بەمەرجێک سەرجەم بۆ ماوەی (٥) ساڵ ژیانیان لەبریتانیا بەسەربردبێت و لانی كەم (یەک ساڵ) بەسەر ماوەی وەرگرتنی (مافی مانەوەی هەمیشەیی) شیاندا تێپەڕی كردبێت، پێویستە شارەزایی باشیان سەبارەت بەبریتانیا وەرگرتبێت و ئاستی زمانی ئینگلیزیشیان لە ئاستی قسەكردن و گوێگرتن و خوێندنەوەی (ئینتری سێ) بێت كەئاستێكی سەرووی مامناوەندیە لە زمانی ئینگلیزدا و بۆ سەلماندنی تواناشیان لەم بارەیەوە پێویستە، یان

تاقیکردنەوەی (هاووڵاتی بوون) بکەن کەتاقیکردنەوەیەکی زانیاری گشتییە لەسەر چۆنیەتی ژیان لەبریتانیا کە وەزارەتی نیوخۆ لەم بارەیەوە لەڕێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕیەوە کتێبیکی تایبەتی داناوە بۆ ئەم مەبەستە بەناوی (چۆنیەتی ژیان لەبریتانیا و گەشتێک بەرەو هاووڵاتیبوون) یان دەتوانن لەڕێگای کۆلیژە ناسراوەکانی سەرانسەری بریتانیاوە کۆرسی تایبەتی ساڵانە بۆ خوێندن و وەرگرتنی زانیاری گشتی هەمەچەشنە لەسەر بریتانیا و ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتی بریتانی وەربگرن .

لەڕاستیدا دەکرێت بەکورتی بگوترێت، لەیبەر پارتێکە، بریتی بووە لە دەزگایەکی ڕیفۆرم هەر لەسەرەتاوە هەتا ئیمڕۆ، بەڕادەیەک ڕیفۆرم و لەیبەر دوانەیەکی لەیەکتری جیانەکراوەن و پێدەچێت قەدەری سیاسیی ئەو پارتەش وابێت کە هەمیشە هەوڵبدات وەکو بەشێکی زیندووش لە بزوتنەوەی ڕیفۆرمخوازی بمێنێتەوە، هەرئەوەش نا بەڵکو ئەو پارتە هەوڵدەدات هەمیشە بەرنامە ڕیفۆرمییەکەی خۆی بەرەو پێشەوە بەرێت، بەتایبەت بەرنامەی ڕیفۆرمی دیموکراسی لەپێناوی گەشەپێدانی دیموکراسی لەنێو خودی لەیبەر وەکو پارتێکی سیاسیی یان لە بریتانیادا لەسەر ئاستی نیشتیمانی یان لەسەر ئاستی یەکێتی ئەوروپا و هەموو جیهان. لەم پێناوەشدا حکومەت چەند ستراتیجێکی دیکەی نوێی لەم ماوەیەی ڕابردوودا ڕاگەیاند. ڕاگەیاندنی ئەو ستراتیجە



نوێیانەی حکومەتی لەیبەر بۆ ئەوەبوو تاکو حکومەت وەڵامی ئەو پرسیارە گرنگەی دەسکەوێت کەدەڵێ (حکومەت چۆن پێویستە هێز و دەسەڵاتەکانی خۆی بەبەرپرسیارێتیەوە بەکاربهێنێت و چۆنیش پێویستە ماف و بەرپرسیارێتیەکانی هاووڵاتیانیش ڕەچاو بکات، یان گەشەیان پێ بدات) کەئەمەش لای لەیبەر پێویستی بەکۆمەڵێک پێشنیار و ڕاسپاردە هەیە کە لەیبەر پێویستە بیانگرێتەبەر لە پێناوی گەشەپێدان و نوێکردنەوەی دیموکراسی لەوانەش (سنودارتر کردنی (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) لەدەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانی وڵاتەوە هەتا دەسەڵاتی هەموو بەڕێوەبەرەکانی یەکە ئیدارییەکانی وڵات) و ( ناچارکردنی دەسەڵاتی جێبەجیکردن (حکومەت) و دەسەڵاتی (یاسادانان) پارلەمان بۆ چوونە ژێر بەرپرسیارێتی زیاترەوە) و (ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە (ماڵی لۆردەکان) خانەی سەرەوەی پارلەمانی بریتانیا) و (ئاسانکاری زیاتر لە وادەکانی بینینی خەڵک) و ( پەیڕەوکردنی شەفافیەتی زیاتر لە نێو حکومەت) و (توانای دانانی دەستورێکی نوسراو) و (گەشەپێدانی باوەڕە ڕاگەیەندراوەکانی بریتانیا).

# بەشێک لەمێژووی لەیبەر
# لە زمانی وێنەوە



نێیڵ کینۆک سەرۆکی پێشوتری لەیبەر فرمێسکەکانی دەسڕێت لەکاتی دوا ووتەیدا کە وەکو سەرۆکی (لەیبەر) لەکۆنفرانسی ساڵی (١٩٩٤)پێشکەشی دەکات بەتەنیشت سەرۆکی نوێی لەیبەرەوە تۆنی بلێر. کۆنفرانسەکە لەشاری (بلاکپوڵ) بەڕێوەچوو لە (٥) ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٩٤.






Universal Pictorial Press Photo

لەچەپەوە بۆ ڕاست (جۆن پرێسکۆت) ئەندامی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی پێشوی لەیبەر، ، (کینگستن ) ئەندامی پەرلەمانی لەیبەر، (تۆنی بلێر سەرۆکی پێشوی لەیبەر)، (ڕۆبین کوک) ئەندامی پەرلەمانی لەیبەر. لەکاتی ڕاگەیاندنی مانیفێستی نوێی لەیبەر (لەیبەری نوێ بۆ بریتانیای نوێ) ساڵی ١٩٩٥ .




©2000 Credit:Topham

تۆنی بلێر لەکاتی بانگەشەی (لەیبەری نوێ، بریتانیای نوێ ..
(کار و سەرمایە)        لە ٢٠ ی سێپتەمبەری ساڵی ١٩٩٥ .





©2000 Credit:Topham

لە چەپەوە بۆ ڕاست (نێیلّ کینۆک سەرۆکی پێشووتری لەیبەر)، (شێری بلێر خێزانی تۆنی بلێر سەرۆکی پێشوی لەیبەر)، (گۆردن براون سەرۆکی ئێستای لەیبەر و سەرۆک وەزیرانی بریتانیا) کۆنفرانسی سەرکردایەتی لەیبەر ٢١/٠٧/١٩٩٤.



©2000 Credit:Topham

نیوز کۆنفرانسی لەیبەر لەشاری لەندەن (١٥ ی مەی١٩٩٦ ) کەتیایدا پلانی کارا کردنی ڕۆڵی لاوان (نەوەی شکستخواردوو لەشەڕی بنەبڕکردنی تاوان) لەلایەن لەیبەرەوە ڕاگەیەندرا. تۆنی بلێر سەرۆکی پێشووی لەیبەر بەپەرۆشەوە گوێی بۆ سەرنجەکانی گۆردن براون سەرۆکی ئێستای لەیبەر ڕاگرتووە.





Universal Pictorial Press Photo

تۆنی بلێر و ڕۆبین کوک وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی بلێر کە لەسەر سیاسەتەکانی تۆنی بلێر سەبارەت بە عێراق لە (١٧)ی مارچی ٢٠٠٣ دەستی لەکارکێشایەوە لەکاتی ڕاگەیاندنی سیاسەتی نوێی لەیبەر (سەرەتایەکی نوێ بۆ بریتانیا).
١٩٩٦/٠٦/٢٥



©2000 Credit:Topham

تۆنی بلێر و (بێل کلێنتن) سەرۆکی پێشووی ئەمریکا. لەکاتی سەردانە یەک ڕۆژییەکەی کلێنتن بۆ بریتانیا لەساڵی ١٩٩٧، بەچەند کاتێکی کەم پێش گەڕانەوەی بۆ وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.






ڕاگەیاندنی مانیفێستی نوێی لەیبەر لە ٠٣/٠٤/ ١٩٩٧ . کەتیایدا تۆنی بلێر سەرۆکی پێشووی لەیبەر و جۆن پرێسکۆت جێگری، دەقی مانیفێستەکەیان بەدەستەوەیە کە وێنەی تۆنی بلێر لەبەرگی یەکەمی دراوە.



Credit: TopFoto.co.uk

تۆنی بلێر لەگەڵ زیاتر لە (١٠٠) ئەندام پەرلەمانی سەربە پارتەکەی لە (چێرچ هاوس دین یارد لەندەن) لە (٧) مەی ساڵی ١٩٩٧ .





©2000 Credit:Topham

تۆنی بلێر سەرۆکی لەیبەر و سەرۆک وەزیرانی پێشووی بریتانیا لەگەڵ سیناتۆر (جۆرج میشێل) و ( بێرتی ئەهێرن)ی سەرۆکی کۆماری ئایرلەند، لەکاتی زەردەخەی ڕێکەوتنی ئاشتی ئایرلەندا لە (١٠) ئێپریلی ساڵی ١٩٩٨ لەشاری (ستۆرمۆنت).



تۆنی بلێر و ( بێرتی ئەهێرن)ی سەرۆکی کۆماری ئایرلەندا لەکاتی واژۆ کردنی  ڕێکەوتنامەی گرنگی (ئاشتی ئێرلەندا) کەتیایدا هەردوو وڵات ڕێککەوتن لەسەر چارەسەرکردنی دیموکراسی کێشەی ئێرلەندای باکور، لە (١٠) ئێپریڵی ساڵی ١٩٩٨ لەشاری (ستۆرمۆنت) کەتیایدا بڕیاردرا چارەنوسی ئێرلەندای باکور بدرێتە دەست خەڵکی ئەو هەرێمە سەبارەت بەمانەوەیان وەکو بەشێک لە بریتانیای گەورە یان وەکو هەرێمێکی سەربەخۆ جیابوونەوەی خۆی ڕابگەیەنێت یان ببنەوە بەشێک لەوڵاتی ئایرلەندا.





تۆنی بلێر و خانم ( مۆو مۆوڵەم) وەزیری ناوخۆی هەرێمی ئایرلەندای باکور لە ئێوارەی (پێنج شەممە) لە (تەلاری قەڵای ستۆرمۆرت) لەچاوەڕوانی بەئاکام گەیاندنی گفتوگۆکان سەبارەت مەسەلەی چارەسەری ئاشتیانە و دیموکراسیانەی کێشەی ئەو هەرێمە لە (٩) ئێپریڵی ساڵی ١٩٩٨ .



Credit: TopFoto.co.uk

تۆنی بلێر و (نێڵسن ماندێلا) سەرۆکی نیشتیمانی پێشووی باشوری ئەفریقیا. لەکاتی سەردانی ماندێلا بۆ بریتانیا بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی لەیبەر پارتی لەشاری (برایتن) لە ٢٠٠٠/٩/٢٩ .





Credit:TopFoto/ImageWorks

سەرۆک (جۆرج دەبلیو بوش) ی سەرۆکی ئەمریکا و (تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی پێشووی بریتانیا، ئاخاوتن دەکەن لەسەر دەسپێکردنی کارەکانیان لەخولی یەکەمی (گروپی جی حەوت). سەرانی وڵاتانی دیکەی (جی حەوت) بەدەوری ئەوان و کۆبونەوەکەدا دانیشتوون .دیدارەکە لە (٢٠٠١/٧/٢٠ لە وڵاتی ئیتالیا بوو.



©2001 Credit:Topham

تۆنی بلێر سەردانی کەمپی سەربازی (شائەفا) لەعەمان دەکات لەمیانی گەشتێکی دیبلۆماسی بۆ ناوچەکە. ئەو کەمپە گەورەترین بنکەی سەربازی بریتانیایە لەدوای جەنگی کەنداوەوە کەنزیکەی ٢٠٠٠٠ هەزار سەبازی ژن و پیاوی لەخۆی گرتووە .





سەرۆک وەزیرانی پێسووی بریتانیا (تۆنی بلێر لەناوەڕاست) و سەرۆک جۆرج دەبلیو بوش (لەلای چەپەوە) و سەرۆکی وەزیرانی کۆماری ئێرلەندا ( بێرت ئەهێرن لەلای ڕاستەوە) بەیەکەوە دەڕۆن لە (قەڵای هێڵسبۆرۆ) لەنزیک شاری (بێڵفاست) لە ئایرلەندا لە (٨) ی ئێپڕەیلی (٢٠٠٣). ئەمە سێیەمین دیداری نێوان سەرۆک بۆش و بلێر بوو سەبارەت بەدانانی پلان بۆ کۆتایی هێنان بە سەدامی دیکتاتۆری پێشووی عێراق و ڕژێمەکەی و تاوتوێکردنی دەسەڵاتی عێراق لەدوای نەمانی ئەو ڕژێمە.



تۆنی بلێر چەپڵە بۆ گۆردن براون لێدەدات وەکو نیشانەی پێخۆشحاڵی بەبوونی براون بە سەرۆکی نوێی لەیبەر و سەرۆک وەزیرانی نوێی بریتانیا. لەدوایین کۆنگرەی لەیبەر لەشاری مانچستەر کەلەهۆڵی (بریجۆتەر) لە (٢٤) ی جونی ٢٠٠٧ بەڕێوەچوو.





گۆردن براون سەرۆکی نوێی لەیبەر و خانم (هاریت هارمان) جێگری سەرۆکی لەیبەر دوای هەڵبژاردنیان بۆ سەرۆک و جێگری سەرۆکی لەیبەر لە کۆنفرانسی (٢٤) ی جونی ٢٠٠٧ لەشاری مانچستەری باکوری ئینگلاند. ئەم کۆنفرانسەی لەیبەر لەدوای ساڵی ( ١٩١٧ ) وە ئەوە یەکەمین ڕووداوی گەورەی لەوچەشنەیە کەلەلایە ئەو پارتەوە لەو شارە سازبدرێت. کۆنفرانسی پێشووتری لەیبەر لەشاری (بلاکپوڵ)ی گەشتیاری بەناوبانگی سەر دەریای ئەتلانتیکی هەرێمی ئینگلاند بوو، بڕیاریش وایە کۆنفڕاسی داهاتووی لەیبەر هەر لەشاری مانچستەر ببەسترێت لە (٢١) ی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠٨ .

## سەرچاوەکان

1. The Political System of The European Union, Second edition
Written by: Hix, Simon
Published by: Palagave Mcmeillian. 2005.

2. New Labour
Politices after Thatcherism
Driver, Stephan and Martell, Luke
Published by: The Pollty Press,
UK, 1998.

3. Under The Red Flag. A History of Conmunism in Brittan.
Layboun, Keith, Murphey, Dylan
Published by: phonenixmill Thupp-stround
Gloucestershire .1999.

4. Brittish Political Process. An Introduction.
Edited by, Wright, Tony
First published by Rutledg,



London, 2000.

5. Citizenship
Faulks, Keith
First published by Routledg London, 2000.

6. Brown's Brittan
Peston, Robert
Published by: Short Bookis, 2006.

7. The Blair Decaded
Hernon, Ian
First published politico's publishing an imprint of
Methuen and co ltd 2007.

8. Politics and Govenance in the UK.
Moran, Mchael
First published by Palgrave Macmillan, New Yourk.2005.

9. A History of the House of Lords
Longford, Lord
First published by William Colins sons and Co Litd
1988.

10. The British general Election Of 2001
Butler,David and kavanagh,Dennis
Published by Palgrave Macmillan, New Yourk.2002.

11. The Unfuliled prim Minster
Tony Blair's quest for a legacy
Riddell, peter
Politics publishing an imprint of Methuen Publishing Litd, London, 2006.

12. British Government and Politics
Six Editions,
Punnett, R, M.
Unversity Press, Cambridge,UK, 1994.

13.The Socialist Party of Great Britain
Perrin, David, A.
Published by: Bridge Books,Wales,UK,2000.

14 SDP
The Birth, Life and Death of the Social Democratic Party.
Crewe, Ivor and King, Anthony.



Oxford Unversity Press
Oxford, UK, 1995.

15. The British General Election 1997
Butler,David and kavanagh,Dennis
Published by Palgrave Macmillan, London, 1997.

16. Short History of the Labour Party.
By: Reid, Alastair. J.
Publisher: Palgrave Macmillan
United Kingdom, 1996

17. Modern British History.
By Weight, Richard
Publisher: Vintage
United Kingdom,2004.

18. Election
Smith, John
Methuen Publishing Litd
The Press Association, 2005.

# ویبسایتەکان

- http://www.labour.org.uk
- http://www.unionstogether.org.uk
- http://topfoto.co.uk
- http://www.bbc.co.uk
- http://en.wikipedia.org
- http://www.number10.gov.uk
- http://www.dfes.gov.uk